

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، ژمارە (٤٨)، بەهاری ٢٠٢٥



بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم

٠٧٥٠٩٠٠٢٤٤٥ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین: **پ.ی.د. عادل صدیق عەلی**
بەڕێوەبەری هونەری: **ڕەوشت محەمەد**

ڕاوێژکاری یاسایی: **بەکر حەمەسدیق**

سایتی گۆڤاری خاڵ
www.xallkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار

ناوەرۆک



تەوەری ژمارە:

بابەتی گشتی





تەوەری داهاتوو

بەرەو بنیاتنانی دیدگایەکی خۆماڵی بۆ خوێندنەوەی مێژوو

ئەم تەوەرەی گۆڤاری خاڵ دەچێتە چوارچێوەی هۆشیارییەکی کولتووریی و مەنهەجییەوە، بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی بوارە جیاوازەکان و کایە مەعریفییەکان بەدیدگا و تێڕوانینێکی دیکە جیالەوەی لەسەری ڕاهاتووین. بڕوابوون بەوەی کە هەر گەل و نەتەوە و ناوچەیەکی مرۆیی کولتوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە و جیایدەکاتەوە لەوانی دیکە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە پێویستە ئیدی بەچاوی خۆمان بڕوانین و بە فیکری خۆمان بیربکەینەوە، دەکرێ سوود لە ڕێباز و دیدگای گەلانی تر وەربگرین و بە میتۆدەکانیان تاوتوێی دیاردە و بابەتەکان بکەین، بەڵام ناکرێت قسەی خۆمانمان نەبێت و تایبەتمەندیی کولتووری خۆمان فەرامۆش بکەین. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دیدگا و میتۆدی کوردی و خۆماڵیمان هەبێت و بە چاوی خۆمان بۆ شتەکان بڕوانین، هەربۆیە بە پێویستی دەزانین سەرنجی نووسەران و توێژەران ڕاکێشین بۆ هەنگاونان بەرەو دامەزراندن و گەشەپێدانی دیدگای خۆماڵیانە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژوو بەگشتی و مێژووی نەتەوەکەمان بەتایبەتی، ئەوەش بەنووسین لەسەر ئەم تەوەرانە:


- چۆن سەرلەنوێ مێژووی کورد بخوێنینەوە و بە دیدێکی خۆماڵی شیکاری ڕووداوەکانی بکەین؟
- پێداچوونەوە بە بەرهەمی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان سەبارەت بە کورد .
- ڕانانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بیرمەند و قوتابخانە جیهانییەکان و هەڵهێنجانی دیدی تایبەت بە خۆمان و گونجاو لەگەڵ کولتوورمان.
- گرنگی پێشکەشکردنی تێز و دیدی تایبەت و دامەزراندنی ناوەند و سەنتەری لێکۆڵینەوەی خۆماڵی هەڵقوڵاو لە کولتووری کوردی بۆ بواری مێژووناسی.
- سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی دوور و نزیکی ئێمە چین و تا چەند جێگەی متمانەن؟
- گرنگیدان بە کەلەپووری زانا و کەسایەتییەکانی کورد و بەشدارییان لە ڕەوتی شارستانی ئیسلامیدا.
- هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوو چین؟
- زیانەکانی پشتبەستن بە سەرچاوە بیانییەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان چین؟
- داوا لە نووسەران و شارەزایانی بەڕێزی ئەم بوارە دەکەین، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە هەتا ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٧/١) بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.



ڕۆژئاوای کوردستان
دەرفەت و ئاڵنگارییەکان

ئەوەی تەوەر ئەمجارە لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە ناوەڕۆکی بابەتەکانیەتی، تەوەرەکانی پێشوو هەمەجۆر بوون، بەڵام هیچیان سیاسی نەبوون، کەچی تەوەری ئەم ژمارە چەندە دەستپارێزی لێبکرێت ناتوانرێت لە سیاسەت دووربخرێتەوە، بۆچی ئەوەشمان هەڵبژارد؟ چونکە بە ئەندازەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان دەبێت. ئەمڕۆ زیاد لە هەر وەختێکی دیکە هەمووان چاومان لەسەر ڕۆژئاوای کوردستانە، سەرنجدەدەین بزانین چۆن ڕووبەڕووی ئەو ئاڵەنگارییانە دەبێتەوە کە سەریانهەڵداوە، بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، حکومەتی نوێیی سوریا و زۆر خاڵی دیکەش.

بێگومان ئەم دۆخەی ڕۆژئاوای کوردستان پیایدا تێدەپەڕێت زۆر جیاوازە، چونکە یەکەمجارە ئەو بەشەی کوردستان خۆسەری بەخۆیەوە ببینێت، وەک قەوارەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆیە سەرکەوتن یان شکستی کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی هەیە، لەو ڕووەوە ئێمەش تەوەری ئەم ژمارەیەمان بۆ تەرخانکرد و کۆمەڵێک پرسیارمان وروژاند و خستمانە بەردەم دەستەیەک لە نووسەر و ڕۆشنبیر و مامۆستای بەڕێز، بەو ئومێدەی توانیبێتیان تاوتوێی بابەتەکانیان بەتەواوی کردبێت و وەڵامێکی تێروتەسەلی پرسیارەکانیان دابێتەوە.





د. ئیبراهیم محەمەد عەزیز

لە شەمعون پێریزەوە هەتا ناتانیاهۆ

کورد لە پەراوێزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا



پێشەکی

بابەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکان و لێکەوتەکانی گرنگی تایبەتی هەیە بۆ کۆی نەتەوەکانی ناوچەکە و دەوڵەتە زلهێزەکان، هەرچەندە کورد یەکێکە لە نەتەوە سەرەکییەکانی ناوچەکە، بەڵام بەداخەوە لە ناوەندی گۆڕانکارییەکاندا کاراکتەری سەرەکی نییە و لە پەراوێزی هاوکێشەکاندایە. تەنانەت جۆرێک لە بیر و بۆچوون هەیە کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ کوردیش دەتوانرێت ئارامی و ئاسایشی تێدا بەرقەرار بێت، کە پێموایە ئەم جۆرە مامەڵە و بیرکردنەوانە بە کەم سەیرکردنی پرسی کورد و کاریگەرییەکانیەتی. باسکردن و شیکارکردنی پرسی کورد لە ئێستادا لە دەرەوەی وێنە گەورەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نوێ و بارودۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهانی نوێ ناواقیعییە و سروشتی خۆی وەرناگرێت.

بەهەرحاڵ پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە؛ پرسی کورد لە پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا لە کوێدایە و چۆنە؟

بۆ ئەنجامدانی ئەم بابەتە شیکارییە سەرەتا تیشک دەخەینە سەر پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی شەمعۆن پێرێز، پاشان پرۆژەکانی ئەمریکا و دیدگای بەرپرسەکانیان لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و نوێ، پاشان خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لەلای ناتانیاهۆ وگۆرانکارییەکانی جیهان و ناوچەکە. هاوکات ئەم لیکۆڵینەوەیە دووبارە خوێندنەوەی پرۆژەکانە و بەهەندوەرگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئێستای ناوچەکە و دیدگایی ئێستای ترەمپە لەوبارەوە.

لەم نیوەندەشدا بە گرنگی دەزانین بزانین کورد لەکوێی پرۆژە جیاوازەکاندایە و بارودۆخە نوێیەکە چ کاریگەرییەک لەسەر کورد دروست دەکات و لێکەوتەکانی چۆن دەبینرێت.

یەکەم: پرۆژەی شەمعون پێرێز بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

ئەم پرۆژەیەی شەمعۆن پیرێز دوای ڕێکەوتنی نێوان دەسەڵاتی فەڵەستینی و ئیسرائیل هات کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاویکردەوە بەناونیشانی «خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ»، ئەم پرۆژەیە ڕەنگدانەوەی دیدگای ئەو کاتی ئیسرائیل و خوێندنەوەی تازە بوو بۆ بارودۆخی ناوچەکە لە پاش ڕێکەوتن لەگەڵ فەڵەستینییەکان، بەڵام پێرێز دوو خاڵی سەرەکی بە مەترسی دادەنا بۆ پرۆژەکەی، ئەوانیش:

یەکەم: مەترسی ئیسلامی، کە مەبەست لێی گەشەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بوو لە ناوچەکە.

دووەم: بەردەوامبوونی ناکۆکییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێک لەوانەش بەرهەڵستکاری بێ ئومێدی کوردەکان (ئەو وای نوسیبوو).[1]

ئەو پێیوابوو ئاشتی لە ناوچەکە بەبێ چارەسەری کێشەکان بەدی نایەت و نە عەرەب دەتوانن ئیسرائیل ببەزێنن و نە ئیسرائیلیش دەتوانێت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت، هەربۆیە باشترین شتێک چارەسەری ئاشتییانەیە لە نێوان هەردوو لادا، بەڵام بەپێی پرۆژەی خۆیان.

پێرێز پرۆژەی ئەوە بوو کە دەبێت ڕێکخستنی هەرێمایەتی بگۆڕدرێت بۆئەوەی ئاشتی بەدی بێت، بۆ ئەمەش گۆڕینی مۆدیلی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە. دروستکردنی ناوەندنێکی هەرێمایەتی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا و بازاڕی هاوبەش دەتوانێت ئامانجەکە بەدی بهێنێت. بۆ ئەم پرۆژەیەش چوار بنەما پێویستن (ئارامی سیاسی، گەشەی ئابووری، ئاسایشی نەتەوەیی، بڵاوکردنەوەی دیموکراسی).[2]

ئەڵبەتە ئەم بوارانە پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە لە سێ ڕەگەزی ناکۆکیدا، کە بریتین لە (سنوورێکی نەرمی گۆڕاو نەک نەگۆڕ و چەسپاو، سیستمی سیاسی کۆنفیدراڵی بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە، شێوازی دیموکراسی). ئەم تێڕوانینە لەووەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێویستە جوگرافیای سیاسی ناوچەکە بگۆڕدرێت بەجۆرێک بتوانرێت دەوڵەتان لەو سنورانەی کە بۆیان کێشراوە بگوازرێنەوە بۆ قۆناغێکی نوێی پەیکەری سیاسی کە تیایدا ئیسرائیل و ئەوانی تریش بەیەکەوە بتوانن ئارامی دابین بکەن. ئەو ئامانجی دروستکردنی خێزانێکی هەرێمایەتی بوو کە بازاڕێکی هاوبەشیان هەبێت و ئیسرائیل تیایدا ئارام و سەردارێتی هەبێت و خاڵی بێت لە بزاڤ و مەترسیی ئیسلامی ئوصوڵی. لە بارودۆخێکی وەهادا ئەوان سوودمەندی سەرەکی دەبن و لەچوارچێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان گەڵاڵە دەبوو.

ئەم پرۆژەیەی پێرێز بەهیچ جۆرێک باسی دەوڵەتی کوردی و چارەسەری کێشەی

1شەمعون بیریس, الشرق الاوسط الجدید, الطبعة الثانیة (عمان: دار الجلیل للنشر, ١٩٩٦). ل ٢٣.

٢ بیریس. ل ٦١-٦٢

کوردی نەکردووە بەشێوەیەکی تایبەت، بەڵکو تەنها دەڵێت یەکێک لە گرفتەکانی ناوچەکە کێشەی کوردە و هیچ دیدگایەکی تایبەتی دەرنەبڕیوە لەسەر ئەوەی کە بارودۆخ و پێگەی کورد لەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە نوێیەی کە باسی دەکات چۆنە. هەرچەندە ئەگەر بەگشتی سەیری پرۆژەکە بکەیت زیاتر دەوڵەت وەک یەکەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و باسی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان ناکات لە ناوچەکە، تەنانەت باسی مافی نەتەوەیی و پرسی گەلان ناکات کە کورد بووەتە قوربانی ئەو بابەتە. هەربۆیە ئەگەر بهاتبایە پرۆژەکەی سەرکەوتوو بوایە ئەوا هیچ ئومێدێک بۆ ئەو نائومێدییەی خەباتی کورد کە وەک پێریز باسی دەکات بوونی نەدەبوو، بەواتایەکی تر هەر باش بوو پرۆژەکەی سەرکەوتوو نەبوو ئەگەرنا کێشەی کورد لەو نێوەندەدا دەکرا بە قوربانی پرۆژەسەردارییە ئابوورییە سیاسییەکەی ئیسرائیل.

دووەم: پرۆژەی ئەمریکی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و نوێ

پرۆژەکانی ئەمریکا لە دوای١١ ی سێپتەمبەر و ڕووخانی ڕێژمی سەدام یەکێکی تر بوو لەو هەوڵانەی کە دەویسترا گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامبدرێت و خۆرهەڵاتێکی گەورە یان نوێ بهێنرێتەکایەوە. ئەمریکا لە شوباتی ٢٠٠٤ پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ڕاگەیاند، کە ئامانج لێی دیموکراتیزەکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو.[١] ئەم پرۆژەیە لەکاتێکدا خرایە ڕوو کە سیستمی جیهانی تاک جەمسەری ئەمریکا لە ئەوپەڕی بەهێزیدا بوو بەجۆرێک دەوڵەتە زلهێزەکانی تر نەیاندەتوانی بەرهەڵستی جۆرج دەبلیو بۆش بکەن، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتمبەری ٢٠٠١. کەواتە ئەمریکا لەوکاتەدا باش دەیزانی کە دەوڵەتانی تر ناتوانن ڕێگری لێ بکەن ئەگەر بیەوێت هەرجۆرە گۆڕانکارییەک بکات و چۆنیش بیکات، بەڵام ئەوەی کە ئامانجی پرۆژەکە بوو سێ تەوەری سەرەکی بوو: یەکەم هاندانی دیموکراسی و حوکمڕانی باش. دووم: بیناکردنی کۆمەڵگای زانیاری و سێیەم: فراوانکردنی کایەی ئابوور. [٢]ئەم ئامانجانە جۆرێک لە بەهای لەخۆگرتبوو وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ وئازادیی ! کە لەڕاستیدا هیچ بەرهەمێکی بەرجەستەکراوی نەبوو.

---

١ حسين شريف، ينابيع المعرفة في السياسة الدولية، الجزء السابع، الطبعة الاولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٤، ل٨٠٣.

٢دەقی پرۆژەکە لە (مجلة السياسة الدولية)، ژمارە (١٥٦) لە بەرواری نیسانی ٢٠٠٥، ل٢٩٧- ٣٠١.

بەکورتی پرۆژەکەی ناتانیاهۆ چەند چانسی هەبێت بۆ گۆڕینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هێندەش بەربەست و گرفتی لەبەردەمدایە و پێناچێت هیچ دەرفەتێکیش بسازێنێت بۆ کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا.

ئامانجی ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی ڕوون دووبارە داڕشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هەر سێ بوارە سەرەکییەکەدا بوو ئابووری سیاسی وکۆمەلایەتی، لەگەڵ لایەنی نەخشەسازی سنوورەکان بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی شیوازێکی نوێ و ئیتر لەبری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاستی گەورەی نوێ شوێنی بگرێتەوە. جۆرج دەبلیو بۆش دەیویست پەیکەری جیهانی ئیسلامی و ناوچەکە سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە لەچوارچێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا.[1] ئەم داڕشتنەوەیەش پێویستی بە گۆڕانکاری قوڵ دەبوو بۆئەوەی ببێتە ڕێگایەک بۆ سەرلەنوێ هینانەکایەی بارودۆخێکی نوێ کە لەگەڵ خواست و قۆناغەکەی ئەمریکا و هاوپەیمانە سەرەکییەکەی کە ئیسرائیلە بگونجێت. کۆڵن پاول لە ٢٠٠٣/٥/١١ لەمیانەی سەردانێکی بۆ میسر و ئیسرائیل ڕایگەیاند کە ئەمریکا لە پلانیدایە کە نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا، واتە هەتا ٢٠١٣.[2] ئەمە جۆرێک بوو لە ئاگادارکردنەوە و هەوڵێکیش بوو بۆئەوەی کە هەموو لایەک بزانن ئەمریکا چی دەیەوێت لە ناوچەکە، هەربۆیە لەو ماوەیەی کە کۆڵن پاوڵ دیاریکردبوو گۆڕانکاری زۆر ڕوویدا، لەوانە بەهاری عەرەبی و گۆڕینی هەندێک لە سەرۆکی دەوڵەتە عەرەبییەکان و هاتنی داعش لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤، بەڵام نەک ئامانجەکەی ئەمریکا بەدی نەهات، بەڵکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەهەمان نەخشەی سیاسی

١ د. احمد ثابت، العرب بين الحوار الثقافي والانعزال، الطبعة الأولى، الدار الوطنية، الجديدة، دمشق،٢٠٠٤، ص١٩١.

٢ ابراهيم محمد عزيز، اشكاليه الاصلاح السياسى في الشرق الاوسط، ل٥٥.

مایەوە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەناو هەندێک دەوڵەت بەشێوەیەکی سنووردار گۆڕانکاری هاتەبوون.

بەهەمان شێوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە کۆندالیزا ڕایس لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٢٠ لەژێر دروشمی (الفوضى الخلاقة) ڕایگەیاند کە خۆرهەڵاتی ناوەراستی نوێ بە نارەحەتی لەدایک دەبێت و ڕێگاکەیشی جەنگی نێوان لوبنان و ئیسرائیلە کە لە ٢٠٠٦-٢٠٠٧ دا ڕوویدا. ئەوەی ڕایس ڕایگەیاند چوارچێوەیەکی لەخۆدەگرت کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١. هەڵوەشانەوە و لەناوبردنی بواری سەربازی بزاڤە ئیسلامییە چەکدارەکان لە ناوچەکەدا بەتایبەت حزب الله و حماس.

٢. ڕێگریکردن لە ڕۆڵی هەرێمایەتی سوریا لە لوبنان و عێراق و دابڕینی سوریا لە ئێران

٣. زاڵبوون بەسەر قەیرانی سیاسی و ئاسایشی لە عێراقدا.

٤. دابڕینی ئێران و وەستانەوە دژی بەرنامە ناوەکییەکەیی و دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکی هەرێمایەتی بۆ ڕێگریکردن لە ڕۆڵی هەرێمایەتی ئێران لە ناوچەکە.

٥. هاوبەشی پێکردنی ئیسرائیل لەڕووی ئابووریی و سیاسی لە ناوچەکە و پێدانی ڕۆڵێ سەرکردایەتیکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم خاڵانە بکەیت بەشێوەیەکی گشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لەوچوارچێوەدا دەخولێتەوە و بەرەو ئەو ئاڕاستەیەیە. بۆ بەدیهێنانی ئەم هەنگاوانەش هەموو هەوڵێکی خۆیاندا بۆئەوەی ئیسرائیل لە جەنگی لوبناندا بتوانێت هەنگاوێکی بەرەوپێش بنێت و بەکرداری پلانی گۆڕانکاری بەدی بێت، بەڵام لەوکاتەدا بەدی نەهات.

لەچوارچێوەی گفتوگۆکردن لەسەر ئایندەی ناوچەکە ڕاڵف پیتەرز کە جەنەراڵێکی خانەنشینی ئەمریکی بوو لە ناوەندێکی توێژنەوەدا لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٦ پرۆژەیەکی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەناوی (حدود الدم، كيف سيبدء الشرق الاوسط بحالته الافضل؟)[1] بڵاوکردەوە کە شێوازەکەی نەخشەسازی چوارچێوەیەکی

١ ئەم بابەتە لە گۆڤاری (Armed Forces) ی ئەمریکی لە ژمارەی یونیو ٢٠٠٦دا بڵاوکردەوە. لەژێر ناوی (Blood Borders: How a better Middle East would look). بۆ زیاتر زانیاری لەسەر

نوێ بوو بۆ ناوچەکە و لەوێدا نەخشەی کوردستانی گەورەیشی کێشابوو لەپاڵ دەوڵەتانی تردا لەسەر شێوازێکی نوێ، بەڵام ئەم هەوڵەی پیتەرز هیچ سیفەت و شێویەکی فەرمی نەبوو لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام هاوزەمان بوو لەگەڵ پرۆژەکەی کۆندالیزا ڕایس. بەهەمان شێوە جۆ بایدن لە سێپتەمبەری ٢٠٠٧ پرۆژەیەکی بۆ دابەشکردنی عێراق پێشکەشی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا کرد و بە کۆی ٧٥ دەنگ لە کۆی ١٠٠ دەنگ ڕەزامەندی بەدەستهێنا.

لەو پرۆژەیەی بایدندا عێراق بەسەر سێ هەرمدا دابەشکرابوو، بەغدادیش ناوەند بێت بۆ هەموو لایەک، کورد کە خۆی هەرێمی هەبوو بەهەمان شێوە سوننە و شیعەش دەبوون بە خاوەنی هەرێمی خۆیان. لەنێو ئەو پرۆژانەی کە خراونەتە ڕوو تەنها ئەوەی بایدن پرسی کوردی لەچوارچێوەی عێراقدا لەبەرچاوگرتبوو، بەڵام دژایەتییەکی بەرفراوانی بۆ دروستبوو لە ناوخۆ و لەسەر ئاستی ناوچەکەش، هەرچەندە ئەم پرۆژەیەی بایدن هیچ کارێکی گەورەی بۆ کورد تێدا نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە عێراق پارچە پارچە دەبوو، کە لەوەدا کورد ئەگەری ئەوەی هەبوو قۆناغێک بچێتە پێش بۆ کۆنفیدراڵی یان فیدراڵییەکی بەهێزتر، بەڵام دوای ئەوەی بایدن خۆی بوو بە سەرۆک هیچ هەنگاوێکی لەو جۆرەی نەنا بۆ کورد و عێراق، ئیتر ئەو پرۆژەیەش سەرکەوتوو نەبوو. بەکورتی پرۆژەکانی ئەمریکا فەرمی و نافەرمی نەیانتوانی لە ماوەی ڕابردوودا پرسی کورد ببەنە قۆناغێکی پێشکەوتوو کە ڕەنگدانەوەی خواستی کورد بێت.

سێ یەم: ناتانیاهۆ و پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

لەمیانەی بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و باشووری لوبنان و گەرمبوونی ململانێکانی لەگەڵ ئێران و هاتنی ترەمپ بۆ جاری دووەم بۆ دەسەڵات، ناتانیاهۆ چەندین جار پێداگری لەسەر دەکاتەوە نەخشەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ بنیات دەنێت.[١] دوای ئەوەی بەشار ئەسەد هەرەسی هێنا و ئەمریکا

شێوازی دابەشکاری دەوڵەتەکان بگەڕێرەوە بۆ ئەو بابەتە.

١ ناتانیاهۆ لە چەندین کاتی جیاواز و لە چەندین بۆنەی جۆراوجۆردا ڕایگەیاندووە کە خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ دەهێنێتەکایەوە و نەخشەی ناوچەکەش دەگۆڕێت، ئەمە بووەتە سیما و بانگەشەی

> **بەشێوەیەکی گشتی لە پرۆژە جیاوزەکان بۆ گۆڕینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی کورد و پرسی کورد وەك خـــۆی وەرنـەگــیراوە و نەبووەتـە چەقی ئەو پرۆژانە،**

فشارەکانی بۆ سەر حوسییەکان و ئێران توندتر کردەوە، ناتانیاهۆ زیاتر موکوڕ بووە لەوەی کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دێتەبوون. بەشێوەیەکی فەرمی هیچ پلانێکی نووسراو و دەقێکی ئاشکرا بوونی نییە لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، بڵاویش نەکراوەتەوە کە چۆن نەخشەی سیاسی و جوگرافی ناوچە دەگۆڕێت، بەڵام ئاماژەکان بۆ چەند خاڵێک دەڕوات:

١. لاوازکردنی ئێران و شکستپێهێنانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و لێدانی لە ئەگەری نەگەیشتنە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا.

٢. لەناوبردنی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان لە سەروو هەموویانەوە حەماس و حزب الله و ئەوانی تر کە نەبنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل.

٣. سەرکردایەتیکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنترۆڵکردنی سەربازی ناوچەکە.

٤. ڕێرەوە ئاویی و وشکانییەکان (ڕێگا و ڕێرەوی داود)١ بۆ مەبەستی بازرگانی و بوژانەوەی ئابووری بە سەنتەرکردنی ئیسرائیل.

٥. گۆڕینی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بەجۆرێک کۆنترۆڵکردنی خاکی زیاتر بۆ ئیسرائیل دەستەبەر بکات.

ئەگەر بەوردی لە پرۆژەکەی پێریز و ناتانیاهۆ بکۆڵینەوە دەردەکەوێت جیاوازییەکی بنەڕەتی و قوڵیان نیە تەنها ئەوە نەبێت بارودۆخی جیاوازی نێودەوڵەتی کە ئێستا لەبارە بۆئەوەی ناتانیاهۆ زیاتر بەرجەستەی بکات، ناتانیاهۆ باسی پێکهاتەیەکی هەرێمی ناکات وەک پێریز پلانی هەبوو وەک یەکێتی ئەوروپا بێت، بەڵکو ناتانیاهۆ

ئیسرائیل لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە هەتا ئێستا.

١ ڕێگا و ڕێرەوێکی ستراتیژیی ئاسایشی و ئابووریی ئیسرائیلە، کە درێژدەبێتە بەسەر ئیسرائیل و سوریا و عێراقدا، بەمەش فراوانخوازی ئیسرائیل پەلدەکێشێتە سەر ناوچەکەدا.

دەیەوێت بەزەبری هێز هەموو ناوچەکە ملکەچی سەردارێتی ئەو بن.

ئەوەی کە جێگەی تێبینییە تاوەکو ئێستا ناتانیاهۆ بەهیچ جۆرێک باسی پرسی کورد و مافی کورد و ئایندەی کورد ناکات لەپرۆژەکەیدا بەجۆرێک ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کە پشتگیری پرۆژەیەکی کوردییە جگەلەوەی کە وەک هۆکارێك بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان و لە بەیاننامە تێپەڕیی نەکردووە. هەر لەوبارەیەوە لە ١٨ـی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ یانز پلۆتنەر، گەورە ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئولاف شولتز، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ڕایگەیاند: «جەختمان لەوە کردەوە کە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەبێت لە پاراستنی پێکهاتەکانی سووریا، لەنێویشیان پێکهاتەی کورد کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لەژێر هێرش و هەڕەشەدا بوون.»[١] ئەمانەی ئیسرائیل و ئەوانی تریش لە وتە بەولاوە هیچی زیاد نەکردووە.

سەبارەت بەسەرکردایەتیکردنی ئیسرائیل بە پاڵپشتی ئەمریکا لە قۆناغێکی مەترسیداردایە بەجۆرێک ترەمپ یارمەتیدەری ئەو کارەیە، هەربۆیە لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/٩ لە کۆشکی سپی لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەیسی ئێران ترەمپ ڕایگەیاند ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە کە ئێران نەبێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، ئەگەر هاتوو گفتوگۆکانمان نەگەیشتنە ئەنجام ئەوا لێدانی ئێران پێشنیاز کراوە و ئیسرائیلیش ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبێت.[٢]

ئەوەی دەبینرێت لەکایەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خراپی بارودۆخی دەوڵەتە عەرەبیەکان و ئێرانە لەم قۆناغەدا بەجۆرێک ئیسرائیل هیچ بوارێکی بۆ ئەوانی تر نەهێشتۆتەوە و بەتایبەت کە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەستەوەستانن لە بەرانبەر ئەو کارەساتەی کە لە غەززەدا ئەنجامی دەدات، بەهەمان شێوە ئێرانیش لاوازیی پێوە دیارە بەتایبەت دوای ڕووخانی ئەسەد. بەکورتییەکەی ئەگەر جەنگی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ سەرکەوتنی ئیسرائیل و شکستی دەوڵەتە عەرەبیەکان بووبێت ئەوا ئێستای ناوچەکە بەتەواوەتی لەژێر هەژموونی ئیسرائیلدایە بە ئێرانیشەوە.

هەر لەم میانەیەدا ئیسرائیل لە دوودڵییەکی زۆر خراپدایە بەرانبەر نفوزی

---

١ پێگەی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/١١٠٤٢٠٢٥٢

٢ بی بی سی، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٩.

تورکیا لە سووریا و بۆ ئەمەش وەفدی باڵای هەردوولا لە ٢٠٢٥/٤/٩ لە ئازربایجان کۆبوونەوە بۆ تێگەیشتن و ڕێکەوتن لەسەر نفوزی هەردوولا لە سوریا و ناوچەکە، بەڵام بەبێ هیچ ئەنجامێک و بڕیارێک کۆبوونەوەکەیان کۆتایی پێهێنا. ئەم ناکۆکییەی نێوان هەردوولا گرفت بۆ پرۆژەکەی ناتانیاهۆ سەبارەت بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات، بۆیە بڕیارە کۆبوونەوەکانیان بەردەوام بێت لەسەر ناکۆکییەکانیان لە سوریا و ئایندەی هەردوولا لەو پرۆسەیەدا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ناکۆکی لەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەی کە ئیسرائیل بەنیازە سەرۆکایەتی بکات.

ئەردۆغان ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەسەر سوریا بەتایبەت دوای ئەسەد و لە کۆڕبەندی دیپلۆماسی ئەنتالیای تورکیا لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/١١ ڕایگەیاند کە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر سوریا ناڕەوا و بێ پاساون، ئیسرائیل هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشی سوریا دەدات، لەڕێگەی وروژاندنی دووبەرەکییەکانی ناو وڵاتەکە و لەباربردنی شۆڕشی ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، لەڕێگەی هەڵگیرسانی ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە سوریا، کەمینەکانی وڵات هان دەدەن بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی نوێ. هەروەها ڕایگەیاند کە یەکێتی خاکی سوریا و ئاسایشی سوریا و تورکیا هیچ جیاوازی نییە. ئەمەی ئەردۆغان گرێدانی ئاسایشی نیشتمانی تورکیایە بە سوریا و بەقوڵایی ستراتیجی خۆیانی دەزانن و ئەگەری ئەوەش هەیە ناکۆکییەکانی تورکیا و ئیسرائیل لەسەر ئەو بابەتە درێژە بکێشێت و نەگەنە چارەسەری ڕیشەیی لەسەری، بەڵام ئەمریکا تورکیای لامەبەستە و ترەمپ لە کۆشکی سپی لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/٨ بە ناتانیاهۆی ڕاگەیاند پەیوەندیم زۆرباشە لەگەڵ ئەردۆغان، ئەگەر تۆش گرفتێکت هەیە لەگەڵی بە دانوستان چارەسەری بکە. ئەمە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ئیسرائیل کە تورکیا گرنگە بۆ ئەمریکا و نابێت کێشەکان قوڵ بکرێتەوە. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر کۆبوونەوەی هەردوولا لە ئازربایجان دوای تەنها یەک ڕۆژ لەو وتەیەی ترەمپ.

بەکورتی پرۆژەکەی ناتانیاهۆ چەند چانسی هەبێت بۆ گۆڕینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هێندەش بەربەست و گرفتی لەبەردەمدایە و پێناچێت هیچ دەرفەتێکیش بسازێنێت بۆ کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا.

چوارەم: کورد لە پەراوێزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

پرۆژەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پیرێزەوە تا ناتانیاهۆ و بەتێپەڕبوون بە پرۆژەکانی ئەمریکا پرسی کورد خاڵی سەرەکی نیە تیایاندا و بەشێوەیەکی گشتی پرسی کورد نەبینراوە و حسابی بۆ نەکراوە، کە ئەمانەی دابەشکراون یەک نەتەوەن و پێویستدەکات کیانێکی سیاسی سەربەخۆیان هەبێت. بەڵکو ئەوەی هەیە بە پرۆژەی ئیسرائیلی و ئەمریکییەوە بەچەقکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، پاشان لەبەرچاو گرتنی هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکە بەتایبەت دەوڵەتە خاوەن نەوتییەکان لە پێشەنگییاندا سعودیە. سعودیە بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا گرنگترە تاوەکو کوردی دابەشبوو، هەربۆیە بەهیچ شێوازێک ناتانیاهۆ و ترەمپ ناتوانن لەوە دەرچن کە شتێک بۆ کورد دیاری بکەن دەوڵەتە عەرەبە هاوپەیمانەکانیان دژی بن، کە بێگومانن هەموویان دژی خواستی کوردن.

بۆیە ئەگەر بەگشتی و بە وردیش سەیرێکی پرۆژەکانی ڕابردوو بکەین بۆ گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کاتە جیاوازەکاندا دەبینین پرسی کورد بە لاوازی دەردەکەوێت و خاڵی جددی نەبووە لە پلانەکانیاندا. ئەوەی ڕاستی ئەمەی سەلماند و پشتڕاستی بێ باکی ئەمریکا و ئیسرائیلی کرد بۆ پرسی کورد بریتی بوو لە دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆم کە تیایدا نەک پشتگیر نەبوون، بەڵکو ئەمریکا فشاری خستەسەر کورد و ئیسرائیلیش تەنانەت لێدوانی لە بەرپرسەکانی قەدەغەکرد لەبارەی دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەوە. هەربۆیە کاتێک ئەمریکا سیاسەتی دژایەتی بەرانبەر ویستی کورد لە باشوور جێبەجێکرد ئیدی ئەوەی لە پرۆژەکانی ڕابردوودا بەناوی خۆرهەڵاستی گەورە و نوێ و داڕشتنەوەی نەخشەی جوگرافی ناوچەکە هەمووی وتار و پرۆژەی بێ ناوەڕۆک بوون و بێ بەڵێنی ئەمریکا بوو بەتایبەت ئەوەی جۆبایدنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.[1]

ئەڵبەتە ئەمانە سەلـمێنەری ئەوەن کە پرسی کورد زۆر هەستیارە لە ناوچەکە بەتایبەتی وابەستەی چوار دەوڵەتی ناوچەکەیە و بەپێی سایکس پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ دابەشکراوە و ئەو سنوورە جوگرافیایەی بەسەردا سەپێنراوە کە ئەو کات

---

١ بۆ بێ بەڵێنی و هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر پرسی کورد بڕوانە کتێبی ‹بۆ مێژوو، مسعود بارزانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، تشرینی یەکەم، ٢٠٢٠.

ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی زلهێزەکان بوو، لە ئێستادا سەرەڕای بەرجەستەبوونی بەرژەوەندی زلهێزەکان دەوڵەتانی پەیوەست بەو بابەتەوە بە بەشێک لە ئاسایشی نیشتمان و نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. دەوڵەتانی دەرەکیش ئەمریکا و هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان و ئیسرائیلیش پێیانوایە ئەگەر کێشەی کوردیش چارەسەر نەبێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاشتی و ئاسایش بەرقەرار دەبێت، کە پێموایە ئەوە لێکدانەوەیەکی ناواقیعی و نالۆژیکییە بۆ پرسی کورد بەگشتی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا لیکدانەوەی بۆ بکرێت ئەوەیە پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا ناویسترێت لە دەرەوەی سنووری ئەو چوار دەوڵەتە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەواتایەکی تر کێشە و گرفتی کورد دەویسترێت سنورەکان (عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران) تێنەپەڕێنێت و هەر دەوڵەتە و بەپێی بارودۆخی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات.

ئەوەی ئێستا بەرقەرارە و بوونێکی زاڵی هەیە سیاسەتی ترەمپ و ئیدارەی نوێی ئەمریکایە کە تیایدا ڕیالیستییانە مامەڵە دەکەن و لە ڕیالیستیشدا دەوڵەت وەک یەکەیەکی یەکگرتوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و زۆر قورس دەبێت ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بتوانن ڕۆڵ بگێڕن و بوونیان لەنێو بەرژەوەندەییە جیهانییەکانی سەردەم و سیاسەتی نوێی ئەمریکادا گەڵاڵە بکەن، لەکاتێکدا کە دەوڵەتەکان کاراکتەری سەرەکین و ڕۆڵیان بەهێزترە. ئەمە سەرەڕای نەبوونی بانگەشەکردن و لەبەرچاوگرتن بەهای بەدیموکراتیزەکردن و مافی مرۆڤ و ئازادیی و ... هتد کە لە ڕیالیزمی ترەمپدا ئەمانە جێگایان نییە و نابنە بنەماگەلێک بۆ بەرجەستەکردنی مافی نەتەوەیەکی بێ بەش کراو لە دەوڵەت.

هەربۆیە هەنگاوەکەی دەوڵەت باخچەلی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ و سەردانی وەفدی دەم پارتی بۆ ئیمراڵی و ناردنی پەیامی یەکەمی ئۆجەلان کە لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ بە سرِی سورەیا و پەروین بۆڵداندا بڵاوبوویەوە نیەت پاکی و ئامادەیی خۆی نیشاندا بوو بۆ پرۆسەی ئاشتی و دیموکراسی، هەروەها بە ناڕاستەوخۆ باسی خراپی دەستی دەرەکی کردبوو لە پرسی کورد. ئەم هەنگاوەی ئۆجەلانیش پێناچێت بێ پێشەکی بووبێت، بەڵکو گفتوگۆی پشت پەردە و نهێنی نێوانیان دەکرێت ڕۆڵی هەبووبێت لەو هەنگاوەدا.

من پێموایە نەک تەنها کۆبوونەوەی نهێنی لە ناوخۆی تورکیا، بەڵکو دەگوترێت لە یەکێک لە دەوڵەتە ئەورووپییەکان بە چاودێری ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاش کۆبوونەوە کراوە و فراوانیش بووە. پێشوازیکردن لە پەیامەکەی دووەمی ئۆجەلان لە بەرواری ٢٠٢٥/٢/٢٧ لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوەیەکگرتووەکان و... هتد پێمان دەڵێن ئاگادارین و پشتگیرین!

هەردوو پەیامەکەی ئۆجەلان خوێندنەوەی زۆری بۆ کرا، ئەوەی جێگەی سەرنجی زیاتر بوو ئەوە بوو کە کێشەی کوردی وابەستەی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت کردبوو، کە بەڕوونی نووسیبووی ‹ دەوڵەت-نەتەوە جیاوازەکان، فیدراسیۆنەکان، خۆبەڕێوەبەری ئیداریی، ڕێبازە کەلتورییەکان، بوون بە دەرئەنجامی نەتەوەپەرستییەکی توند، ناتوانن ببنە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵناسی کۆمەڵگای مێژوویی. ڕێزگرتن لە ناسنامەکان، ئازادیی فکر، بە ڕێکخستنبوونی دیموکراسیی، دامەزراندنی کۆمەڵگای-ئابووریی و سیاسیی هەموو پێکهاتەکان، تەنها بە هەبوونی کۆمەڵگا و گۆڕەپانی سیاسی دیموکراتیک بەدی دێت.›[1] واتە دیموکراتیزەکردنی تورکیا بۆ کورد گرنگە و ئەو شێوازانەی تر بەکەڵک نایەن و نابنە خواستی کۆمەڵگا. من پێموایە ئەمەی باسی دەکات ڕەنگدانەوەی قۆناغەکەیە، بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاری لە سیستمی نوێی جیهانی لەلایەن ترەمپەوە، نەک بۆ کوردی باکوور، بەڵکو بۆ پارچەکانی تریش.

ئەگەر بڕیار بێت تورکیا بەهێزبێت لە ناوچەکە دەبێت لە ناوخۆی خۆیدا دەستبکات بە هەنگاوی پرۆسەی ئاشتی، بۆ ئەمەش گرەنتی یەکپارچەیی خاکەکەی خۆی و سوریای وەرگرتووە، ڕوون و ڕاشکاو ئۆجەلان پرۆژە و ئایدیا سنووربەندییەکان ڕەتدەکاتەوە وەک فیدراڵی و خۆسەری و دەوڵەتی نەتەوە کە ئەمانە پێویستیان بە نەخشەسازی جوگرافی هەیە ئەستەمە تورکیا بتوانێت بەهێزبێت بەبوونی بیرۆکەی گۆڕینی سنورە جوگرافیەکان لەلایەن کوردەوە نەک لە تورکیا، بەڵکو لە سوریاش. بەواتایەکی تر بەداخەوە گوتاری کوردستانی گەورە و دەوڵەتی کوردی نابینرێت.

هەوڵەکانی ئاشتی لە تورکیا و کۆبوونەوەی ئەردۆغان لەگەڵ وەفدی ئیمراڵی لە ٢٠٢٥/٤/١٠ ئەرێنی بوو بۆ جێبەجێکردنی بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی

---

١ دەقی پەیامی ئۆجەلان کە لە ٢٠٢٥/٢/٢٧ لەڕێگەی وەفدی ئیمراڵی ناردبووی و ئەحمەد تورک لە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و جەماەردا خوێندییەوە.

ئۆجەلان کە تیایدا هەوڵەکان بەئاڕاستەی بەرەوپێشەوەچوونە لە ئاستێکی ئومێد بەخشدا، بۆیە کوردی باکووریش گەیشتوونەتە قۆناغێک کە کۆمەڵگەی دیموکراسی لەسەر ئاشتی بنیات دەنێرێت و بنەماکەیشی گەڵاڵەکردن و ڕێگەخۆشکردنی ناوخۆیی و گەیشتنە ئەنجامی گفتوگۆکانە. ئەم پەیام و هەنگاوانەی ئێستای ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە نەک جێگەی ڕخنە نەبوو، بەڵکو هەموو پێکهاتەکان و لایەنە جیاوازەکان پێشوازیان لێکرد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکە، بەجۆرێک تەنانەت وازهێنانیش لە خەباتی چەکداری نەبووە ڕێگری لەبەردەم ئەوەی کە پەیامەکەی بە هەندوەرنەگیرێت و پەکەکەیش لە قەندیل پێشوازی لێکرد و ئامادەیی دەربڕی. ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن کە بارودۆخی سیاسی و نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە قۆناغێکدایە ئیتر دەبێت لەچوارچێوەی دەوڵەتە جوگرافییە دیفاکتۆکاندا مامەڵە بکرێت بە ئاشتی و ناکرێت یەک جۆری ئاستی مامەڵەی بەدەستهاتوو بەشەکانی تر لە یەک ئاستدا بێت. هەربۆیە وەک وەفدی ئیمڕالی ڕایانگەیاند هەنگاوەکان ئومێدبەخشن و لە ماوەیەکی نزیکدا بەرهەمی دەبێت!

لەمیانەیەیشدا بۆ ڕۆژئاڤا ڕێکەوتنی واژۆکراوی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی لە بەرواری ٢٠٢٥/٣/١٠[1] کتومت ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سوریا و کاریگەری پەیامەکانی ئۆجەلانی پێوەدەبینرا. ئەوەی کوردانی ڕۆژئاوا لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی سوریا واژوویان کردووە باس لە شێوازێکی دیاریکراوی خودسەری و فیدرالیزم و چی و چی ناکات، بەڵکو لەچوارچێوەی سوریایەکی ‹یەکگرتوو›دا خۆی دەبینێتەوە، بۆ ئەمەش نەک نیازپاکی، بەڵکو ڕاگەیەنراویش هەیە باس لە یەکێتی خاکی سوریا دەکات لەلایەن کورد لە سوریای نوێدا. ئەتوانین بڵێین، کوردی سوریا تاوەکو ئەم ساتەی کە تیایدا ئەم بابەتە دەنووسرێت هیچ پرۆژەیەکی فیدراڵی پێشکەش نەکردووە و بوونی نیە لەلایەن کوردەوە لە سوریا. هەرچەندە لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٦ دوای چەندین هەوڵ و هاوکاری ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، کورد لە ڕۆژئاڤا توانی کۆنگرەی یەکڕیزیی و یەکهەڵوێستی ببەستێت و ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیش

---

١ ئەم ڕێکەوتنە یەکەم دەقی ڕێکەوتنی نووسراوی کوردە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی سوریا کە پاش گفتوگۆی هەردوولا دێت بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی دوولایەنە و بە ئاگاداری ئەمریکا بووە، ڕێکەوتنەکە لە ٨ خاڵی سەرەکی پێکدێت و هەردوولاش ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی لە دیمەشق واژوویان کرد.

بڵاوبکەنەوە، بەڵام دیارنیە کە چەندێک کرادرییە. لەو کۆنگرەیەدا کە بە بەشداری ٤٠٠ ئەندام بەڕێوەچوو توانرا بڕیارێک بدەن کە وەفدێکی هاوبەش بۆ دانووستان لەگەڵ دیمەشق پێکبهێنن، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ پرسی کورد لە ڕۆژئاڤا و جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشییە. لەهەمانکاتدا پێویستە پرۆژەی هاوبەشیش ببێتە هەوێنی ئەو یەکریزیی و یەکهەڵوێستییەی کە باس دەکرێت، بەڵام هێشتا ڕوون نیە ئاخۆ لەو بوارەدا ڕەنگدانەوەی کرداری دەبێت یاخود نا، کە ئومێد دەکرێت بەرەوپێشچوون بێت لە پرسی کورددا. لەلایەکی ترەوە هەوڵەکانی ئەمریکا لە نێوان هەسەدە و ئەحمەد شەرعدا پێدەچێت بیەوێت لەچوارچێوەی سوریادا کورد مامەڵەی سیاسی بکات و پێناچێت سنووربەندی خۆسەری ڕۆژئاڤا بەوشێوازە بەردەوام بێت کە ئێستا هەیە و گۆڕانی بەسەردا دێت.

پێموایە کوردی ڕۆژئاوا باش لە یارییەکە تێگەیشتوون کە لەم قۆناغەدا ئەوان ناتوانن لە دەرەوەی ئەو ئیرادەیەی کە ئەسەدی ڕووخاند یاری بکەن، لەکاتێکدا بەداخەوە کوردی ڕۆژئاوا بەشێک نەبوون لە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و جەنگیان دژی ئەسەد نەبووە و لەماوەی بەڕێوبەری خۆسەریان کە ئەمریکاش لەوێ بوونی سەربازی هەبوو، هەربۆیە کاتێک ئەسەد دەڕووخێت ئەوان باش دەزانن ڕووخانێکی لەناکاوی وا دەکرێت بوونی ئەجێندای دەرەکی ڕۆڵی گەورەی بینیبێت تیایدا بەتایبەت تورکیا کە تاوەکو ئێستاش ئاسایشی سوریایان وابەستەی ئاسایشی تورکیا کردووە و ڕۆڵی تورکیاش بەڕوونی دیارە لە سوریای نوێدا. ئەمە بەدەرلەوەی کە کۆی دەوڵەتانی عەرەبی پشتگیری دەسەڵاتی نوێی سوریان و دەیانەوێت ئارامی بەخۆیەوە ببینێت بەتایبەت سعودیە کە لە ناوچەکەدا ڕۆڵی هەیە. دەوڵەتانی ڕۆژئاواش بەتایبەت ئەورووپیەکان و لەناو ئەوانیشدا فەرەنسا و ئەڵمانیا گرفتێکی گەورەیان لەگەڵ ئەحمەد شەرعدا نییە و لە پەیوەندی بەردەوامدان لەگەڵی و ئامادەیی هاوکاریشیان نیشانداوە.

ئەم بارودۆخە نوێیەی سوریا نیشاندەری ئەوەیە کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ شتێکی گەورەی بۆ کورد پێی نیە جگەلەوەی بوارێک دەڕەخسێت لە ناوخۆی سوریا و دەوڵەتەکەدا ڕۆڵێکی نوێیان پێبدرێت کە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانیدا گونجاو بێت و سوریا بە یەکگرتووی بمێنێتەوە.

هەرچی کوردە لە باشوور لە میانەی ئەم پرۆژە نوێیەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێناچێت پلانێک هەبێت بۆ بەدەستهێنانی زیاتر وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە لە واقیع و دەستووری عێراقیدا.

گومانی تێدا نییە ئەمریکا کاریگەری لەسەر هاوکێشەکان هەیە بەتایبەت لە عێراق و ناوچەکە و ترەمپیش هاوپەیمانی هەیە و کوردیش لەبەرەی ئەمریکادایە و ئیسرائیلیش بە پاڵپشتی ئەمریکا فشارەکان زیاتر دەکات، بەڵام ئیسرائیل لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا کۆک نیە لە ناوچەکەدا بەتایبەت تورکیا. ئەمە بۆ کورد پێدەچێت باش نەبێت بە جۆرێک ئەمریکا سەیری بەهێزەکان دەکات و کوردیش لە باشوور ئەو کاراکتەرە بەهێزە نیە بتوانێت شوێن هاوپەیمانە بەهێزەکانی ئەمریکا پڕبکاتەوە. ئەمریکایەک دەستبەرداری بەشێک لە بەرپرسیارێتی خۆی ببێت لەگەڵ هاوپەیمانە دێرینە ئەورووپیەکانی و ڕەچاوی بارودۆخیان نەکات و جەنگی ئابووریشیان لەگەڵدا ڕابگەیەنێت ئەبێت کورد چاوەڕێی چی بکات؟ هەرچەندە مارکۆ ڕۆبیۆ و بەرپرسانی تری ئیدارەی نوێ پەیوەندیان هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێم، بەڵام پەیوەندییەکان لە دەرەوەی چوارچێوە دەستوورییەکان نیە و زیاتر باس و خواسی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمە لەڕێگای تورکیاوە، ئەمەش بابەتێک نیە جگە لە بەدەستهێنانی سوودی ئابووری بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. هێشتا ئیدارەی نوێی ترەمپ هیچ گووتار و پلانێکی نیە بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە عێراقدا ئەمە جگە لەوەی ئیسرائیلیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا پرسی کوردی لەبەرچاو نەگرتووە، بگرە دوور نیە بە زیانیش بشکێتەوە بەسەریدا.

کێشەی کورد وادەردەکەوێت لە سنوورە جوگرافییە سەپێنراوەکەی سایکس ـ پیکۆ دەرنەچێت و پلانەکەش بۆ دوو دەیەی داهاتوو کەمتر نییە. لە بەرواری ٢٠٢٥/٢/٢٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی هەولێر ڕایگەیاند؛ بەڵێ پەیوەندیمان باشە لەگەڵ سەرۆک ماکرۆن و ترەمپ، بەڵام بڕیارەکانی هەرێم لەچوارچێوەی عێراقدا دەبێت و سیاسەتی هەرێم بەشێک دەبێت لە سیاسەتی عێراق، خۆ ئێمە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان نین. ئەمە واتای ئەوەیە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا دەبێت کە پێی دەوترێت عێراق و هەموو لایەکیش دەزانێت کە ئێران لەڕێگەی چوارچێوەی هەماهەنگییەوە تا ئەم ساتە باڵادەستە تیایدا!

پێموایە ئێمەی کورد لە هاوکێشەی ناوچەکەدا بەهێز نین بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەگەر ئەمریکا یان ئیسرائیل بکەوێتە بەردەم هەڵبژاردن لە نێوان کورد و ئەوانی تردا ئەوا زۆر قورسە ئێمە هەڵبژێرن. نەک کورد، بەڵکو هەموو ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا دەکەن ئەبێت وانەیەک لە مامەڵەی ترەمپ لەگەڵ زلنسکی و ناتانیاهۆ لەگەڵ بەرئەنجامی ڕیفراندۆم وەربگرن، کە چۆن بە پارەو پاڵپشتی بێ وێنەی ئەمریکا جەنگی ڕووسیایان پێکرد و پاشان لە کۆشکی سپیش دەریانکرد و ئێستاش فشاری زۆری لێدەکەن بۆ گەیشتنە ڕێکەوتن لە بەرژەوەندی ڕووسیا، هەروەها چۆن ئیسرائیل لە سەرەتادا وایدەردەخست کە پاڵپشتی ڕیفراندۆمە و پاشان پشتی تێکرد. هەرچی ئەمریکاشە لە ڕابردوو بێ بەڵێنی زۆری کردووە بەرانبەر بە کورد و مێژوویەکی لەو بابەتەدا هەیە و نموونەش زۆرن، تەنانەت لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)ی کاک مەسعود لە بەرگی شەشەمدا هاتووە کە نزیکەی ١٥ جار ئەمریکییەکان بێ بەڵێنیان کردووە لە نێوان ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٦، ئەمە ئەو بێ بەڵێنیانەی باس کردووە کە بۆ ڕایگشتی دەشێت باس بکرێت، ئەی دەبێت چەند بێ بەڵێنی و فشاری تری نهێنی کرابێت و بۆ باسکردن نەشێت؟

هەربۆیە کورد لەم گۆڕانکارییانەدا هاوپەیمانێکی بەهێزی ترەمپ نیە و پاڵپشتیکراو نیە بە ناتانیاهۆ، تەنانەت ترەمپ پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ کوردیشدا نیە و زۆر باشیش نامانناسێت بە بەراورد بەجۆ بایدن.

هەرێمی کوردستان دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ پێشهاتە لەناکاوەکانی جیهانی نوێ، تاکە ڕێگەی ئەوەش بەدەمەوەچوونی داواکارییە ڕەواکانی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنێتی پاشان ئاشتەوایی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستان. دەوڵەتانی ئەوروپا بەو بارودۆخەی خۆیانەوە ئامادەکاری دەکەن و داوا لە هاووڵاتیانیش دەکەن کە لە قۆناغی نوێ تێبگەن و جیهان گۆڕاوە (ماکرۆن و کییەستامەر بەنموونە). کوردیش نابێت وابزانێت ئەو گۆڕانکارییانە ناگاتە هەرێم و لێکەوتە و کاریگەریی نابێت، بەڵکو بە ئەگەری زۆرەوە دەگاتە هەرێم و ناوچەکە. لەکاتێکدا دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەبەردەم مەترسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدان ئەوا ئەکتەرە نادەوڵەتی و بێ پاڵپشتەکانی وەک کورد ئەولاتر دەبێت مەترسیان زۆرتر بێت.

هەرچی کوردی ڕۆژهەڵات جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بەشەکانی تر ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی سیستمە سیاسییەکەی ئێران و پێگەی لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەی ئەمریکییەکان فشاری زۆریان هەیە بۆ سەر ئێران، بەڵام پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لە گوتاری ترەمپ و ئەمریکادا بوونی نییە و ئیسرائیلیش کێشەی لەگەڵ نفوزی ئێرانە لە ناوچەکە و بەرنامە ناوەکییەکەی نەک مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ... هتد بە هەمان شێوە لە ئێستادا گرفتی ئەمریکا لەگەڵ ئێران ناوخۆی ئەو وڵاتە و مافی پێکهاتەکان نییە، باشترین بەڵگەش ناڕەزایی ئەم دواییانەی (ژن، ژیان، ئازادی) وای نەکرد لە ئەمریکا هیچ هەڵوێستێک بگرێتەبەر دژی ئێران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدگایەی کە ئەمریکا لێی دەڕوانێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا کە کێشەی سەرەکی بەرنامە ناوەکییەکەی و نفوزی ئێرانە لە کۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەک ناوخۆی ئێران، ئەوەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە بوونی نفوزی بەهێزی ئێران بەمەترسی دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا .

ئەکرێت کوردی ئێرانیش هەوڵی بەناوخۆییکردنی کێشەکانیان بدەن لەگەڵ ئێران و ئێرانیش پرۆژەیەک بۆ گفتوگۆ پێشکەش بکات بۆ کورد لەپێناو بەرجەستەکردنی زیاتری بارودۆخی سیاسی نوێ، کە بگونجێت لەگەڵ سەردەمەکە و ئەو قۆناغەی پێیدا تێپەڕ دەکەین.

سەبارەت بە فشارەکانی سەر ئێران ترەمپ زۆر بەڕوونی دەیەوێت گوشار بۆ سەر ئێران زیاد بکات و ڕۆڵی لە ناوچەکە بباتە دواوە و هەنگاوی سوریا و نەمانی ئەسەد گورزێکی بەهێز بوو بەر ئێران کەوت، ئێرانییەکانیش زۆرباش ئەمە دەزانن کە سەودای ئەمریکا و ڕووسیا هۆکارێکی شکستەکە بوو، بەڵام ئێران دەیەوێت لە کاریگەرییەکانی بۆ سەر پێگەی خۆی بەسەر خۆیدا نەهێنێت و واپیشان نەدا کە بارودۆخی لە مەترسیدایە، بەردەوام هێرشی ڕاگەیاندن بۆ سەر یەکتر سیمایەکی ئەم ململانێیەیە و ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش لە نێوان هەردووولادا لە سەڵتەنەی عومان لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/١٢ بە سەرۆکایەتی عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران و ستیف ویتکۆف نێردەی تایبەتی ترەمپ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەنگاوێکی ئەرێنییە لەم بابەتەدا، بەتایبەتی بۆ دوور خستنەوەی پلان B ئەمریکا بۆ لێدانی ئێران. پاش تەواوبوونی گەڕی یەکەمی دانوستانەکان عێراقچی

گفتوگۆکانی بە ئەرێنی وەسف کرد و ڕایگەیاند دانوستانەکان لە کەشێکی ڕێزگرتنی هاوبەش بەڕێوەچوون و بەردەوامیان دەبێت، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە لە قۆناغی یەکەمدا بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان. ئەمەش هیچ پەیوەندی نییە بە مافی کەمینەکان و نەبوونی ئازادیی و دادگەریی و ... هتد، ئەم دروشمە بێ بەها و بێ ناوەڕۆکانەش نەبوونەتە ڕێگایەک نە ئەمریکا و نەئیسرائیل بیگرنەبەر بۆ دژایەتی ئێران، تەنانەت باسی گۆڕینی ڕژێم و کۆتایی هاتنی سیستمی ئێران هەر لە بەرنامەدا نییە و لەچوارچێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا باس ناکرێت.

کۆتایی و دەرئەنجام

لەڕوانگەی ئەوەی خستمانەڕوو سەبارەت بە پرۆژەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ وادەردەکەوێت شتێکی نوێی بۆ کورد پێنە بێت و پرسی کورد لەچوارچێوەیەکی بێ چارەسەردا بمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورمەودا و دەتوانین لەم چەند خاڵەدا دەرئەنجامەکان بخەینەڕوو:

یەکەم: بەشێوەیەکی گشتی لە پرۆژە جیاوزەکان بۆ گۆڕینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی کورد و پرسی کورد وەک خۆی وەرنەگیراوە و نەبووەتە چەقی ئەو پرۆژانە، بەڵکو ئەوەی بووەتە سەنتەر تیایاندا بەرژەوەندی ئیسرائیل و ئەمریکایە بە پلەی یەکەم.

دووەم: لە هەموو پرۆژەکاندا جگە لە پرۆژەکەی ڕالف پیتەرز کە باسی دەوڵەتی کوردی دەکات و ئەویش سیفەتی فەرمی نیە هیچ بڕگەیەکی پرۆژەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا نییە باسی دەوڵەت بکات بۆ کورد، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کورد و پرسەکەی وەك ئایندەی نەتەوەیەک لای ئەوان گرنگی نییە و لە پەراوێزدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

سێیەم: هیچ ئاسۆیەک نییە بۆ دەوڵەتی کوردی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئەو کاراکتەرانەی کاریگەرییان لە ناوچەکە هەیە دەوڵەتن و دەوڵەت لەپشتن، ناکرێت پێگەی تورکیا یان سعودیە یان تەنانەت ئێران و ئێستای سوریاش لە ناوچەکە

و جیهان بەراورد بکەیت بە کورد و پێگەکەی. ئەگەر باسی نەوت بکرێت نەوتەکەی سعودیە زۆر گرنگترە بۆ ئەمریکا تا هەرێم، ئەگەر باسی پێگەی سیاسی و جیۆسیاسی بکەیت، بەداخەوە تورکیا و سعودیە ئەولاترن بۆ ئیسرائیل تا کورد، هەربۆیە کاتێک گۆڕانکاری دێتەبوون ئەمانە لە پرۆژە نوێیەکەدا حساب بۆ کراوبن نەک شتی تر.

چوارەم: خاڵێکی تر پەیوەستە بە خودی گووتاری کوردییەوە، کە نەتوانێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا پێگە و ئایندەی گەورەی بێت، ئێستای گووتاری کوردی سەرەڕای دابەشبوونێکی قوڵ لە پاشەکشەدایە لەسەر کوردستانی گەورە و خەونی بەدەوڵەتبوون، بەتایبەت دوای پەیامە نووسراوەکەی ئۆجەلان گووتاری کوردی لەچوارچێوەی دیموکراسییەتی ناوخۆییدا خۆی دەبینێتەوە.

پێنجەم: سیستمی جیهانی گۆڕاوە و ڕەنگدانەوەشی لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەداخەوە ئەم گۆڕانکارییە نوێیەی جیهان دەوڵەت وەک کاراکتەری سەرەکی دەتوانێت جوڵەی سیاسی و ئابووریی و پەیوەندییەکانی هەبێت و کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک هەرێمی کوردستان یان ڕۆژئاڤا ناتوانن ببنە دینامیکییەتی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە تێپەڕاندنی سنوورە جوگرافیا سەپێنراوەکان و ئەوانی تریش لە سنورێکی دیاریکراودا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، هەربۆیە گرنگە کورد عەقڵییەتی سیاسی خۆی پەرەپێبدات و بزانێت ئەگەر بەتەواویش یەکگرتووبن هێشتا ناتوانن پێگەیەکی گەورەتر بۆ کورد مسۆگەر بکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا، بەڵکو دەتوانن لێکەوتەکانی ژانی لەدایکبوونی سیستمێکی نوێی هەرێمایەتی و جیهانی لەسەر کورد کەمتر بکەنەوە، چونکە زیاتر بەهێزەکان سوودی لێوەردەگرن و دەیبەنەوە و لاوازەکان بەداخەوە دەبێت مەینەتییەکان هەڵگرن.



د. سامان سەڵاح

تورکیا و هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا

٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، تورکیا، بە یارمەتی هێزە هاوپەیمان و پرۆکسییەکانی لەنێو سوریادا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا بەنێوی (چڵە زەیتوون) هێرشێکی زەمینی دەستپێکرد بۆ داگیرکردنی عەفرین و دوای دوو مانگ، شارەکە بەتەواوی کەوتە ژێر دەستی تورکیا و هێزە پرۆکسییەکانییەوە. هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا بەناوی (کانی ئاشتی)، دەستیگرت بەسەر ناوچەکانی سەرێکانی و گرێ سپیدا، دوای هێرشە داگیرکارییەکانی، تورکیا دەستیکرد بە سەرپەرشتیکردنی پرۆسەیەکی ڕێکخراو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافییای ڕۆژئاوای کوردستان بە نیشتەجێکردنی خێزانی عەرەب و تورکمان لەسەر حسابی کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کوردی شارەکە. دەستگرتن بەسەر ماڵ و خانووی ئەو هاوڵاتییە کوردانەی کە ناوچەکانیان جێهێشتبوو، ڕاگواستنی زۆرەملێی هەندێك لە دانیشتوانی کورد و نیشتەجێکردنی خێزانی عەرەب و تورکمان لە جێگاکانیاندا و بنیادنانی چەندین یەکەی نیشتەجێبوون لە زەوی و زاری دانیشتوانی کوردی ناوچەکەدا بۆ خێزانی هێزە هاوپەیمانەکانی تورکیا، بە هاوکاری چەند وڵاتێکی عەرەبی و چەند دەزگایەکی خێرخوازیی، بەشێك بوون لە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان کە لە خوارەوە بەشێوەیەکی وردتر خراوەتە ڕوو.


سەرەتاکانی تێوەگلانی تورکیا لە ململانێکانی شۆڕشی سوریا

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی سوریا لە ساڵی ٢٠١١، لەبەر هاوسنوربوونی، تورکیا بەشێوەیەکی جددی چاودێری بارودۆخ و بەرەوپێچوونی ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی سوریای دەکرد. هەڵکەوتنی ناوچە کوردییەکانیش لە نێوان تورکیا و سوریادا و دەستگرتنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بەسەر شار و ناوچە کوردییەکاندا، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەوە، دڵەڕاوکێکانی تورکیای لەبارەی بارودۆخی ناوخۆی سوریا زیاتر کرد. ئەگەرچی ساڵی ٢٠١٤ تورکیا بانگهێشتی ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی بۆ تورکیا کرد، بەڵام زۆری نەبرد و لە پەراوێزی تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی دەسەڵاتدار، ئاك پارتی، لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلان، کە لە ناوخۆی تورکیادا نوێنەرایەتی زۆربەری کوردەکانی دەکرد، تورکیا دەستیکرد بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی دووژمنکارانە بەرانبەر کوردانی ڕۆژئاواش.

مەترسییەکانی تورکیا لە بەهێزبوونی کورد لە ڕۆژئاڤا و کۆریدۆری دەریای ناوەڕاست

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، دەستگەیشتنی کورد بە دەرچەیەکی دەریایی بەسەر جیهاندا، یەکێك بوو لە خەونی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەگەرچی ئەم بابەتە لە ئێستادا زەمینەی بەدیهاتنی لە ئەستەمەوە نزیکە، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، هەریەك لە ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا، وەکو توخمێکی سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان تەماشای ڕێڕەوی دەرياييان دەکرد، وەك لەو نەخشەیەدا دیارە کە بە نوێنەرانی ئینگلیز و کۆنگرەی ئاشتی پاریسیانداوە. ئەڵبەتە پەیوەستبوونی جوگرافیای کوردستان بە دەریای ناوەڕاستەوە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە. لە دابەشبوونی مێژووی نوێ و هاوچەرخی مرۆیی کوردستاندا، نزیکترین شوێنێك لە دەریای ناوەڕاستەوە، چیای کرمانجە (عەرەبی: جبل اکراد، تورکی عوسمانی: کورد داغی)، کە هاوسنورە لەگەڵ شاری ئەسکەندەرونە لەسەر دەریای ناوەڕاست. بەڵام ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە کە، بەپێی گێرانەوەی دوو گەڕیدەی ئیتاڵی ئەسکەندەرونە هەتا سەرەتاکانی سەدەی شانزە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون و وەکو بەشێك لە کوردستان ناوبراوە، هەتا ئەو کاتە وردەوردە لەگەڵ بەهێزتربوونی دەوڵەتی عوسمانی

و زیادبوونی شاڵاوی هاتنی هۆزە کۆچەرییە تورکەکاندا، کورد لە ناوچەکەدا بوو بە کەمینە و دەرچەی دەریا بەسەر جوگرافیای کوردستاندا داخرا (Barbaro and Kontarini, 15th and 16th century, 42, p.45).



نەخشەی کوردستان کە پێشکەشی کۆنگرەی پاریس کراوە.

ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ بەهێزبوونی زیاتری کوردانی ڕۆژئاوا، یەکێك لەو بابەتانەی کە وەکو مەترسییەکی وجودی بۆ داهاتووی تورکیا و یەکێتی خاکەکەی هاتە بەرباس دەستڕاگەشتنی کورد بوو بە دەریای ناوەڕاست. ئەم بابەتە بوو بە یەکێك لە مژارە گرنگەکانی هەندێك لە میدیا و ڕۆژنامە ڕاستڕەوەکانی تورکیا و وەکو مەترسییەکی جددی لە بەرانبەر ئاسایشی نیشتمانی تورکیا، دروستکردنی کۆریدۆرێکی دەریایی بۆ دەوڵەتی 'چاوەڕوانکراوی' سەربەخۆی کوردستان و پەیدابوونی جێگرەوەیەکیش بۆ ڕێڕەوی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوك و هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە بۆ ڕێڕەوێکی ئاوی نوێ بەڕووی جیهاندا لێکدەدرایەوە (Acun, 2015, p.8)، هەروەها بڕوانە ڕۆژنامە ڕاستڕەوەکانی وەك، یەنی چاغ، ٩ی تشرینی دووەم ٢٠١١و سەباح، ١٨ی حوزەیران، ٢٠١٥).

یەکێك لە گرنگترین ئەو ڕووداوانەی کە پاڵی بە پارتی دەسەڵاتدارەوە نا هەڵوێستێکی نەیارانەتر بەرانبەر کوردانی سوریا بگرێتەبەر، پەیوەندی بەو گرژیانەوە هەبوو کە لە دوای شکستی ئاکپارتی هات لە بەدەستهێنانی دەنگی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٧ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ و ملنەدانی پارتی دیموکراتی گەلان بۆ چوونەناو کابینەی حکومەتەوە. لەو سەروبەندەدا بوو کە

دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە ئەردۆغان دەستێوەردان لە سوریا دەکات بۆ ڕێگریکردن لە درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی. دوو هەفتە دوای هەڵبژاردنیش سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ڕایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی نادات لە باکووری سوریا (The Economist, 2015). لەڕاستیشدا درووستکردنی دۆخێکی ئەمنی و وێناکردنی بەرەوپێشچوونەکانی کورد لە ڕۆژاڤا، کاری خۆی کرد و ئەردۆغان لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا بەرهەمەکەی چنییەوە.

بە هاری ٢٠١٦ دوای بەهێزبوونی زیاتری کورد لە ڕۆژئاڤا و فراوانبوونی ڕووبەری ژێرە دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات، تورکیا بۆ دەستکەوتنی پشکی خۆی لە غەنیمەتی شەڕی سەربە کۆتایی داعش، بەبیانووی درووستکردنی ناوچەکەیەکی ئارام، لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا بەنێوی قەڵغانی فورات، دەستیگرت بەسەر ناوچەکانی جەرابلوس باب و ئەعزازدا، بەرلەوەی هێزە کوردییەکان بیگرنەوە و کانتۆنی عەفرین ببەستنەوە بە بەشەکانی تری ڕۆژئاڤاوە. لە ئۆپەراسیۆنی درعی فوراتدا، تورکیا ئەوەی نەشاردەوە کە ئامانجیان ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو گرووپی ‘تیرۆرستی’ داعش و هێزەکانی سوریای دیموکراتە، بەڵام لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی تورکیا دوورخستنەوەی زیاتری هێزە کوردییەکان بوو بەرەو ڕۆژهەڵاتی فورات و مەولود چاوشۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە دەبێت یەکینەکانی پاراستنی گەل جەرابلوس و مەنبج چۆڵ بکەن و بچنە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتەوە.

داگیرکردنی عەفرین و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە

ساڵی ٢٠١٧ سەرکەوتنی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا بەسەر داعشدا و بە هێزبوونی پێگەی کاتی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی کورد، سەرنجی نەیارە هەرێمییەکان، بەتایبەتی تورکیای زیاتر بەلای خۆیدا ڕاکێشا. گرنگترین دەرهاویشتەکانی ئەم سەرکەوتنە، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان بوو لە باشوور. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ لێدوانی هەندێك لە بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان لەبارەی هەوڵەکانیانەوە بۆ دەرپەڕاندنی داعش و دروستکردنی کۆریدۆرێك بە هاوکاری ئەمریکا بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، (بۆ نموونە بڕوانە لێدوانی، هەدیە یوسف هاوسەرۆکی پرۆژەی ئەنجومەنی فیدراڵی باکووری سوریا، بۆ ڕۆژنامەی گاردیان و دەنگدانەوەی لە میدیاکانی تورکیادا: (Gaveteduvar, 8 May 2017, Yeniça Gazetesi, 9 May 2017)، کە هەموو ئەم



خەونانە بە شکستی هێزە کوردییەکان و کۆتایی تراجیدی ڕیفراندۆمی کوردستان کۆتاییان هات. ڕیفراندۆمی کوردستان، هەلێکی باش بوو بۆ پڕکردنی ڕایگشتی لە ناوخۆی وڵاتانی نەیاردا دژی کورد و وێناکردنی سەرکەوتنەکانی کورد وەکو مەترسی بۆ ئاسایشی نیشتمانی و زەقکردنەوەی پەیوەندی کورد و ئیسرائیل، بەتایبەتی لە ناوخۆی تورکیادا. شکستی ڕیفراندۆمیش، کاریگەرییەکانی تەنها لەسەر باشووری کوردستان نەبوو، بەڵکو پێگەی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لاواز کرد.

سێ مانگ دوای شکستی ڕیفراندۆم، تورکیا لە ٢٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٨ بە ئەجێندایەکی دژەکوردانەوە (کە لە خوارەوە ڕوونتر دەکرێتەوە) ئۆپەراسیۆنێکی نوێی بەنێوی (چڵە زەیتوون)ەوە بۆ داگیرکردنی عەفرین دەستپێکرد. هاوشێوەی پرۆسەکانی ئەنفال و بۆ پێدانی ڕووپۆشی ئایینی بۆ هەنگاوە سەربازییەکانی تورکیا لە سوریا، وەزارەتی کاروباری ئایینی تورکیا مزگەوتەکانی ڕاسپارد بە خوێندنی سورەتی فەتح و نزاکردن بۆ سەربازەکانیان. ڕۆژێك دوای دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکەش، سەرکۆماری تورکیا، لە وتارێکدا لە بەرانبەر ئەندامانی پارتەکەیدا لە شاری بۆرسا، نیازی ئۆپەراسیۆنەکەی وەکو پلانێك بۆ گۆڕینی دیموگرافیای عەفرین نەشاردەوە. ئەردۆغان ڕایگەیاند کە ئەوان چاویان لەسەر خاکی کەس نییە، بەڵام «عەفرین ڕادەستی خاوەن ڕاستەقینەکانی دەکەین» ئەردۆغان ئەوەشی ڕاگەیاند کە عەفرین لە سەدا ٥٥ عەرەبە و لە سەدا ٣٥ی کوردیش کە بە وتەی ئەو دواتر لەوێ نیشتەجێبوون و نزیکەی لەسەدا ٦-٧ تورکمان هەیە (بنواڕە: https://youtu.be/m_GMBYKuFWY بەردەستبوو لە ٢٠٢٥/٤/١٥). ئەمە لەکاتێکدایە کە هەندێك سەرچاوەی کوردی و نێودەوڵەتی، ڕێژەی کورد لە شارەکەدا بەر لە داگیرکاری تورك، بە ٨٠-٩٠٪ مەزەندە دەکەن (Rojava Information Center, 2023 & Kajjo, 2025).

ئەردۆغان ئەوەشی ڕاگەیاند، کە ئامانجیان ڕادەستکردنی عەفرینە بە خاوەنە ڕاستەقینەکانی و ئەوەشی نەشاردەوە کە نیازی ئەوەیان هەیە (٣٥٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار سووری لە تورکیا هەیە و ئەوان دەیانەوێت بە زووترین کات بیانگەڕێننەوە بۆ خاکی خۆیان. (بنواڕە: https://youtu.be/m_GMBYKuFWY بەردەستبوو لە ٢٠٢٥/٤/١٥) وەکو ئەردۆغانیش، ئاماژەی پێکردبوو، لەگەڵ داگیرکردنی عەفریندا، هەنگاوەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە دەستپێکرد.

هەنگاوەكانی گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین

هێرشی توركیا و گرووپی بەناو سوپای نیشتمانی سوریا بە بۆمبارانی عەفرین دەستپێكرد و ژمارەیەكی زۆر قوربانی بەدوای خۆیدا هێنا. لەگەڵ ڕووداوەكەدا، ڕێكخراوەكانی چاودێری مافەكانی مرۆڤ ئیدانەی ئۆپەراسیۆنەكەیان كرد و چەندین ڕاپۆرت لەبارەی پێشێلكاری دژی هاوڵاتیان و ماڵ و سامانیان و تاڵانكاری شارۆچكە و گوندەكان، دەستگیری هەڕەمەكی، سزادان و پاكتاوی نەژادی تۆمار كرد. گرووپی بەناو سوپای نیشتمانی سوریا، لە ڕێگای تاڵانكردنەوە دانیشتوانی گوند و شارۆچكەكانیان ناچار كرد بە چۆڵكردنی شوێنەكانیان. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، لەكاتی داگیركردنی عەفریندا، تازە هاتووەكان بە چەندین شێوە دەستدرێژیان كردە سەر دانیشتوانی كوردی ڕەسەنی ناوچەكە و درەختەتانیان بڕینەوە و زەوییە كشتوكاڵەكانیان وێرانكردن. (الشرق الاوسط، ٢٥ نيسان ٢٠٢٠)

وەك ‘سەنتەری ئەورووپی بۆ مافە دەستووریی و مرۆییەكان‛ ئاماژەی پێ كردووە، لەگەڵ دەستگرتنیش بەسەر عەفریندا هەموو دامەزراوە كارگێڕییەكانی باكوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا هەڵوەشێنرانەوە و گۆڕدران بۆ پەیكەرێكی كارگێڕی نوێ كە لەلایەن توركیاوە دانرابوو. سەرەڕای بەكارهێنانی دراوی توركییش، خزمەتگوزارییەكانی پۆستە و مامەڵەی پارەدانیش بەسترایەوە بە توركیاوە و یەكەكانی كارگێڕی ناوخۆییش وەكو یەكەی تەندروستی و پەروەردە و فێركردن و دادوەریش خرانە ژێر چاودێری پارێزگای هاتای توركیاوە (ECCHR). لە ڕۆژانی سەرەتای هێرشەكەی توركیادا نزیكەی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار كەس كە زۆرینەیان كورد بوون، عەفرینیان بەرەو تەلڕەفعەت جێهێشت و لە ڕۆژانی داهاتووشدا هەزاران كەسی تر بەرەو ناوچەكانی تر ئاوارە بوون. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ڕوانگەی مافەكانی مرۆڤ، لە مانگەكانی داهاتوودا ژمارەی ئەو كەسانەی كە عەفرینیان جێهێشت گەیشتە ١٣٧ هەزار كەس و تەنها ٥٠-٧٠ هەزار كەس لە شارەكە مانەوە(hrw.org, ٢٠١٨). ئەو دانیشتوانەشی كە دەیانویست بگەڕێنەوە ماڵ و زەوی و زارەكانیان لەلایەن چەكدارەكانەوە داگیركرابوو. وەك سەنتەری ئەورووپی ئاماژەی پێكردووە، ئەشكەنجەدان، توندوتیژی سێكسی و بارودۆخی دەستبەسەركردنی نامرۆڤانە بووبە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانە بۆ ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی كە مابوونەوە. دوای داگیردنی ماڵی كوردان و نیشتەجێبوونی

جەنگاوەرە عەرەب و تورکمانەکان تێیدا، قۆناغێکی نوێ لە گۆڕانی دیموگرافی دەستپێکرد، کە بریتی بوو لە دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی نوێ بۆ عەرەب و تورکمانەکان. دەرەنجامی ئەمەش کوردەکان بوون بە کەمینەیەك لە شارەکەدا.

دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ عەرەب و تورکمانەکان

مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی (کانی ئاشتی) بۆ سەر ناوچەکانی گرێ سپی و سەرێکانی، سەرکۆماری تورکیا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کەناڵی تەرەتەدا، بە ڕوونی ئامانجی وڵاتەکەی بۆ گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای کوردستان ئاشکرا کرد. ئەو بەشێوەیەکی ڕاشکاو لەکاتێکدا کە ئاماژەی بۆ نەخشەی ڕۆژئاوای کوردستان ئەکرد، ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەوان دەیانەوێت شێوە ژیانێکی کۆنترۆڵکراو لەو ناوچە بەرفراوانەدا ئامادە بکەن، بە بۆچوونی ئەو گونجاوترین خەڵکیش بۆ ئەو ناوچانە عەرەبەکانن و ناوچەکە بە کەڵکی کورد نایەت، چونکە بیابانە. ئەمە دانپیادانان و ئاماژەی پیلانێکی جدی تورکیا بوو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە.

ئامانجی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی ‘کانی ئاشتی‘دا دروستکردنی پشتێنێکی سنوری بوو بۆ دابڕاندنی مرۆیی نێوان کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا بە نیشتەجێکردنی ئەو ئاوارە عەرەبانەی کە ڕوویان کردبوویە تورکیا، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتون)دا دوورخستنەوەی هەمیشەیی کورد بوو لە دەریای ناوەڕاست و گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین بەشێوەیەك، کە کورد ببێتە کەمینەیەك لە شارەکەدا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەش، تورکیا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، لە ڕێگای پارێزگاری ویلایەتی هاتایەوە کە هاوسنورە لەگەڵ عەفرین، سەرپەرشتی دروستکردنی چەندین یەکەی نیشتەجێبوونی کردووە بۆ هاوڵاتیانی عەرەب و تورکمان لە شارەکەدا، کە گرنگترین ئەو یەکانە ئەکەونە ناوچەکانی جەندەریس، شیراوا، شەرا، غەزاوییە، کەفەر سەفرە و جەبەل ئەحلام، کە ئەمەی کۆتاییان بەشێکە لە چیای کرمانج و ئەڕوانێت بەسەر شاری عەفریندا و بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ‘سورییەکان لەپێناو ڕاستی و دادپەروەریدا‘ یەکێکە لە گەورەترین یەکەی نیشتەجێبوونی مرۆیی لە جیهاندا. ڕووبەری یەکەی نیشتەجێبوونی جەبەل ئەحلام لە سەدا دووی (٢٪) کۆی ڕووبەری سوریا پێکدەهێنێت، کە لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی پڕدارودەوەنە و گەورەترین ڕووبەری سەوزایی پارێزگای

حەلەبە و بۆ دروستکردنی بینای چیمەنتۆی بەشێکی گەورەی درەختەکان بڕدراون. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ڕێکخراوی (سوریون) دەستیکەوتووە، حەوت گرووپی جیاوازی ناو 'سوپای نیشتمانی' و لە سەروهەمووشیانەوە جەبهەی شامی (الجبهة الشامیة) بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدارن لەم پرۆژەیەدا.

ئەگەرچی یەکێك لە ئامانجەکانی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ نیشتەجێکردنی خێزانی ئەو جەنگاوەرانەیە کە پێشتر ماڵی هاوڵاتیانی کوردی عەفرینیان داگیرکردبوو، تا خانووەکان چۆڵ بکەن و لەو خانووە هەمیشەییانەدا نیشتەجێبن کە بۆیان دروستکراوە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ڕێکخراوی سوریون، ئەو جەنگاوەرانەشی کە یەکەی نیشتەجێبوونی نوێیان وەرگرتووە، دەستیان لە خاوەندارێتی خانووە داگیرکراوەکانیش هەڵنەگرتووە و بەکرێ داویانە بە خەڵکانی تر

تورکیا، بەتایبەت هەزاران کەسی لە خێزانی میلیشیاکانی، گرووپی سوڵتان موراد‌ی تورکمانی لە ناوچەکانی درعی فوراتەوە گواستووەتەوە بۆ ناحییەکانی شەران و بولبول و سەنتەری شاری عەفرین و ئەو ئاوایینەی ئەکەونە ناوچەی پشتێنی سنوورییەوە تاوەکو ببن بە بەربەستێك لە نێوان دوو بەشی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا. هەروەها ساڵی ٢٠١٨ بەشێك لەو جەنگاوەرانەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە پێشتر بەپێی ڕێکەوتننامەی ئاستانە لە نێوان، دەوڵەتی سوریا و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن بە چاودێری تورکیا و ڕووسیا ئەنجامدرابوو، لە غوتەی ڕۆژهەڵاتەوە گواسترانەوە بۆ عەفرین.

سەرەڕای دەستکاریکردنی دابەشبوونی مرۆیی لە عەفریندا، تورکیا لە ساڵی ٢٠١٨ وە دەستیگرتووە بەسەر زەوی و زاری کشتوکاڵی و باخی زەیتوونی کوردەکاندا کە لە ١٨ ملیۆن درەختی زەیتون پێکدێت و تەنها لە ساڵی ٢٠١٩دا بە بەهای سەد ملیۆن دۆلار بەرهەمی زەیتوونی فرۆشتووە. سەرەڕای ئەوەش تورکیا بەشداربووە لە تاڵانکردنی شوێنەوارە دیرینەکان و وەکو هێزی داگیرکەریش بەرپرسیار بووە لە تێکدانی مەزارگەی ئایینی یەزیدی و عەلەوییەکان و کەنیسە مێژووییەکانی شارەکە. سەبارەت بە ناوچە شوێنەوارییەکانیش هەتا ساڵی ٢٠٢٠ لە کۆی ٩٢ ناوچەی شوێنەواری ٤٦ ناوچەیان بە بەکارهێنانی ئامێری قورس و ئەندازەیی وێرانکراون، کە بەشێك بوون لە لیستی شوێنەوارەکانی یونسکۆ.

بەشداری ڕێکخراوە خێرخوازییەکان لە پیلانەکانی تورکیا

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە تورکیا بەکاریهێناوە بۆ پەردەپۆشکردنی پیلانی گۆڕینی دیموگرافی، بەکارهێنانی ڕێکخراوەخێرخوازییەکانە لە پرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و مزگەوت و خوێندنگەدا بۆ ئەو ئاوارە عەرەب و تورکمانانەی کە لە ناوچە کوردییەکاندا نیشتەجێکراون. لەم چوارچێوەیەدا چەندین ڕێخراوی خێرخوازی، تورکی، سعودی، قەتەری، ئەندۆنیسی، کوەتی و فەلەستینی بەشداربوون. یەکێك لەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەی کە زۆرترین ڕۆڵی هەبووە لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی جەنگاوەران و خێزانەکانیان لەنێو یەکەکانی نیشتەجێبوونی جەبەل ئەحلام و عەفرین بەشێوەیەکی گشتی ڕێخراوی بە هاناوەچوونی مرۆیی تورکیە(IHH). هەروەها، ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی تری وەك ' کۆمەڵەی شامی چاکەی مرۆیی' و ' ڕێکخراوەی جیهانی بەدەمەوە چوون- انصر' و چەند ڕێکخراوێکی تری ناوخۆیی سوریش بەشداربوون. ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە، کە پێشکەشکردنی هاوکاری لە لایەن ئەم ڕێکخراوانەوە بەتایبەتی ڕێکخراوەی ئای ئێچ ئێچ پێویستی بە بەدەستهێنانی کارتی مۆڵەتپێدانی ئەنجومەنی ناوچەیی هەیە، کە ئەویش لە دوای ڕەزامەندی والی تورکی دێت.

قەتەر، کە هەر لە سەرەتای هێرشی داگیرکاری تورکیاوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پشتگیری تورکیای کردووە و تەنانەت تاکە وڵات بوو لە 'کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب' سەرکۆنەی هێرشی تورکیای نەکرد، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین بەشداربوونی هەبووە لە پارەدانی ئەو پرۆژە نیشتەجێبوونانەی کە تورکیا سەرپەرشتی کردوون. ٢٤ مایسی ٢٠٢٣ وەزیری ناوخۆی تورکیا، سولەیمان سۆیلۆ، لەکاتی بەسەرکردنەوەی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە جەرابلوس (کە لە لایەن کوردەکانەوە بە کانیا دل ناسراوە)، ڕایگەیاند کە لەگەڵ قەتەر ڕێکەوتوون لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا، دوو سەد و چل هەزار (٢٤٠٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی، دروستبکەن لە نۆ شوێنی جیاوازی جەرابلوس، گرێ سپی ، سەرێکانی، باب و عەفرین ، کە هەموویان ئەکەونە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە. سۆیلو ئەوەی ڕاگەیاند ڕێکەوتنەکە دوای گفتوگۆی نێوان ئەردۆغان، سەرکۆماری تورکیا و شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانی، ئەمیری قەتەر، هاتووەتە ئاراوە و تێچووی تەواوی پرۆژەکە لە لایەن دامەزراوەی پارەدانی قەتەر بۆ گەشەپێدانەوە (QFFD) دابین دەکرێت. بە وتەی سۆیلو ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە کە 'ژیانێکی تازە لێرە سەردەربێنێت'.(Daily Sabah, 25 may, 2023).



سولەیمان سۆیلو، وەزیری ناوخۆی تورکیا، بەسەرکردنەوەی دروستکردنی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە جەرابلوسی ڕۆژئاوای کوردستان (٢٤ مایسی ٢٠٢٣)

بەکارهێنانی ڕێکخراوە مرۆییەکان، یەکێك بووە لە پیلانەکانی تورکیا بۆ پێدانی ڕووپۆشی مرۆڤدۆستانە و بەهاناوەچوونی لێقەوماوان بۆ پرۆژە ستراتیجییەکانی نیشتەجێبوون و گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان. بۆ نموونە لە دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوونی جەبەل ئەحلامدا، لەکاتێکدا ٪٧٠-٧٥ی یەکەکانی نیشتەجێبوون دابینکراوە بۆ تیپە جیاوازەکانی 'سوپای نیشتمانی' ٪٢٥ی یەکەکانی نیشتەجێبوون دابینکراوە بۆ خەڵکی مەدەنی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پارەدان و بەهاناوەچوون(سوریون).

یەکێك لە هەلە زێڕینەکان لە بەردەم تورکیادا بومەلەرزەکەی مانگی شوباتی ٢٠٢٣ بوو. تورکیا توانی بە بیانووی بەهاناوەچوونی لێقەوماوانەوە، سەرنجی ڕێکخراوە عەرەبی و ئیسلامییەکان ڕابکێشێت. تەنانەت بەشداری چڕتری قەتەر دەکەوێتە دوای بومەلەرزەکەوە. بەشداری قەتەر لە پرۆسەکەدا ناڕەزایی بەشێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. دوو حەفتە دوای بومەلەرزەکە، پاش ئەوەی قەتەر بڕیاری دروستکردنی شارۆچکەیەکی نوێی بە ناوی ' شاری کەرامە' لە سەر داروپەردووی شارۆچکەی ڕووخاوی جەندیس دا، ڕێکخراوی ئەڵمانی کۆمەڵەی داکۆکیکردن گەلانی هەڕەشەلێکراو، قەتەری تۆمەتبارکرد بە پشتگیریکردنی پلانی

‘پاکتاوی ڕەگەزی’ لە ناوچە کوردییەکانی عەفرین و دەوروبەری (Gesellschaft für bedrohte Völker-International,21,2,2023).

هەر لەچوارچێوەی کۆکردنەوەی هاوکاری دەرەکی، ڕێکخراوی دەنیز فەنەری خێرخوازی تورکی، کە بەشدارییەکی جددی هەبووە لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی ئاوارە عەرەبەکان لە عەفرین و دەوروبەری، بە پارەدانی ڕێکخراوی ئیسلامی‘وەن ئوممە‘ (One Ummah)، مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ لە شارۆچکەی شەرانی سەر بە عەفرین، پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی تەواوکرد کە لە ١٠٠٠ یەکە پێکهاتبوو، لەژێر ناوی بەهاناوەچوونی زیانبەرکەوتووانی بومەلەرزەکەدا.



بەشێك لە پرۆژەی ١٠٠٠ شوقەیی دەنیز فەنەر و وەن ئومەت (بڕوانە ڤیدیۆی کردنەوەی پرۆژەکە: https://youtu.be/Kb6FO6E-4P0)

وڵاتی سعودییەش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەشداربووە لە خزمەتکردنی پیلانی تورکیا، لە نیشتەجێکردنی ئاوارە عەرەبەکان لە عەفرین، بەتایبەت دوای بومەلەرزەکەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێك لەو گوندانەی کە لەلایەن سعودییەوە دروستکراوە گوندی ‘خوزامی نیشتەجێبوونە’ کە لە دە بەشی نیشتەجێبوون پێکدێت و ١٥٠٠ یەکە لەخۆدەگرێت.



بەشێك لە گوندی خوزامی نیشتەجێبوونی سعودیی لە عەفرین.
(ANF News, 18, 12, 2023)

هەروەها ڕێکخراوی 'دەستەی بەهاناوەچوونی ئیسلامی جیهانی' کە بنکەکەی لە وڵاتی کوەیتە و لەلایەن دەوڵەتی کوەیتەوە پشتگیری ئەکرێت، بەشداربووە لە دروستکردنی دوو گوندی نیشتەجێبوون بە ناوەکانی 'کوەیتی ڕەحمەت' و 'شاری ئەحمەد سەباحی خێرخوازی'. گوندی کوەیتی ڕەحمەت ئەکەوێتە چوارچێوەی شاری نیشتەجێبوونی جەبەل ئەحلام و لە ٢٠٢١ بەشێك لە پرۆژەکە تەواوکرا.



بەشێك لە یەکەکانی نیشتەجێبوونی کوەیت الرحمة (بڕوانە ڤیدیۆی کردنەوەی پرۆڤەکە لە 2021دا: https://youtu.be/yM8pWpJDBIM)

بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان، ژمارەی ئەو یەکانەی کە لە دوای داگیرکاری عەفرینەوە بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان دابینکراوە دەگاتە ٣٥ بۆ ٤٨ یەکەی نیشتەجێبوون و هەتا ئامادەکردنی ئەم نووسینەش پرۆژەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە تورکیا بەردەوامی هەیە و دواین پرۆژەش بریتییە لە دروستکردنی گوندێکی نیشتەجێبوون لە جەبەل تورکمان (ناوێکی نوێ کە تا دروستبوونی شۆڕشی سوریا نەبیسترابوو)، بۆ تورکمانەکان، لەژێر سەرپەشتی وەزارەتی ژینگەی تورکیا. پرۆژەکەش لەلایەن دامەزراوەی تۆکییەوە بۆ بیناسازی و نیشتەجێبوون جێبەجێ دەکرێت(Atherpress, 22/4/2025).

ئەنجامگیری

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە کورتەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە سیاسەتی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان، نموونەیەکی ڕوونی دەستکاریکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە و ئامانجی دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی دانیشتوانە لەو ناوچانەدا کە زۆرترین دانیشتوانەکەی کوردن. تورکیا، لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی وەکو (قەڵغانی فورات، چڵە زەیتون و کانی ئاشتی)یەوە، توانیویەتی بەشێوەی زۆرەملێ و ناچارکردن، دانیشتوانە کوردەکان کۆچ پێ بکات و لە جێیاندا ئاوارە عەرەب و تورکمانەکان نیشتەجێ بکات، بەمەبەستی گۆڕینی ڕیشەیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری ناوچەکە.

سیاسەتی تورکیا تەنها لە گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتواندا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو هەوڵی کاڵکردنەوە و لەناوبردنی سیما کولتووری و شارستانییە کوردییەکان و گۆڕینی ناوی هەندێك لە ناوچەکان بۆ ناوی عەرەبی یان تورکی و سەپاندنی خوێندنی زمانی تورکی و پەرەپێدان بەو دیدگا دژە-کوردەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی تورکی لە سوریاشدا، بەشێکبوون لەو سیاسەتە. لەڕووی ئابووریشەوە، تورکیا سەرەڕای بەتاڵانبردنی بەروبوومی سەدان هەزار درەختی زەیتوون و بەروبوومی کشتوکاڵی ئەو هاوڵاتییە کوردانەی کە ناوچەکانیان جێهێشتووە، لە ڕێی هێزە هاوپەیمانەکانییەوە دەستیگرتووە بەسەر موڵك وماڵیاندا.

ئەم سیاسەتەی تورکیا، بەشێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان، بەپێی چەندین ئاماری نارەسمی و لێدوانی چاودێرانی مرۆیی، ڕێژەی دانیشتووانی کوردی عەفرین بە نموونە، لە ٪٨٠-٩٠ وە دابەزیوە بۆ کەمینەیەك کە تەنها ٪٢٥-٣٠ دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن.

سەرچاوەکان

Barbaros and Kontarini, Travels to Tana and Persia, 15th and 16th centuries, Burt Franklin, Publisher New York.

Gesellschaft für bedrohte Völker-International, Displacement of Kurdish people Qatar is financing Turkish settlement projects in Afrin, (21,2,2023).

BBC Türkçe, Barı Pınarı Harekâtı - Suriye›nin kuzeyindeki demografik yapı son 100 yılda nasıl deiti? Harekât ‹yeni bir Arap Kemeri› projesi mi? (10/11/2019).

Daily Sabah, Türkiye to repatriate Syrians with Qatari-backed housing project,(25/5/2023).

Türkiye Gazetesi, Türkmendaı'na TOK konutları! Ata yadigârı topraklar Türk müteahhitlerle hayata dönecek, (21/4/2025).

gazeteduvar, Rojavalı ebakan: Hedefimiz Akdeniz, (8/5/2017).

Yeni Ça Gazetesi, Batı›nın gündeminde ‹Kürt koridoru› var, (9/5/2017).

RIC, Explainer: Afrin, ٥ years under Turkish occupation, (٢٠٢٣/١/٢٠)

انف نیوز (ANF News)، مشروع استيطان سعودي - تركي في عفرين المحتلة، ٢٠٢٣/١٢/١٨.

كورد اونلاين، بتمويل قطري.. مشروع استيطاني بحجم مدينة في عفرين، ٢٠٢٣/٤/١٠.

دنيا الوطن، بتمويل من صندوق قطر للتنمية.. قطر الخيرية تجهز وتشغل مستشفى النساء والأطفال بعفرين، ٢٠٢١/٨/٣١.

وكالة نورث برس، تغيير ديمغرافي.. جبل الأحلام في عفرين يقسم ويوزع على مستوطنين، ٢٠٢٣/٦/٢٥ .

ماڵپەڕی الحرة، عفرين السورية.. هوية كردية في مهب «حروب التتريك»، ٢٠٢٠/١/٢١.

سوريون من اجل الحقيقة و العدالة، التجمعات السكنية في عفرين: مخططات هندسة ديمغرافية ام مشاريع لاءيواء نازحين؟ (حزيران، ٢٠٢٢)

الشرق الاوسط، تركيا تواصل جهودها لإجراء «تغيير ديمغرافي» في شمال شرقي سوريا، ٢٠٢٠/٥/٢٥.

المركز السوري للعدالة و المسائلة، المساعدات الخارجية والتغيير الديموغرافي في شمال غرب سوريا، ٢٠٢١/٥/٦.

لینکی ڤیدیۆکان:

• کردنەوەی پرۆژەی بیناسازی دەنیز فەنەر لە شارۆچکەی شران، ٢٠٢٤/١١/٢٧.

https://youtu.be/Kb٦FO٦E٤-P٠

• پرۆژەی نیشتەجێبوونی تورکی-سعودی لە ناوچەی شادێرا لە عەفرین، ٢٠٢٣/٩/١٨.

https://youtu.be/YspYPDYrxmY

• ڕاپۆرتی ئاهەنگی کردنەوەی گوندی نیشتەجێبوونی کوەیتی ڕەحمەت، ٢٠٢١/١١/٢.

https://youtu.be/yM8pWpJDBIM

• وتاری ئەردۆغان بۆ هەوادارانی: عەفرین ڕادەستی خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئەکەینەوە (٢٠١٨/١/٢١)

https://youtu.be/m_GMBYKuFWY

• چاوپێکەوتنی ئەردۆغان کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات ناوچەکانی باکوری سوریا بۆ شێوازی ژیانی کوردان لەبار نییە. (٢٠١٩/١٠/٢٥)

https://web.facebook.com/share/v/1ATK1rW3KV/



محەمەد ڕەئووف محەمەد

کورد و کوردستان و
کوردی سوریا و ڕۆژئاڤا



پاشخانی مێژوویی:

گەلی کورد ناسراوە لە مێژووا و جێ پێی دیار و ڕەگ و ڕیشەدارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەدرێژایی مێژوو ئەم خاکەی لەسەریەتی جێی نەهێشتووە، جەنگە گەورە و بچووکەکان و ئیمپراتۆریەتە زەبەلاحە جۆراوجۆرەکان نەیانتوانیوە بیسڕنەوە

کۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نووسینەکانی زەینەفۆن و هیرۆدۆت و ئەوانی تردا هەیە و تۆمارکراوە، مرۆڤ و خاکی کورد لە قوڵایی مێژوودا پێکەوە بەستراون و دووانەیەکی لێکدانەبڕان و ناوی مێژوویی جۆراوجۆری هەیە وەك هەرێمی شاخەکان، هەرێمی جەزیرە، وڵاتی کورد، ئیالەی کوردستان، لە یەکەم نەخشەی بابلییەکاندا هەرێمی شاخەکان نەخشێنراوە، ئیدی گومانبڕە کە لە سەردەمی (پێغەمبەر نوح)ەوە سەلامی خوای لەسەر، کورد لەسەر ئەم خاکە ژیاوە و لێی دانەبڕاوە و مێژوویەکی سیاسی قوڵی هەیە و لە میسرییەکانەوە دەستپێدەکات بۆ میتانییەکان هەتا دەگاتە ئەیوبیەکان، دواجار ئەیوبییەکان توانیان سوریا و شام یەکخەنەوە.

کورد لە ماوەی گەشەی بوون و پێگەی سیاسی خۆیدا خاوەنی ٦٤ ئیمارەت و دەوڵەت و دەسەڵاتی سەربەخۆی بووە.(١)

((گورد لەبەرئەوەی لەوەتی هەیە و لەسەر خاکی خۆی پەرەی سەندووە و خاکەکەشی بە پیت و بەرەکەت و سەخت و دژواریش بووە، لەلایەك توانیویەتی تێیدا بژی و لەلایەك شاخەکان بوونەتە پەناگا، کورد لەبەر ئەو دوو هۆکارە هەرگیز چاوی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکە، هەرکات هەلومەرجی بۆ ڕەخسا بێت دەوڵەت یان میرنشینی بۆ خۆی دامەزراندووە، بەتایبەت لە دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی عەباسییەکانەوە کە نەیاندەتوانی سنووری قەڵەمڕەوی ئەو ناوچانە بپارێزن کە لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا کەتبووە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵیان، لەو ساتەوەختەوە تاوەکو ٤٠٠ کۆچی سێ هەرێمی گەورە سەرهەڵدەدەن بەناوەکانی:

١ - هەرێمی ئازەربایجان و ئارات.

٢ - هەرێمی چیا.

٣ - هەرێمی جەزیرە.

پاشان ئەم میرنشینانە دروست دەبن:

١ - میرشنینی حەسنەوی.

٢ - میرشنینی شەدادی.

٣ – میرشنینی ڕەوادی.
٤ – میرشنینی مەروانی.
٥ – میرشنینی عەنازی
٦ – میرشنینی هەزبانی.(٢)

سەردەمی عوسمانی و دۆز و مافی کورد و پێگەی سوریا

مێژوو بە دیکیۆمێنتەوە

بەپێی ڕێکەوتنی ساڵی ١٥١٤ی نێوان سوڵتان سەلیم و مەلا ئیدریس بەدلیس کە لە چوار مادده پێکهاتبوو، کورد و دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری پێکەوەژیانی سیاسییان مۆر کرد، بەهۆی ئەم ڕێکەوتنەوە دەسەڵاتی عوسمانی گەیشتە شام.

لەوەش گرنگتر لە کۆتاییەکانی سەردەم و دەسەڵاتی عوسمانیدا کۆنفدراڵییەتی گەلان ڕاگەیەنرا بەتایبەت لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمید (١٨٧٦ – ١٩٠٩) لە هەناوی پرۆژەی (جامعەی ئیسلامی) کە شێخ سعید نوورسی یەکێك بوو لە بەهێزترین دامەزرێنەرەکانی و ئامانج لەو پرۆژەیە بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵێك دەوڵەتی ئیسلامی لەنێو (هاوپەیمانی جامعەی ئیسلامی) لەسەر شێوازی جامعەی لاتینی لە ئەمریکا و جامعەی ئەڵمانی و ئەنگلۆسەکسۆنیە و فرانکفورتی و جامعەی عەرەبی ئێستا، هەموو ئەوانە پیکهاتەی نزیك لە کۆنفدراڵی بوون.

پاش ئەو ڕیکەوتنە و لە ساڵی ١٩١٨ – ١٩٢٢ سوڵتان محەمەد وەحیدەدین و سەرۆك وەزیرانەکەی (فەرید پاشا) و لەگەڵ نوێنەرانی کورد (شێخ عەبدولقادری نەهری و شەریف پاشای سەعید پاشا) وەسیقەکەی ئیمزا کرد، ئەو وەسیقە و قەواڵەیە بوو بە بنەڕەت بۆ ڕێکەوتننامەی سیڤەری نێودەوڵەتی و بەپێی بەندی (٦٣) ی ڕێکەوتننامەکە مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی لە ماوەی ساڵێکدا درا بە کورد و لەو کاتەدا و بەپێی ئەو هەلومەرجە کوردستانی ڕۆژئاوا بەشێك بووە لە نەخشەی کوردستان و مادده و بڕگەی (٦٢) سنووری کوردستانی دیاریکردووە و کە دەکاتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات، کەواتە سیڤەر یەکەم ڕیککەوتننامەی نێودەوڵەتییە لە سەردەمی نوێدا کە مافی دروستکردنی دەوڵەت بە کورد دەدات و سنوورەکەی دیاری دەکات. هەر لە ڕێکەوتننامەی سیڤەری نێودەوڵەتیدا، سوریا لە دەوڵەتی عوسمانی جیادەکرێتەوە و بەپێی بڕگە و ماددەکانی (٩٤ و ١٣٢).

جگە لەو دۆکیۆمێنتانەی ئاماژەمان پێکرد ڕۆژئاوای کوردستان (باشووری

ڕۆژهەڵاتی سوریا)ی ئێستا، لە سەردەمی عوسمانیدا بەشێك بووە لە هەرێمەكانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و بە هیچ جۆرێك پەیوەست نەبووە بەم سوریای ئێستاوە، بەڵكو پەیوەست بووە بە كوردستانەوە بەپێی هەموو سەرچاوە مێژووییەكان و لە هەموویان بەهێزتر دۆكیۆمێنتی ساڵنامەی عوسمانییە لە ساڵی ١٢٧٤كۆچی – ١٨٨٥وز، تێیدا هاتووە دەڵێت: (ئیالەتی كوردستان پێكدێت لە ٤٩ قەزا، لەوانەش جەزیرەی ئیبن عومەر و نووسەیبین كە لكاوە بە شاری قامیشلییەوە).

دیفاكتۆی ئێستای ڕۆژئاوا

ئەم ئیدارەی خۆسەرییەی ئێستا هەیە و وەك دیفاكتۆ خۆی فەرز كردووە و ئەمریكا و ئەوروپا و دواجار حكومەتی نوێی دیمەشقیش مامەڵەی لەگەڵ دەكات جیا لە هەموو پێكهاتەكانی دیكەی سوریا.

پێش ئەوەی باس و بابەتی ئیدارەی خۆسەر بكەین پێویستە كەمێك پێناسەی ڕۆژئاوا بكەین لە چوارچیوەی سوریادا.

بە كورت و پوختی، هەندرێن شێخ راغب، لە كتێبی ڕۆژئاوای كوردستاندا دەڵێت: (سوریا لە ١٤ پارێزگا پێكهاتووە، دیمەشق پایتەختە و بەپێی دەستوور ناوی (كۆماری عەرەبی سوریا)یە، ڕووبەری سوریا: ١٨٥١٨٠كم چوارگۆشەیە، بەپێی سەرژمێری خەمڵێنراوی ساڵی ٢٠١٧ (١٨٢٧٠) ملیۆن كەسە، لە چەندین نەتەوە و پێكهاتەی جیاواز پێكهاتووە، بەمجۆرە:

عەرەبی سوننە (٦٣٪)، عەرەبی عەلەوی (١٢٪)، مەسیحی (١٠٪)، دروز (٣٪)، ئیسماعیلی (١٪)، كەمایەتی دیكە (٢٪).

بەپێی زانیارییەكان كورد لە (١٠٪)ی سوریا پێكدەهێنێت، لەڕووی ئاینییەوە زۆرینەی كورد موسڵمانی سوننەیە، بەشێكی دیكەیان ئێزیدین. بەشێكی دیكەی كورد مەسیحی و عەلەوین، بەپێی هەندێك سەرچاوەی فەرمی ژمارەی كورد لە سوریا بە ملیۆنێك و شەشسەد هەزار هەتا دوو ملیۆن و نیو دەخەمڵێنرێت (بەڵام من لەگەڵ چەند كوردێكی نیشتەجێی شاری ڕەققە قسەمكرد، گوتیان ئێستا واتە ساڵی (٢٠١٧) ژمارەی كورد لە سوریا، بە كوردەكانی نیشتەجێی دیمەشقەوە نزیكەی پێنج ملیۆن كورد دەبن لە تەواوی سوریا، بۆ سەرچاوەی فەرمیش گەڕام هیچم دەستنەكەوت).

دانیشتوانی كورد زۆرینەیان لە شارەكانی: (حەسەكە، قامیشلۆ، تل تمر، كۆبانێ،

عفرین) دەژین، زاراوەی سەرەکی کرمانجییە، بەشێکی کەمیان بە عەرەبی و سریانی قسە دەکەن.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢ بەپێی مەرسومی ژمارە (٩٣) لە ڕێکەوتی ٢٤ ئابی ١٩٦٢ حکومەت هەستا بە سەرژمێریکردنی پارێزگای حەسەکە، کە بووە هۆی بێبەشکردنی (١٢٠) هەزار کورد لە ناسنامەی سوری و مافەکانی هاوڵاتیبوون، ئەم سیاسەتی هەڵاوێردن و بێبەشکردنە لە مافە مەدەنییەکان لە ساڵەکانی دواتریشدا بەردەوامی هەبووە، لەوەش خراپتر دەبوو ئەو کوردانە ڕاگوێز بکرێن و شوێنەکانیان تەعریب بکرێت، لەڕاستیدا دامەزراندنی ئەوەی کە ناودەبرا بە (پشتێنی عەرەبی - الحزام العربی) لە جزیرە کە تایبەتیش بوو بە نیشتەجێکردنی عەرەب، تەنها سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزپەرستی (ئاپارتاید) دێنێتەوە یادمان.

لە ساڵی ١٩٥٧ - ١٩٥٨ جموجوڵی سیاسی و حیزبی لەنێو کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان نەشونمای کرد و پێداگرییان لەسەر وەرگرتنی ڕەگەزنامەی سوری دەکرد.

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ئەفسەر محەمەد تەڵەب بن هیلال سەرۆکی ئەمنی ناوخۆی پارێزگای حەسەکە، ڕاپۆرتێکی نهێنی بەناوی (خوێندنەوەی باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیشتمانی پارێزگای جەزیرە) بڵاوکردەوە، لە ڕاپۆرتەکەدا هیلال کورد بە مێرووی کوشندە ناودەبات کە لەناو لەشی عەرەبدا گەشەی کردووە، پێشنیازی کرد لە ناوچەکە دەربکرێن لە ڕێگەی پلانێکی دوانزە خاڵییەوە کە بریتی بوون لە:

١ - دەرکردنی کوردان لە خاکی خۆیان.

٢ - ڕێگەنەدان بە خوێندن بۆ کوردان.

٣ - گەڕاندنەوەی کوردە داواکراوەکان بۆ تورکیا.

٤ - ڕێگەنەدان بە دەرفەتی دامەزراندن بۆ کوردەکان.

٥ - شاڵاوی پڕوپاگەندەی دژە کورد.

٦ - جێگۆڕکێکردن بە مەلایانی کورد زمانی خۆجێیی لەگەڵ مەلایانی عەرەب.

٧ - نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا.

٨ - نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا.

٩ - دامەزراندنی ناوچەیەکی سەربازی عەرەبی بە درێژایی سنووری تورکیا.

١٠ - دامەزراندنی کێڵگەگەلی هەرەوەزی بۆ نیشتەجێبووانی عەرەب.

١١ - نكۆڵیکردن لە مافی دەنگدان و وەرنەگرتنی پلەوپایەی حکومی لەلایەن هەرکەسێکەوە کە عەرەبی نەزانێت.

١٢ - پێدانی مافی هاوڵاتیبوونی سووری بەو عەرەبانەی دەرەوەی سووووریا کە دەیانەوێت لە ناوچەکەدا بژین.

ڕەفتاری دەوڵەت و ڕژێمی سوریا لە دیمەشقەوە جێبەجێکردنی ئەم ١٢ خاڵە بوو، نەوەکو پڕوپاگەندەی ئەوەی کە گوایە ئەم ڕاپۆرتە تەعبیر لە سیاسەتی ڕژێم ناکات.(٤)

پاش دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی لە تونس و میسر چالاکوانانی سوریا لە ٢٠١١/٢/٤ بەناوی ڕۆژی تورەیی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك هەڵمەتێکی سەرتاسەریان دژی ڕژێم ڕاگەیاند، لە باکووری سوریا چەندین کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

دوای دەستپێکردنی ڕووداوەکانی سوریا لە ساڵی ٢٠١٢ ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا (المجلس الوطني السوري) دروستبوو، کوردێکیان بەناوی (عبدالباسط سەیدا) کرد بە سەرۆك، پاشان ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی (المجلس الوطنی الكردي) کارا بوو، دەستی بە کارەکان کرد، لە دیارترین کەسایەتییەکانی ساڵح موسلیم بوو لەکاتی ڕووداوەکاندا.

ڕۆژئاوای کوردستان و قۆناغێکی نوێ

ئەم قۆناغە ئەو دۆخ و هەلومەرجەیە کە بە درێژایی حکومەتی عەرەبی بەعسی شۆڤێنی سووری لێی ترساوە و هەوڵیداوە هەرگیز کورد لە سوریا نە بوونی هەبێت و نە پێگە، لەهەمانکاتدا ئەو قۆناغەیە کە تورکیا لە هەموو قۆناغەکانیدا بە ئێستاشەوە لێی ترساوە و چاودێری کردووە، هەتا گەیشتە ئەوەی ساڵی ١٩٩٩ فشاری کرد لە حافز ئەسەد بۆ دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

ئەم قۆناغە نوێیە قۆناغی ئیدارە و بەڕێوەبەری خۆسەرییە لە ڕۆژئاوا، دۆخێکی تەواو نوێ و ئاڵۆزە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە سەرهەڵدانی گرووپێکی چەکداری ڕێکخراوەوە دەستپێکرد و پەرەیسەند و توانی بوون و هێز و توانای خۆی بسەلمێنێت، بۆئەوەی بە وردی و ڕیشەیی لە سەرهەڵدانەوە هەتا ئەمڕۆ بە وردی لەم دۆخە تێبگەین، پوختەی بەدواداچوونێکی وردی (BBC) عەرەبی وەرمانگرتووە لە ٢٠٢٤/١١/٥ دابەزیوە و لە ٢٠٢٥/٣/١١ نوێکراوەتەوە و ئەمیرە عەباس ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردووە:

تایتڵ و سەردێری ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیە: (قسد: ماذا نعرف عن قوات سوريا

الديمقراطية وقائدها مظلوم عبدي؟) واتە: (هەسەدە: چی دەزانیت سەبارەت بە هێزەکانی سوریای دیموکراتی و سەرۆکەکەی مەزڵوم عەبدی؟).

پاشان دەڵێت: جۆرێك لە گەشبینی بە حەزەر و چاودێرییەوە دروستبووە لەنێو بەشێك لە سورییەکاندا پاش ئەوەی ڕێکەوتننامەیەك ئیمزا کرا لە نێوان (شەرع و مظلوم عەبدی)دا و تێیدا هاتووە کە هێزەکانی سوریای دیموکرات تێکەڵ دەکرێن (دمج) لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەتی سووری، کۆبوونەوەکەی مەزڵوم عەبدی و شەرع دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە خاکی سووری بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە و دابەش ناکرێت، ئەم ڕاگەیاندنەش دڵنیایی دەدات بە سورییەکان کە لەوە دەترسان پاش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، ئەحمەد شەرع ناوخۆ و پاشان دابەشبوونی سوریا دەستپێدەکات و کوردیش بەشێك بێت لەو ئەگەرە. ئێستا ئێمە چی دەزانین لەو گرووپە چەکدارانە کە کوردی سوریا سەرکردایەتی دەکەن نەخشەی هەژموون و باڵادەستی گۆڕا پاش ١٣ ساڵ لە ململانێ؟

(قسد) هەسەدە و ململانێی درێژ

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ هێزەکانی سوریای دیموکرات پێیان نایە ساڵی نۆیەمی دامەزراندنیانەوە.

ناوی (قسد – هەسەدە) پەیوەستە بەو شەڕەوە کە لە سوریا سەریهەڵدا لە ساڵی ٢٠١١، بەڵام ڕاگەیاندنی دامەزراندنەکەی کەوتە پاییزی ٢٠١٥ لە شاری قامیشلی سەر بە پارێزگای حەسەکە. لە سەرەتاوە (قسد – هەسەدە) وازنراو و ناسرا کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەمریکا و پشتگیری دەکرێت و یارمەتی دەدرێت و دروستکراوە و دامەزراوە، بۆئەوەی شەریك و هاوبەش و هاوسەنگەری ناوچەیی و خۆجێی بێ لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی، لە مانگی ١١ی ٢٠١٤ وە هێزەکانی هاوپەیمانی پشتگیریی و هاوکاری گرووپە چەکدارەکانیان کرد لە سوریا و عێراق.

کاتیك هەسەدە ڕاگەیەنراوی خۆناسینی بڵاوکردەوە، خۆی واناساند کە بریتییە لە (چەند گرووپێکی سەربازی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ هەموو سورییەکان و پێکدێت لە کورد و عەرەب و تورکمان و سریان) و بە ڕوونی ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەوان بریتییە لە لێدان و لەناوبردنی داعش و گێڕانەوەی هەموو ئەو خاك و ناوچانەی کە داعش داگیری کردوون و هەژموون و دەسەڵاتی بەسەردا گرتووە لەوکاتەدا).

(قسد – هەسەدە) پشتگیری دارایی و سەربازی وەرگرت لەچوارچێوەی شەڕ لەگەڵ

داعش و دەستی بە چالاکی و بەرگرییەکانی کرد و بە کردار لەسەر زەوی سەلماندی بەهۆی هاوکاریی و پشتگیری سەربازی و دارایی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا، لەمکاتەدا هەسەدە بوونی خۆی سەلماند و توانی لە سوریا و عێراق چالاکی بەرچاو ئەنجام بدات و دەستکەوتەکانی کەوتنە بەرچاو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە کە هاوسنووورە لەگەڵ تورکیا ئیدی تورکیا و حکومەتەکەی توڕە و نیگەران کرد.

هەسەدە توانی داعش لە هەندێك ناوچەی ستراتیژی دەربکات و دووریانبخاتەوە و هێز و دەسەڵاتی هۆی جێگیر کرد لە پانتاییەکی بەرچاودا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و لە بەناوبانگترین جەنگ دژی داعش شەڕی کۆبانی بوو، کە عەرەبەکانی سوریا پێی دەڵێن (عين العرب)، هەربۆیە لە ٢٠١٨/٢/٢٧ جەنەڕاڵ جۆزێف ئیل فوتێل سەرۆکی سەرکردایەتی ناوەندی ئەمریکی (ENTCOM) سینکۆم لە بەردەم کۆنگرێسدا شایەتیدا و وتی: هێزەکانی هەسەدە کاریگەرتر بوون لەسەر زەوی دژ بە داعش.

(قسد - هەسەدە) و زنجیرەیەك ئاڵنگاریی

بەهۆی ئەوەی هێزەکانی هەسەدە هاوپەیکمانی ئەمریکییەکان بوون لە شەڕی سوریادا توانیان جێپێیەك بۆ خۆیان دابین و دڵنیا بکەن.

پاش زنجیرەیەك سەرکەوتن و ڕاگەیاندن کە داعشیان بە چۆکدا هێنا لە ئازاری ٢٠١٩ ئیدی پێویستیان بەوە هەبوو کە زیاتر خۆیان بەهێز بکەن بۆ ناکۆکی و ململانێکانی داهاتوو، هەربۆیە دوای شەڕ و تەواوبوونی داعش هەستیان بە دڵەڕاوکێ و ترس کرد لەوەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانان ناوچەکە چۆڵکەن و بەتەنیا بەجێیان بهێڵن و ئیدی سەرەی ئەوانیش بێت و سوریا و تورکیا و ڕووسیا لێیان بدەن، هەربۆیە ترس و دڵەڕاوکێکەیان لە جێگای خۆیدا بوو، زیرەکانە بیریان کردەوە باش ئەمریکا و ترەمپیان ناسیبوو، چونکە هەر کە ڕاگەیەنرا داعش کۆتایی هات هەرچی زووتر ترامپ لە هەمان ساڵدا ڕایگەیاند کە هەموو هێزەکانیان دەکێشنەوە، جگە لە هەندێك سەرباز بۆ پارێزگاریکردن لە دەزگا نەوتیەکانی ناوچەکە، کە یەدەکێکی باشی نەوتی تێدایە، بەهۆی ئەو بڕیارەی ترامپەوە دەرکەوت کە ئەمریکا دەستبەرداری هەسەدە بوو، تورکیاش لە مەلاسدا بوو، بۆ دەستێوەردان، ئەو هەنگاوەی ترامپ کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی هەسەدە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.

نزیکبوونەوە و هاوکاری پێشتری ئەمریکا لە هەسەدە نیگەرانی و ناڕەحەتی تورکیای لێکەوتەوە، کە هاوپشکی سەرەکی و گەورەی ستراتیژی ئەمریکایە لە

باشترین و گونجاوترین بژاردە کە کوردی هەر چوار پارچەکە لەم قۆناغەدا پێڕەوی دەکەن ئەوەیە باسی چارەسەری دیموکراسی و مەدەنی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان دەکەن و خۆیان نادەن لە قەرەی دابەشبوونی وڵاتەکانیان

ناتۆدا، تورکیاش بە درایژایی تەمەنی دژ بووە بەوەی هیچ هێزێکی کوردی هەبێت و سەرهەڵبدات لە ناوچەکەدا. لە ساڵی ٢٠١٦ سوریاش هاودەنگ بوو لەگەڵ تورکیا دژ بەو هەنگاوەی هەسەدە کە سیستمی فیدراڵی لە ناوچەی هەژموونی خۆی راگەیاند

لەبەر لاوازی هێزەکانی ئەسەد و نەتوانینی بۆ ڕێگرتن لە هەسەدە و پرۆژەکەی تروکیا دەستیکرد بە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر ناوچەکانی هەسەدە و ئامانجی ئەوە بوو ئەو دەسەڵاتە سەربازییەی هەسەدە جێگیر نەبێت و نەگۆڕێت بۆ بون و کیانێکی سیاسی، هەربۆیە لە زەوی و ئاسمانەوە هەتا توانی و بۆی کرا درێغی نەکرد و هەسەدەش بەرخودانێکی سەرسەختانەی کرد.

هەروەها ڕاپۆرتەکەی BBC دەڵێت: ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکمەن کە لە کاتی شەڕی غەزەدا کە پاش ٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣وە دەستپێکرد هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەسەدە و ناوچەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. هەروەها دەڵێت: تورکیا پێیوایە کە هەسەدە درێژکراوەی PKKیە، هەربۆیە بە تیرۆر ناویان دەبات و شەڕی تورکیاش لەگەڵ PKK ٤٠ ساڵی تێپەڕاندووە و نزیکەی ٤٠ هەزار کەسی تێدا کوژ راوە

جگە لەو دوو ئاڵنگارییە ئەمریکیی و تورکییە، ئاڵنگاری سێیەمیش ئەوەیە کە هێزەکانی هەسەدە هەمووی کورد نیە و بەشێکی زۆریان عەرەب و ئاشوورین، ئەوەش لە پاش شەڕی داعش کاریگەری عەرەبی دزە بکات نێو هێزەکانی هەسەدە و ئەو یەکپارچەیی یەکدەستییەی هەسەدە لاواز بێت.

هەروەها ڕاپۆرتەکە دەڵێت: سەرکەوتنەکانی هەسەدە دژ بە داعش وایکرد ناوچەیەکی بەرفراوانی عەرەبی بکەوێتە ژێر هەژموون و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیانەوە، لێرەوە کە تەنها عەرەب نەبوون کە کەوتنە ناوچەی دەسەڵاتی هەسەدە و خۆسەرییەوە بەڵکو خەڵکی مەسیحیی و سریانی و ئاشووری و ئەرمەن و یەزیدی و تورکمان و شیشانیش کەوتنە ژێردەسەڵاتیان، بەشێکی زۆریان دواتر بوونە چەکداری هەسەدە،

ئەوەش یەکێکیتر بوو لە ئاڵنگارییەکان بۆ هەسەدە و بەڕێوەبەری خۆسەر.

لە دەرەنجامی ئاڵنگاری عەرەبیدا و لە ئابی ٢٠٢٤ هەسەدە کەوتە نێو خولی دووەمی جەنگی عەشایەری عەرەبییەوە لە ریفی دیرالزور، پاش خولی یەکەمی ڕووبەڕووبوونەوە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣...

جگە لەم ڕووبەڕووبوونەوانە لەگەڵ عەشایەری عەرەبی ناوچەکە چەند جارێك چەکدارەکانی سەر بە ئێران بە تەنسیق لەگەڵ عەرەبەکانی ناوچەکە هێرش و پەلاماریان هەبووە بۆ سەر هەسەدە، لە چەند شار و گوندێکی ڕیفی دیرالزور.

ئاڵنگارییەکی دیکەش هەبوو کە هەسەدە ڕووبەڕووی بوویەوە ئەویش ناکۆکی کوردی - کوردی بوو لە ناوچەی دەسەڵات و هەژموونی خۆیان. دواجار دوژمنی سەرەکی هەسەدە و ناوچەی دەسەڵاتی خۆسەر بریتی بوو لە گرووپە جیهادییەکان لە قوڵایی شەڕەکانی سوریا بوون، بەتایبەت داعش و هێزە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا و ئەو گرووپانەی پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی قاعیدەوە.

بەش و پێکهاتەکانی هەسەدە و سەرکردایەتی مەزڵوم عەبدی

کاتێك هێزەکانی هەسەدە دامەزران بە هاوکاری ئەمریکا لەوکاتەدا ئەو هێزانە هیچ ناوێکیان نەبوو کە ئاماژە بێت بۆ بیروبۆچوونێکی ئایدۆلۆجی، بەڵام دواتر ئەم هێزانە لەژێر ناوی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) چەند بەش و لیوایەکیان پێکهێنا. ڕای جیاواز هەیە لەسەر ژێرخانی بنەڕەتی هەسە، بەڵام هەندێك پێیانوایە کە یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە(YPG) زۆرینەی چەکدارەکان پێکدەهێنن و بریتین لە بڕبڕەی پشتی (هەسەدە)، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە کە چەکدارە عەرەبەکان لە زیادبوونی بەردەوامدان بەهۆی زیاتر فراوانبوونی قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی خۆسەری لە ناوچەی زۆرینە عەرەب نشینەکاندا.

ڕاپۆرتەکەی BBC لەسەر زمانی پنتاگۆن ئاماژە بەوە دەکات کە پێکهاتەی سەرەکی هەسەدە ٤٠٪ی کوردە و عەرەب ٦٠٪ بووە لە مانگی ئازاری ٢٠١٧، هەرچەندە هەندێك سەرچاوەی دیکە دەڵێن چەکدارەکانی عەرەب لەو ڕێژەیە کەمترن، بەڵام ڕێژەکە هەرچەند بێت سەرکردایەتییەکەی بەدەست کوردەوەیە.

هەرچۆنێك بێت لیستی پێکهاتەی هەسەدە وەك بەش و لیواکان بەم شێوەی خوارەوەن:

١. ئەنجومەنی سەربازی سریانی مەسیحی: میلیشیایەکی سریانی بوون لە شاری قامیشلی دروستبوون لەژێر چاودێریی و هاوکاری حکومەتی سوری ساڵی ٢٠١٢، ئەم ئەنجومەنە سەر بە حیزبی یەکێتی سریانین و پێش ئەوەی بچنە ڕیزەکانی هەسەدەوە نزیك بوون لە PKK.

٢. هێزەکانی (صناوير): ئەمانە لە بنەڕەتدا چەکداری هۆزی (شەممەر)ن، ئەم هۆزە یەکێکە لە هۆزە دیارە عەرەبەکانی ناوچەی ڕیفی باکووری لە پارێزگای حەسەکە، (شەممەر لە پارێزگاکانی سوننەی عێراقیش هەن).

٣. سوپای شۆڕشگێڕان: بەشێکی سەربازی فرەڕەگەزن، هەر لە سەرەتاوە هاوپەیمانییان لەگەڵ یەپەگە کردووە، پێش ئەوەی ببن بە بەشێك لە هەسەدە.

٤. یەکینەکانی پاراستنی ژنی کورد یەپەژە(YPJ)، ئەم هێزە هاوپشکی سەرەکی هەسەدەیە، پاش ئەوەی ژمارەی ژنان زیادیان کرد لە ڕیزەکانی یەپەگە دامەزران.

ڕاپۆرتەکەی BBC جارێکی دیکە دێتەوە سەر هەڵوێستی تورکیا و دەڵێت: تورکیا هیچ ڕۆژێك دانی نەناوە بە هێزەکانی سوریای دیموکرات(هەسەدە)دا، بەڵکو تەنها ئاماژەی بەناوی (YPG) و (YPJ)ە دەکات وەك دوو گرووپی چەکداری تیرۆریست

بەڵام دواجار و لە کۆتایی ڕەمەزان و سەرەتای جەژندا تورکیا بە میانگیری ئەمریکا کۆبوویەوە لەگەڵ هەسەدە لە بنکەی ئەنجەرلیك، ئەم هەواڵ و زانیارییە لەسەر زمانی ساڵح موسلیم درکێنرا لە کەناڵ هەشتی کوردی (سلێمانی).

بی بی سی دەڵێت: ڕاپۆرتەکانی یەکەی بەدواداچوون ئاماژە بەوە دەکەن کە (ژووری ئۆپەراسیۆنی بورکانی فورات) ژوورێکە ئۆپراسیۆنی هاوبەش و چەکدارەکانی یەکینەکانی هەسەدە و لیوای شۆڕشگێڕانی لەخۆدەگرێت کە لە بنەڕەتدا چەکداری عەرەبن.

چەند زانیارییەك لەسەر مەزڵوم عەبدی

BBC لە ڕاپۆرت و بەدواداچوونەکەیدا تیشك دەخاتە سەر ئەم سەرکردەیە و دەڵێت

• ئەم سەرکردە کوردە ئەو کەسە بوو کە پیرۆزبایی کرد لە ترامپ لە خولی دووەمی دەرچوونی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەر ئەویش بوو کە ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ترەمپ گرت لە خولی یەکەمی سەرکایەتیدا، چونکە ئەو کاتە بڕیاری کشانەوەیدا لە سوریا و ئەوانی بەتەنها بەجێهێشت.



• بەپێی بەدواداچوونەکانی (المرصد السوری) عەبدی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە گۆڕەپانەکانی جەنگ و بوارە دیپلۆماسییەکاندا بەتایبەت لە پەیوەندییە بەردەوامەکان لەگەڵ خۆرئاواییەکان (ئەمریکی و ئەورووپی).

• مەزڵوم عەبدی لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کۆبانی کە سەر بە پارێزگای حەڵەبە لەدایکبووە، بەردەوام ناوە نهێنییەکانی گۆڕیوە، ناوی ڕاست و دروستی (فەرهاد عەبدی شاهین)ە، بەڵام بەناوی نهێنی (حرکی) جەنراڵ مەزڵوم عەبدی دەناسرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تورکیا هەوڵیداوە بیخاتە لیستی تیرۆرەوە لەبەر ئەنتەرپوڵ ناوی خۆی گۆڕیوە.

• مەزلوم عەبدی ساڵی ١٩٩٠ لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا دەچێتە ڕیزەکانی پەکەکە، هاوڕێیەکی نزیك و تایبەتی سەرۆکی PKK (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بووە، چەند جارێك لە لایەن دەسەڵاتدارانی سوریای بەعسەوە بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانییەوە دەستگیرکراوە، پاش دواگرتن و بەردانی لە ساڵی ١٩٩٧ سوریای بەجێهێشت و ڕووی لە ئەوروپا کردووە، هەتا ساڵی ٢٠٠٣ و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە نەگەڕایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەو کار و ئەرکە سیاسییانەی لە (کەمپی مەخمور) پێی سپێردرابوو.

• پێش هەڵگیرسانی شەڕەکانی ناو سوریا مەزڵوم عەبدی نەدەناسرا، بەڵام دواتر کە ڕۆیشتە ناو ڕیزەگانی جەنگەوە و توانای خۆی جێگیرکرد، بەتایبەت لە شەڕەکانی دژ بە داعشدا زۆر کەوتە بەرچاو و گەیشتە سەرکردایەتی سەربازی.

• لە شەڕەکانی سوریا مەزڵوم عەبدی سەرکردایەتی یەپەگە (YPG)ی لە ئەستۆیە و لە ساڵی ٢٠١٤ سەرکردایەتی دانوستانی کرد لەگەڵ واشنتۆن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی دژ بە داعش، ئیدی پاش دامەزراندنی هەرێم ٢٠١٥ بوو بە سەرۆك و ڕابەری هەسەدە.

• عەبدی پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی و بە کەسایەتیەکی متمانەپێکراوی دەناسن و کۆنگرێس پشتگیری دەکەن، هەندێك لە ئەندامانی کۆنگرێس دەڵێن شەریکی ستراتیجیمانە، چونکە خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا کردووە لە شەڕی دژ بە داعشدا.

قۆناغێکی نوێ و هەنگاوی نوێ

پاش ئەوەی حکومەتی نوێی سوریا بەشێوەی کاتی دامەزرا، دەستکرا بە دیدار و سەردان و ئەمریکا و ئەوروپاش ڕەزامەندییان نیشاندا کە ئەحمەد شەرع سەرۆکی کاتی سوریا بێت و تورکیا و قەتەریش بەچڕی کەوتبوونە هەوڵی شەرعیەت بۆ وەرگرتنی لەلایەن ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی و هەرێمییەوە، هەوڵیاندا هەرچی زووتر بکەوێتە سەرپێ و دوور بێت لە دەستێوەردان، ئەڵبەت هەریەکەیان بۆ ستراتیج و بەرژەوەندی و مەرامی خۆیان، کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین لەم گەرموگوڕیی و هەلومەرمەی دۆخەکە هەوڵی هەرێمایەتی زۆر درا کە شام و ئەحمەد شەرع مل نەدەن بە بوون و هێز و پێگەی دەسەڵاتی خۆسەر و مەزلوم عەبدی، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمریکا و فەرەنساش بە نوێنەرایەتی ئەوروپا پشتگیری خۆیان بۆ ڕۆژئاڤا بە کردار کرد و هێزەکانیان نەك هەر نەکێشایەوە بەڵکو ئەمریکا هێزی نوێی ڕەوانەی ڕۆژئاڤا کرد، ئیدی ئەحمەد شەرع لە پەیامەکە باش تێگەیشت و دواجار ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی لە لێدوانەکانیاندا زۆر ڕەچاوی بارودۆخی یەکتر و سوریای نوێیان دەکرد. لەکۆتاییدا شام (دیمەشق) گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دۆخی سوریا و ئامۆژگاری نێودەوڵەتی و دیفاکتۆی ڕۆژئاڤا ئەوە دەخوازێت هیچ ئاڵۆزییەك لەگەڵ دەسەڵاتی خۆسەر و ڕۆژئاڤا سوود و قازانجی نیە و پێویستە دۆسیەی کورد و ڕۆژئاڤا جیا بێت لە پێکهاتەکانی دیکەی سوریا وەك عەلەوییەکان و دروزییەکان ... هتد، هەربۆیە بە میانگیری ئەمریکا لە ڕۆژی ١٠ی ئازاری ٢٠٢٥ ئەمریکییەکان مەزلوم عەبدیان برد بۆ دیمەشق و لەگەڵ ئەحمەد شەرعی سەرۆکی کۆماری سوریا کۆبوونەوە و ڕێکەوتنامەیەکی هەشت خاڵییان ئیمزا کرد، پێش ئەوەی کۆنگرەی نیشتمانی بگیرێت و پێش ئەوەش ڕەشنووسی دەستووری سوریای نوێ بنوسرێتەوە، دەقی ڕیکەوتنامەکەش بریتی بوو لە:

١. مافی سەرجەم سورییەکان زامنکراو بێت لە نوێنەرایەتیکردن و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

٢. کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ڕەسەنی دەوڵەتی سوریایە و سەرجەم مافەکانی لە هاوڵاتی و هەموو مافە دەستوورییەکانی پارێزراو دەبێت.

٣. ڕاگرتنی شەڕ لە سەرجەم ناوچەکانی سوریا.

٤. بەستنەوەی سەرجەم دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی

سوريا (ڕۆژئاڤای کوردستان) بە ئیدارەی نوێی سوریاوە، بە دەروازە سنووری و فڕۆکەخانە و کێڵگە نەوتی و غازییەکانیشەوە.

٥. زامنکردنی گەڕانەوەی سەرجەم کۆچبەرە سورییەکان بۆ ناوچەکانیان پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە.

٦. پاڵپشتی سوریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاشماوەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و سەرجەم ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی خەڵك دەبنەوە.

٧. ڕەتکردنەوەی بانگەشەکانی دابەشکردن و وتاری ڕەق و هەوڵەکانی بڵاوکردنەوەی ئاژاوە لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سوریا.

٨. لیژنە جێبەجێکارەکان کار و هەوڵ دەدەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە بەشێوەیەك کە کۆتایی ئەمساڵ تێپەڕ نەکات.(٥)

ئەم ڕێکەوتنامەیە قسە و شرۆڤەی زۆری لەسەر کرا، هەندێك بە گەشبینی و هەندێکیش بە ڕەشبینی، بەڵام دواجار ئەو هەشت خاڵە ئەوەبوو کە شەرع و مەزڵوم عەبدی و شام و ڕۆژئاڤا و ئەمریکییەکان و فەرەنسییەکان لەو قۆناغە هەستیارەدا پێیان باش و گونجاو بوو.

ئەم ڕێکەوتنامەیە پێمان دەڵێت، کە هەردوولا دەستکراوەن بۆ دۆخی نێوخۆی خۆیان و هەرکامیان سەرکەوتووتر بوون لە ئیدارەی خۆیان و دۆخ و ئاڵنگارییەکانیان و توانیان ئەو قۆناغە هەستیارە پڕ ئاڵۆزییە تێپەڕینن دەرئەنجام پاش پێنج ساڵی دیکە دەچنە قۆناغێکی نوێوە و ئەو لایەنەیان زیاتر قازانج دەکات کە توانیبێتی لەسەر ئاستی ناوخۆ هەنگاوی باش بنێت و زیاتر خزمەتی بە ناوچەی دەسەڵات و پێگەی بکات. لەمکاتەدا هەریەکەیان بە جۆرێك فشاری ناوخۆیی و هەرێمایەتیان لەسەرە و لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدان، لەمکاتەدا قەیرانەکانی سوریا بەگشتی و شام و ئەحمەد شەرع بەتایبەتی زۆر سەخت و دژوارە بەتایبەت فشار و پێشڕەوییە بەردەوامەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بەڵام فشاری هەرێمی بۆ سەر ڕۆژئاوا و مەزڵوم عەبدی تەنها لەلایەن تورکیاوەیە و ئەوانیش ڕاهاتوون و دەشزانن جگە لە هەڕەشە و هەندێك تۆپباران لەم هەلومەرجەدا زیاتری پێ ناکرێت.

ئەم ڕێکەوتنە ڕۆژئاڤای بردە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، مەزڵوم عەبدی و ئیدارەی خۆسەر سەلماندیان کە لە دیپلۆماسیەتدا پێگەیشتوون و دەتوانن درێژە بە بوون و پێگەی خۆیان بدەن.

ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان تورکیا و ئیسرائیلدا

تورکیا پێشتر و لەو سەردەمەوە ئۆجەلان بنکە و بارەگا و چەمکدارەکان لە سوریا جێگیرکرد و سوریاش هاوکاریکردن بۆ مانەوە و مەشق و ڕاهێنان هەتا ساڵی ١٩٩٩ کە لەژێر فشاری دەوڵەتی تورکیا ناچاربوو دەستبەرداری ئۆجەلان ببێت و دواجار لە نەیروبی پایتەختی کینیا دەستگیریان کرد، ئیدی لەو ڕۆژەوە تورکیا ئیشی لەسەر ئەوە کردووە کە جارێکی تر لە سوریا کورد لەژێر توانا و ناونیشانێکی سەربازی و سیاسیدا دروست نەبێت، ئەم ترس و دڵەڕاوکێ کۆنەی تورکیا ڕیشەدارە، تەنها ترس نیە لە بوون و سەرهەڵدانی گرووپێکی چەکدار یان هێزێکی وەك خۆسەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات، بەڵکو قوڵی مەترسییەکە دەگەڕێتەوە بۆ درێژایی سنووری ڕۆژهەڵات و باکووری سوریا و باشووری تورکیا کە لە هەردوولاوە کوردنشین و هەندێکیان یەك بنەماڵە و عەشیرەتن دابەشکراون بەسەر سەری خەت و بنی خەتدا، لەوەش قوڵتر و دژوارتر بۆ تورکیا ئەوەیە کە لە کۆتایی باکووری سوریاوە کورد نزیکە لە دەریای سپی و ئەگەر هەر گۆڕانکارییەك لە ناوچەکەدا لەسەر خاك ڕووبدات دوور نیە ئەوەش قەیرانی قوڵ دروستبکات، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕۆژئاڤا هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئەوەش لەڕووی دۆزی نەتەوەیی هاوبەش دڵەڕاوکێیەك بۆ تورکیا دروست دەکات، چونکە دواجار کورد هەر کوردە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەیە فرە ڕەهەندە و ئیسرائیل ئەیەوێت زۆرترین سوود وەرگرێت لە دۆخی ئێستای سوریا و پێگەی کورد و ڕۆژئاڤا، ئیسرائیل دەیەوێت کورد وەك کارتێکی بەهێز بەکاربێنێت بۆ:

- دژ بە سوریای نوێ، بۆ مەرامە ستراتیژەکانی خۆی.
- دژ بە تورکیا وەك کارتی هەمیشە فشار بۆ ئەوەی سوریا نەکەوێتە ژێر هەژموونی تورکیا و تورکیا نەتوانێت پێگەی ئەمنی و سەربازیی و هەواڵگری لە سوریا دابمەزرێنێت.
- بۆ مسۆگەرکردنی ڕێڕەوی داود، کە ڕێڕەوێکی ئابوورییە و لە ئیسرائیبلەوە دەستپێدەکات و دەگاتە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ڕۆژئاڤا.
- ئیسرائیل دەیەوێت کارتی کورد بەکاربهێنێت دژ بە عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا بۆ گەیشتن بە پلانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا.

لەبەر ئەو ئاماژانەی تورکیا و ئیسرائیل ئێستا کورد و دۆز و ئایندەی کەوتووەتە

نێوان جەمسەرە هەرێمایەتییە بەهێزەکانی ئیسرائیل - تورکیا - ئێران و دەرگای هەموو فرسەت و ئاڵنگارییەکان کراونەتەوە، کورد تا ئێستا و پاش دۆخی تازەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و گۆڕینی ڕژێمی سوریا پاشەکشێی ئێران لە ناوچەکە زۆر چووەتە پێش و زیرەکانە هەنگاو دەنێت بەرەو فرسەتەکان و ئامانجەکان، هەنگاو دەنێت و خۆی دەپارێزێت لە قەیران و ئاڵنگارییەکان.

دواجار باشترین و گونجاوترین بژاردە کە کوردی هەر چوار پارچەکە لەم قۆناغەدا پێڕەوی دەکەن ئەوەیە باسی چارەسەری دیموکراسی و مەدەنی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان دەکەن و خۆیان نادەن لە قەرەی دابەشبوونی وڵاتەکانیان، خۆ ئەگەر لەم گۆڕانکارییە بەرچاوانەی دەستیپێکردووە هەر ڕووداوێکی گەورە هاتە کایەوە و بووە هۆی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوگرافی ئەوا کورد ئامادەیە و لەسەر خاکی خۆی دەتوانێت تەواوی مافە نەتەوەییەکانی بەدەستبهێنێت، هەربۆیە من پەشیمان نیم کە دووجار نووسیم (ئافەرین مەزڵوم عەبدی) و لە چەند بەرنامەیەکیشدا گەشبینیم دەربڕی بەو پرۆسەی ئاشتییەی کە لە تورکیا دەستیپێکردووە، بە نامەکەی ئۆدجەلان و هەڵوێستی PKK شەوە سەبارەت بە وەڵامی پۆزەتیڤیان بۆ نامەکەی ئۆجەلان.

پەراوێز و سەرچاوەکان

١. دۆسیەیەکی تایبەتی، ئامادەکراو لە لایەن دەستەیەك کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دەزگای ستاندارد، ٢٠٢٤.

٢. بەمەبەستی زانیاری ورد لەسەر تەواوی هەرێم و میرنشینەکان، خوێنەر دەتوانێت سوودمەند بێت لەم دوو سەرچاوەیە:

١. هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسیدا، کامەران عەزیز عەبدوڵڵا، ٢٠١٢.

٢. سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، نووسینی: د. سەعید بەشیر ئەسکەندەر، وەرگێڕانی: جەوهەر کرمانج.

٣. ڕۆژاوای کوردستان، هەندرێن شێخ ڕاغب لە ١١ - ١٤، ٢٠١٩، چاپخانەی کارۆ.

٤. ڕۆژئاوای کوردستان، هەندرێن شێخ ڕاغب لە ١١ - ١٤، ٢٠١٩، چاپخانەی کارۆ.

٥ - ماڵپەڕی (شارپرێس).



دارا محەمەدئەمین

ئاستەنگەکانی بەردەم حکومەتی نوێی سوریا (کورد وەك نموونە)



ڕوداوەکانی سوریا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەک؛ مسوڵمان، کورد، وەک ئەوەی کە دراوسێی ئەو وڵاتەین و کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەیە بەگشتی، ئەگەر بمانەوێ باسی ئێستای سوریا بکەین دەبێ بە خێرایی ئاوڕێک لە ڕابردووی ئەو وڵاتە بدەینەوە، سوریا کە یەکێکە لە وڵاتە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنووری هەیە لەگەڵ وڵاتەکانی عێراق و تورکیا و ئەردەن و فەلەستین لوبنان و سنورێکی باشیشی هەیە لەسەر دەریایی سپی ناوەڕاست، ئەم وڵاتە بەپێی ئەو هەڵکەوتە جوگرافییەی کە هەیەتی گرنگی خۆی هەبووە بە درێژایی مێژوو، وڵاتێکی بە پیتیش بووە بەتایبەت لە کشتوکاڵ پێش ئەوەی کانزاکان بدۆزرێنەوە، لەسەر سەر دەریاش بووە، سەردەمێک پایتەختی ڕۆمەکان بووە، لە سەردەمی ئیسلامیشدا لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە بووەتە پایتەختی دەسەڵاتی ئیسلامی و ئومەوییەکان هەڵیان بژاردووە بە پایتەختی خۆیان، ناوی سوریاش بەپێی سەرچاوەکان لە ناوی ئاشوورەوە هاتووە، ئاشوورییەکان دەسەلاتیان گەیشتووەتە ئەو ناوچەیە، پێش ئیسلام ڕۆمەکان حوکمی ئەو ناوچەیەیان کردووە.

پێکهاتەی سووریا

پێش هاتنی ئایینی ئیسلام عەرەب کەمینە بووە، بەڵام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام وردە وردە عەرەب لەو ناوچەیە بووەتە زۆرینە و میللەتەکانی تر بوونەتە کەمینە، پێکهاتەی عەرەب بە سوننە و عەلەوییەکان و ئیسماعیلییەکان و دروزەکان لە ٨٠-٨٥./. ی دانیشتوان پێکدەهێنن ڕەنگە زیاتریش چونکە هیچ ئامارێکی ورد و دروست لەبەردەست نیە بۆ ئەم پێکهاتانە هەتا جیابکرێنەوە، نزیکەی لە ١٠./. کریستیانن هەندێکیان ئەرسۆدۆکسن و هەندێکیان ئەرمەنن، لەناو سوریا وەکو وتمان سوننە زۆرینەن بەشێک لە عەرەبەکان عەلەوین ئەمانە بە ئەسڵ مەزهەبیان ئیسماعیلییە.

لە سەدەی ١١ی زایینی مەزهەبی درووزی دامەزرا، ئەم مەزهەبە دامەزرێنەرەکەی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی درووزی بووە لە سەردەمی فاتیمییەکان مەزهەبەکەی دامەزراندووە، کە لە ئێستادا ٣./ ـ ٤./. سوریا پێکدەهێنن، ئەم درووزیانە بەشێکیان لە خاکی فەلەستین و بەشێکیان لە لوبنان دەژین، لە سەردانێکم بۆ ناوچەی ئەو درووزیانەی کە لە لوبنان دەژین لە جبل لوبنان لە ساڵی ٢٠١٣ ئەوەی لێیان تێگەشتم ئەمانە نوێژیان هەیە وەکو ئێمە و قورئانیش لە ماڵەکانیان هەیە و خۆیان بە مسوڵمان دەزانن، دەڵێن ئێمە درووزین، بەشێکی ئافرەتەکانیان پەچە و عەبا

دەپۆشن، باوەڕیان بە قورئان هەیە، بەڵام باوەڕیان بە هەندێ تەفسیری خۆیان هەیە بۆ قورئان. گومانی تیادا نیە کە ئەوان لە عەقیدەی ئیسلامی لایانداوە و تائیفەیەکی لادەرن، ئیسماعیلییەکان خۆیان لادەربوون، ئەمانەش پاشماوەی ئەوانن

ئایینی دروزەکان ڕێبازێکی باطنی تێکەڵ بووە بەتایبەت دوای کاریگەری کریستیانەکان لەسەریان.

عەلەوییەکانیش نزیکەی لە ١٠./. سوریا پێکدەهێنن و لە شوێنێکی زۆر گرنگی سوریا دەژین، کە دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، عەلەوییەکان کە نوصەیرشیان پێ دەڵێن لە بنەڕەتدا گرووپێکی شیعەن، بەڵام شیعەی ئیمامی ئەمانە بە لادەر دەزانن (عاملی) کە مەرجەعێکی باڵای شیعەکانە دەڵێت دروست نیە هاوسەرگیریشیان لەگەڵ بکرێت و کچیان پێ بدرێ لەبەرئەوەی ئەوانە لادەرن.

کوردەکان:

کە لە ١٠./.ی دانیشتوانی سوریا زیاترن لە پارێزگای حەسەکە دادەنیشن کە ڕۆژئاوای کوردستانە، هەرچەند کورد لەناو سوریادا زور بڵاوبووەتەوە لە سەرجەم پارێزگاکان، بەتایبەتی ناوچەی شام بە حوکمی ئەوەی لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی وڵاتی شام بە سوریا و لوبنان و ئەردەن و فەلەستین هەموو ئەم ناوچانە کوردەکان حوکمیان کردووە، دەوڵەتی ئەیووبی باڵادەست بووە، کورد لەو ناوچانە زۆر بڵاوە لە ئەردەن و فەلەستین و لوبنان و سوریا، بەدەر لەو ناوچانەی ڕۆژئاوا کە جوگرافیاکەی کوردستانە.

زۆربەی بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لە سەردەمی سەلاحەدین و لە سەدەی ڕابردوو و دواتریش لە سەردەمی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکان کە حوکمی سوریایان کردووە کورد بوون، لە سوریای نوێشدا زوربەی موفتیەکانیان کورد بوون، یەکەم سکرتێری حیزبی شیوعی لە سوریا خالد بەگداش بوو کە کورد بوو، هەموو ئەمانە دەریدەخەن کوردیش کاریگەری خۆی هەبووە لەو وڵاتە.

تا ئێستا سەرژمێرییەکی ورد نەبووە لەسەر ژمارەی کورد لەو وڵاتە، بەڵام کوردەکان زۆربەیان مسوڵمانی سوننە مەزهەبن و بەشێکی کەمیان یەزیدین.



بەعسییەکانی سوریا:

بەعسییەکان بەناوی حیزبێکی قەومییەوە کە کار بۆ عرووبە دەکات کودەتایان کردووە و چوونەتە دەسەڵات و خەڵکی عەرەبیش پشتیوانی کردوون بە ناوی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی نەتەوەییەوە ،بەڵام دواتر دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی خستە نێو کاروباری سوریاوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حافز ئەسەد بە هێز کرد و هاوکاری کرد، ئەمە وایکرد مەزهەبیەت زاڵ بێت بە سەریاندا ئەگەرنا پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی حافز ئەسەد شتێك بەناوی حوکمی عەلەوی نوسەیری نەبوو.

بەعسییەکان بەناوی حیزبێکی قەومییەوە هاتوون ئەگەرنا نەیاندەتوانی بێنە سەر حوکم، وەکو مەزهەب کەمینەن و جێگای قبوڵ نین، وەکو حیزبیش حیزبێکی فاشی بوون و نەیانتوانیوە ئیدارەی وڵات بکەن و سوریایان بەرەو وێرانکاری برد.

ئەو گۆڕانکارییەی کە لەم ساڵدا ڕوویدا شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، خەڵکی سوریا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابرردوو ڕاپەڕیون دژی ئەو ڕژێمە، بەڵام پشتیوانی وڵاتانی دەرەوە و زلهێزەکان وایانکرد ڕژێمی ئەسەد بمێنێتەوە لە سەروو هەموویانەوە قەوارەی زایۆنی، چونکە بەعسییەکان پارێزەری ئەمنییەتی سنوورەکانی زایۆنی بوون

بارودۆخی سیاسی سوریا و گۆڕانکارییەکانی ئێستا:

لە گرنگترین هەنگاوەکان کە لە ئێستادا کاری لەسەر دەکرێت، دەستووری نوێی سوریایە کە دەیانەوێت دەستوورێکی ئیسلامی مەدەنی بێت کە جێگای هەموو پێکهاتەکانی تیادا بێتەوە. هەروەک ئاماژەم پێکرد، وڵاتانی دەوروبەر دەیانەوێت دەستێوەردان و کێشە دروستبکەن و ئەگەر سوریا زۆر ژیرانە مامەڵە نەکات، ڕووبەڕووی مەترسی گەورە دەبێتەوە، لەکاتێکدا سوریا وڵاتێکە لەڕووی ئابوورییەوە داتەپیوە و بەرگەی شەڕی ناوخۆیی و کێشەی تر ناگرێت.

ئەم نەرمونیانییەی ئێستای سوریا ئەگەر بەردەوام بێت لەسەری و پشتیوانی وڵاتانی دەوروبەری بەتایبەتی تورکیا و قەتەر کە بوونەتە ڕاوێژکار، دەتوانن هەنگاو بەرەو پێش بنێن. لە هەمووی گرنگتر نووسینەوەی دەستوورە - دەستوورێک کە مافی هەموو لایەکی تیادا جێبەجێکرابێت. ئەو ڕاگەیاندنی دەستوورە شتێکی کاتییە هەتا ئەوکاتەی دەستووری هەمیشەیی دەنووسنەوە.

دەبێت هەموو لایەک بەتایبەت کورد سووربن لەسەر ئەوەی بە زووترین کات

دەستوورێکی نوێ بنووسرێت بۆ سوریا، کە مافی کوردیشی تیادا بێت. هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی سەقامگیری و متمانەی نێودەوڵەتی. وڵاتانی تریش خەریکن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سوریا ئاسایی دەکەنەوە. جارێکی تر سەرۆکی فەرەنسا بە ڕەسمی ڕایگەیاند :»ئێمە ئامادەین لەگەڵ سوریای نوێ مامەڵە بکەین» و داوایکرد کە وڵاتانی تری ئەوروپا پارە بلۆککراوەکانیان بۆ ئازاد بکەن.

چەند مەرجێکیان داناوە کە زۆر قورس نین:

١. مافی پێکهاتەکان لە دەستووردا جێی بکرێتەوە و هەنگاوی بۆ بنرێت.

٢. مەرجێکی تریان دژایەتی تیرۆرە کە کاری لەسەر بکەن، چونکە ئەگەر کاری لەسەر نەکرێت دەبێتە مەترسی بۆ هەمووان.

٣. پێویستە ڕێگا نەدرێت کە تیرۆرستان بەتایبەت داعش چالاکییان هەبێت، کە بڕوا ناکەم ڕێگەشیان پێبدرێت، چونکە پێشتریش پەیوەندییان لەگەڵیان باش نەبووە

٤. نابێت ئەوانەی بیانین لە سوریا پۆستی ئیداریی و دەسەڵاتیان پێ بدرێت، ئەمە داوای ئەمریکییەکانیشە، نابێت و ناکرێت کەسێکی بیانی کە لە دەرەوە هاتبێت پۆست لەناو حکومەتی سوریا وەربگرێت، چونکە نادەستوورییە و ڕێگاپێنەدراوە.

خاڵێکی تر کە ئەوروپییەکان بەلایانەوە گرنگە، گەڕانەوەی ئاوارە سورییەکانە - کە کارئاسانییان بۆ بکرێت. ئەو داواکارییەش جێبەجێ دەبێت، چونکە ئاوارە سوورییەکان لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە ژمارەیان چەند ملیۆنێکە و چوونەتە ئەوروپا، بوونەتە بارگرانی بەسەرشانی ئەوروپییەکانەوە، هەربۆیە مەبەستیانە بگەڕێنەوە هەروەکو لە تورکیاش بوونەتە بارگرانی. لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا هەندێک پشێویی و ئاڵۆزییان دروستکرد لە نێوان جەهەپە و حیزبی دەسەڵات (ئەکەپە)، هەربۆیە ژمارەیان زۆرە و هەلی کاریان بۆ تورکییەکانیش نەهێشتووەتەوە. داواکارییەکانی ماکرۆن ئەمانەن و ئەستەم نین، جێبەجێ دەکرێن و لە بەرژەوەندی سورییەکانیشە.

پێموایە ئەمانە هەمووی هەنگاون و ئەم دەوڵەتە تازەیە جێگای خۆی گرتووە، ورده ورده دەیانەوێت گشت چین و توێژەکان بهێننە ناو کایە سیاسییەکان. ئەوانەشی دژایەتی ئەم دەوڵەتە دەکەن ناتوانن ڕووبەڕووی دەوڵەتە نوێیەکە ببنەوە، چونکە زۆرینەی خەڵک پشتیوانیان لێ دەکات. نە عەلەوییەکان دەتوانن جارێکی تر دەسەڵات بگرنەوە دەست بەو شێوازەی کە بوویانە، نە درووزەکانیش کە ڕێژەیان لە (٣٪ -٤٪) ی سوریا پێکدەهێنن. جگەلەوەی بەشێکیان پشتیوانی دەوڵەتی ئێستای سوریا دەکەن.

ئایندەی کورد لە سوریا:

کوردەکان لە سوریای ئێستادا هەڵویستیان جیاوازە، بەشێکیان پشتیوانی لە دەسەڵاتی ئێستای سوریا دەکەن، ئەوانی تریش، هێزەکانی سوریای دیموکرات(هەسەدە) کە هەموو نەتەوەکانی تیایە و زۆرینەی کوردە و کوردیش ڕابەریەتی دەکات. (ئەنەکەسە) ش کە هێزێکی کوردین لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاوکاری دەکرێن.

هەسەدە هێزێکی کاریگەرە لە سوریا و ناوچەیەکی فراوانی بەدەستەوەیە، لە ئێستادا ئەمریکا پشتیوانیان دەکات، (هەسەدە)ش گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە بەرژەوەندی ئەوانیش پێکهاتنە لەگەڵ دیمەشق، ئەمە بۆچوونی ئەمریکییەکانیشە - کە دەبێ حکومەتی سوریای نوێ مافەکانیان بۆ دابین بکات، چونکە جارێکی تر بوونی شەڕ و ململانێ نە لە بەرژەوەندی کوردە و نە حکومەتی سوریایە. لەلایەکی ترەوە، تورکیا زۆرتر نیگەرانە لە بوونی کورد، دەڵێت نابێ بیر لە دروستبوونی دەوڵەت بکەنەوە و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بخەنە مەترسییەوە و دەبێ سنوورەکانیان پارێزراو بێت.

بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی تورکیا باشترین چارەسەر گفتوگۆیە لەگەڵ ئەحمەد شەرع، ئەم گفتوگۆیانەی نێوان (پەکەکە) و تورکیا، ئەوەش ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سوریا. گرنگترین هەنگاویش کۆنگرەی نیشتمانی کوردە لە ڕۆژئاوا بۆ دروستکردنی بەرەیەکی فراوان هەتا پێکەوە داوای مافەکانیان بکەن و دەوڵەتان نەتوانن لە دژی یەکتر بەکاریان بهێنن، ئەوەش بە یەکڕیزی و پشتیوانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەستدەهێنن. لەم قۆناغەشدا مافەکانیان بچێتە ناو دەستووری داهاتووی سوریا گەورەترین سەرکەوتنە و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی کوردانە لە ڕۆژئاوا.

ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بەگشتی کە پشتیوانیان بکات بۆ گەیشتن بە بەشێک لە مافەکانیان کە زیاتر لە سەدەیەکە لێیان زەوت کراوە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا جۆرێک لە پشتیوانی ئەمریکییەکان هەیە کە لە ئاییندەدا نامێنێت.



د. یاسین تەها

توێژەر و مامۆستا لە ناوەندی کوردستان بۆ
دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانکۆی سلێمانی.

شوێنپێی کورد لە سوریادا؛

ئەیوبییەکان و شارەزوورییەکان و ئەوانی دی

ئایا کورد لە سوریای پایتەختی شامدا پێکهاتەیەکی بنەڕەتین، یان گرووپێکی میوانن کە دەشێت لە تەونی ئەو وڵاتەدا بتوێنەوە و حەل ببن؟ ئەمە پرسیاری سەرەکی چەند دەیەیەکی ڕابردووە دەربارەی کوردی ئەو پانتاییە جوگرافییەی کە بە گریمانەیی پێیدەگوترێت «ڕۆژئاوای کوردستان». لە سوریادا دەوروبەری شازدە میللەت و نەتەوە و گرووپی ئیتنی و کولتووریی و ئایینی جیا جیا دەژین، لەنێو ئەمانەشدا عەرەبی سوننە زۆرینەی ڕەهان، لە دوای عەرەبیش لە نێو مۆزایکەکەدا: کورد، تورکمان، چەرکەس، دروز، شیعە، عەلەوی، تایفە کریستیانەکان و ئیسماعیلی و ئێزدی و ئەرنائوتییەکان و ئەوانی دیکە دێن، ئەم فرە چەشنییەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە سوریای مێژوویی «وڵاتی کۆچبەران» بووە، ئەم پانتاییەش وێستگەی بەیەکگەیاندنی ڕێگا بازرگانییەکانی کەناری دەریای ناوەڕاستە و سەرەڕێگای زۆر لە میللەتان بووە یەکێك لەوانەش کوردەکانن.

بنکۆڵکارییە شوێنەوارناسییەکان ڕیشەی مێژوویی کورد دەگێڕنەوە بۆ سەردەمێکی کۆن و دێرین کە کۆچ و ڕەوی گەلانی هیندۆ ئەوروپییە لە حەوزی دەریای ناوەڕاستەوە هەتا نێوەڕاستی ئاسیا. لە سوریای ئێستادا هەندێک لەو گەلانەی باوەڕ وەهایە بەشێکبن لە باپیرانی کورد؛ پاشماوەی شوێنەوارییان هەیە، لە وانەش هۆری و میتانییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین (عثمان، ٢٠١٩)، ئەم گرووپانەش دەسەڵات و حوکمڕانی بچووکییان هەبووە بەپێی ئەو شوێنەوارانەی بەردەستن، ئەمەش دەشێت ببێتە قوڵایی مێژوویی ئامادەیی کورد لە شامدا شانبەشانی گەلە دێرینەکانی تری ناوچەکە.

لە سەردەمی ئیسلامیدا، شام درێژکراوەی هەرێمی جزیرە بووە، لە سەدە بەراییەکانی ئەم سەردەمەشدا بەپێی قسەی هەندێك لە مێژوونووسانی ئیسلامی (المقدسي، ابن الجوزي، النويري)، دایکی خەلیفەی ئومەوی «مەروانی کوڕی محەمەد» کە ناوی «لبانە»یە کورد بووە. ئەم خەلیفە ئومەوییە کە لەدایکبووی جزیرەیە (٧٠ك/٦٨٩ز)، باوکی والی ئەم هەرێمە کوردنشینە بووە. خەلیفە مەروان بە یارمەتی سوپایەك لە ناوچە کوردنشینەکانی جزیرە لەنێو گێژاوی ململانێ نێوخۆییەکانی ئومەویدا چووەتە نێو دیمەشق و لەوێ سەردەمی حوکمڕانی خۆی ڕاگەیاندووە هەتا کۆتایی حوکمڕانی بنەماڵەکەشی بۆماوەی حەوت ساڵ حوکمڕانی کردووە (٧٤٣ز_ ٧٥٠ز) (بڕوانە دراوشة، ٢٠٠٧: ٣٠).

دەشێت چڕبوونەوە و کۆچی بەربڵاوی کورد بۆ شام لە سەردەمی ئیسلامیدا، بۆ دەمی شەڕی خاچییەکان بگەڕێتەوە، هەر لەم قۆناغەشدا مێژوونووسی ئینسکلۆپیدی

تەنیا ژن کە نازناوی «ست الشام»ی لە مێژووی دیمەشقدا هەڵگرتبێت، فاتمە خاتوونی خوشکی سوڵتان سەلاحەدین و کچی نەجمەدین ئەیوب و هاوژینی میر محەمەدی کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆیە، ئەم خاتوونە دوو قوتابخانەی لە دیمەشق بنیاتناوە کە دامەزراندن و کۆمەککردنی دەدرێتە پاڵ ئەو

ناسراو «المسعودی» (م. ٩٥٧ز) (١٤٠٩هـ: ١٠١/٢») باس لەوە دەکات «دونبولی»یە کوردەکان لە وڵاتی شامدا گیرساونەتەوە، ئەم هۆزە کوردەش کە شێوەزاری ئاخاوتنیان گۆرانی بووە، بنەڕەتیان ئەزەربایجانییە، دواتر بوونەتە میر و فەرمانڕەوا لە ناوچەکە، لەوانەش «میر محەمەد دونبولی (م. ٩٩٧ ز) کە «محەمەد ئەمین زەکی» (٢٠٠٣: ٢/ ٣٢٥) ئاماژەی پێکردووە. بە دوای ئەمەشدا و لە سەدەی یازدەی زایینی، گەشتنامە و سەرچاوە جوگرافییەکان «وڵاتی شام»یان بە ناوچەی ژیان و بڵاوبوونەوەی کورد ئەژمار کردووە (البکري، ١٩٩٢: ٣٤٤/١)، ئەمەش دەبێتە بەڵگە کە سوریا و شام یەکێکن لە نیشتمانە ڕەسەنەکانی کورد و ئەوان میوانی نوێ نین لەوێ وەك ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بە چڕی کاری لەسەر کراوە، بەڵکو هەر لە سەردەمی ئیسلامیدا ناوچەکانی باکووری شام هەر لە سەرێکانی وە تا دێرەك بوونەتە بەشێک لە قەڵەمڕەویی «دەوڵەتی دۆستەکی» کوردی، بە دیاریکراویش شارەکانی دەرباسیە، عامودا، قامشلی، دێرەك (عبدالرقیب یوسف: ٢١/١)، ئەم دەوڵەتەش زیاتر لە سەدەیەک حوکمڕانی ناوچەکەی کردووە (٩٨٢_١٠٨٦ ز).

لەگەڵ ئەو ئاماژانەی سەرەوەشدا، پێدراوە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن، کۆچ و ڕەوی چڕی کورد بۆ شام لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبیدا بووە (٥٧٠_٦٤٨ك/ ١١٧٤_١٢٥٠ز)، سنووری قەڵەمڕەوی ئەم بنەماڵە کوردییە لە میسرەوە بەرەو شام و جزیرە و هەولێر کشاوە، لە شارەکانی شامدا شوێنپێ و شوێنەواری زۆر و بەرچاویان هەیە بەتایبەت کە چواردە میری ئەیوبی لە دیمەشقی پایتەختدا حوکمڕانییان کردووە. سیاسەت و حوکمڕانی ئەیوبییەکانیش هۆکارێک بووە بۆ کۆچی هەندێک لە بنەماڵە و کەسایەتی دیاری دیکەی کورد لە ناوچەکانی دیکەوە بەرەو میسرو شام، بەهۆی ئەوانەوە ڕێژەیەک لە کورد ڕوویان لە دیمەشق و حەلەب و شارەکانی تری شام و لەوێشەوە وڵاتی میسر کردووە و کردوویانە بە وڵاتی خۆیان و تا ئێستاش

شوێنەوارەکانیان چ وەك ئەوقاف و چ وەك قەڵا و ناوی گەڕەگ و بازاڕ و گوند و سیمای دیکە بەرچاوە، هەر ئەیوبییەکانیش ژمارەیەك هۆزی کوردیان لە باشووری تەرابلوسی لوبنان و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و لوبنانی ئێستا نیشتەجێکردووە بۆ بەرەنگاریی هەڵمەتی خاچییەکان و ئەمەش لە زۆر سەرچاوەی مێژووییدا هاتووە (الحموي، معجم البلدان؛ البدليسي، شرفنامة)، ئەم کوردانەیش تا ئێستاش وەچە و درێژکراوەیان لە کەناری دەریای ناوەڕاست هەیە، بەڵام تەنیا لە ڕەچەڵەکی دووردا بە کورد ماونەتەوە و زیاتر بەر عەرەباندن کەوتوون.

هەر دەربارەی چالاکی و ئامادەیی ئەیوبییەکان لە شام، تەنیا ژن کە نازناوی «ست الشام»ی لە مێژووی دیمەشقدا هەڵگرتبێت، فاتمە خاتوونی خوشکی سوڵتان سەلاحەدین و کچی نەجمەدین ئەیوب و هاوژینی میر محەمەدی کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆیە، ئەم خاتوونە دوو قوتابخانەی لە دیمەشق بنیاتناوە کە دامەزراندن و کۆمەککردنی دەدرێتە پاڵ ئەو، لە ژیانی خۆشیدا سی و پێنج پادشای مەحرەمی خۆی دیوە، پاش مردنیشی هەر لە شامدا ئەسپەردە کراوە (الذهبي، ١٩٨٥: ٢٢/ ٧٨؛ الزركلي، ٢٠٠٢: ٧٧/٣)، یەکێکی تر لە شوێنپێ شارستانییەکانی کوردانی ئەیوبی لە شامدا لە دەرەوەی قەڵا و قوله سەربازییەکان، لەلایەن «ابن خلكان»ـەوە تۆمارکراوە (١٩٠٠: ٤/ ١٢١): پاش کۆچی دوایی فەرمانڕەوای هەولێر «موزەفەرەدین گۆگبەری»، هاوژینە ئەیوبییەکەی «ڕەبیعە خاتوون» (م. ١٢٤٥ز) کە خوشکی سوڵتان سەلاحەدینە، بەیەکجاری چووەتە شام و لەوێ لەنێو کوردەکانی بناری قاسیون قوتابخانەیەکی حەنبەلی کردووە بە وەقف. ئەم پرۆژەیەش بەشێکی کەمە لەو خزمەتە فێرکارییانەی بنەماڵەی ئەیوبی لە شامدا پێشکەشیانکردووە و شوێنەواری هەندێکیان هەتا ئێستاش ماوە. هەر لەچوارچێوەی ئەم خزمەتە فێرکارییانەشدا میرانی ئەیوبی نزیکەی پازدە قوتابخانەی جۆراوجۆریان بنیاتناوە لەگەڵ دابینکردنی وەقف بۆ بەردەوامییان، ئەم قوتابخانانەش زیاتر بۆ فەقێ و مەلا شافیعییەکان بوون و دووانیش لەوانە تایبەتکراون بە پەیڕەوانی مەزهەبی حەنەفی. شانبەشانی ئەیوبییەکانیش کوردی تر هەن بەشدارییان لە خزمەتی فێرکاری شامدا هەیە بۆ نموونە میری کورد «ناصرالدين القيمري» (مردن:١٣٠٧ز) قوتابخانەیەکی تایبەتی لەسەر دادوەر «شمس الدين الشهرزوري» وەقفکردووە و فەرماندەی دەستڕۆیشتووی سوپای شارەکەش بووە (النعيمي، ١٩٩٠: ١/ ٣٣٥).

لەنێو ئەو کوردانەشی لە سایەی دەوڵەتی ئەیوبیدا لە شام کاری گەورەیان کردووە دەشێت شارەزوورییەکان لە هەموویان بەناوبانگتر و دەرکەوتووتر بن. ئەم بنەماڵەیە

بە قسەی «یاقوت الحموي» (١٩٩٥: ٣/ ٣٧٦) هاوتای بنەماڵەی «ابن أبي عصرون»ی شامی بوون لە پێگەیاندنی زانا و ناودار و وەرگرتنی پۆستی دادوەریدا، لەم میانەیەشدا توێژینەوە نوێیەکان دەریدەخەن شارەزوورییەکان کە پانتاییەك بووە لە هەولێرەوە بۆ هەمەدان، لە نێوان سەدەکانی (٤ - ٧ك/ ١٠-١٣ز)، (٨) شەرعزان و (١٤) فەرموودەناس و (١٨) دادوەر و (٧) مامۆستای قوتابخانەیان تێدا هەڵکەوتووە (معروف، ٢٠١٤: ٢٤٢)، بە سەرنجدان لە ژیاننامەی ئەم ژمارەیەش بەشی هەرە زۆری ئەمانە کە دەگەڕێنەوە سەر هەر سێ خێزانی «ئال شارەزووریی، ئیبن سەڵاح، شەمسەدین کوردی» لە شامدا گیرساونەتەوە، بۆ نموونە «کەمالەدینی شارەزووری» هەڵسوڕێنەری کاروباری دادوەریی هەردوو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی بووە لە شام لە سەدەی (٦ك/١٢ز). لەناو هەڵگرانی ناسناوی شارەزوورییشدا، کەسایەتیی «جمال الإسلام» (مردووە: ٥٣٣ك/١١٣٩ك) ناوبانگی زۆری هەیە، بەتایبەت کە ماوەیەك لە دیمەشق هاوەڵ و بەردەستی «ئەبو حامید غەزالی» بووە، بەپێی گێڕانەوەی «ابن عساكر» (١٤٠٤هـ:٣٢٧) لە غەزالی ستایشی «جمال الإسلام»ی شارەزووریی کردووە، «فەرمانیشی پێکردووە کە دەرکەوێت بۆ فەتوادان و وانەوتنەوە». ئەم ناودارە شارەزوورییە شامییە (جمال الإسلام) کە ناوی «مسلم بن علي»یە، ماوەیەك جێگرەوەی «كمال الدين الشهرزوري» بووە لە کاروباری دادوەری کە لە (٥٦٤ك/١١٦٩ز)دا مردووە و خاوەنی «أحكام الخناثى»یە، کە ڕچەشکێنە لەبارەی مامەڵەی ئەوانەی دووڕەگەزن و ئازایەتی تێدایە لە فەتوادان لەبارەی ئەحکام و کاروباری «نێرەمووکەکان»ـەوە (ابن كثير، ١٩٩٣: ٦٠٣).

هەرچی «ئیبن سەلاح»ی شارەزووریشە (عثمان بن الصلاح) (مردووە: ٦٤٣ك)، یەکێکە لە ناسراوترین پێشەوا کوردەکانی ناو مەزهەبی شافیعی، لە چەند زانستێکی ئیسلامیشدا لێهاتوویی خۆی پیشانداوە، لەوانەیش: تەفسیر و فەرموودەناسی و شەرعزانی، هەروەها هەڵگری ناسناوی «الحافظ»ـە، کە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ پێگەی بەرزی شارەزایی کایەی شەرعی. هەرچەندە ناوبراو لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی «شرخان»ی هەولێرە لە نزیك شارەزوور، بەڵام لە دەوڵەتی ئەیوبییدا لە شام خزمەتیکردووە و ئەرك و بەرپرسیارێتی لە قوتابخانەکانی فەرموودەدا هەبووە (ابن خلكان، ١٩٠٠، ٣/٢٤٣_٢٤٥) کۆی وردبوونەوەکانیشی لە فەرموودەناسیدا لە دووتوێی بەرهەمێکدا کۆکردووەتەوە بەناوی «مقدمة»، کە بە قسەی «ابن حجر العسقلاني» لە « نزهة النظر»دا باشترین دانراوە لە زانستی فەرموودەناسیدا. ئەم زانا شارەزوورییە سەردەمانێك بەڕێوەبەر و گەورەی قوتابخانەی نیزامییەی قودس

سوریا و شام یەکێکن لە نیشتمانە ڕەسەنەکانی کورد و ئەوان میوانی نوێ نین لەوێ وەك ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بە چڕی کاری لەسەر کراوە، بەڵکو هەر لە سەردەمی ئیسلامیدا ناوچەکانی باکووری شام هەر لە سەرێکانی وە تا دێرەك بوونەتە بەشێك لە قەڵەمڕەویی «دەوڵەتی دۆستەکی» کوردی، بە دیاریکراویش شارەکانی دەرباسیە، عامودا، قامشلی، دێرەك

بووە کە بە «الناصرية» بە ناوبانگە و «سوڵتان سەلاحەدین» خۆی دایمەزراندووە، دواتریش لە دیمەشق سەرپەرشتیی خانەی فەرمووده (دار الحديث)ی «مەلیك ئەشرەف»ی ئەیوبی کردووە، لەگەڵ قوتابخانەی «ست الشام»ی زومرد خاتوونی هەمان بنەماڵە (ابن خلكان، ١٩٠٠، ٣/ ٢٤٣_٢٤٥).

کوردەکانی شام لە دەورانی ئەیوبیدا شانبەشانی خزمەتی زانستی و شەرعزانی، لە پاڵەوانانی شەڕ و بەرەنگاری خاچییەکان بوون، تەرمی هەندێک فەرماندەشیان هەر لە شامدا نێژراوە، لە دەوروبەری چیای «قاسیون»ی دیمەشقیق گەڕەکی تایبەتیان هەبووە. کوردەکان لە ناوچەکانی دیکەی شام و لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا قەڵا و پێگەی بەناوبانگیان هەبووە کە دیارترینیان «حصن الأكراد»ی پارێزگای «حمص»ـە و پەیوەستە بە «جبل لبنان»ـەوە. ئەم قەڵایە ئێستا لە لیستی شوێنەوارەکانی ڕێکخراوی یونسکۆدایە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەیەمینی زایینیدا بە کوردەکان سپێردراوە تا لەو پێگەیەوە ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە گۆڕینی ناوەکەی بۆ «حصن الحصن» کە شێواندن و تێکدانە هەوڵی سڕینەوەی ناوە کوردییەکەی دراوە (كردستاني، ٢٠١٣)، لەکاتێکدا لەنێو مێژوونووسە ئیسلامییە دێرینەکاندا کۆدەنگییەکی گەورەی لەسەرە کە «حصن الأكراد» ـە زۆر لەوانەش (ياقوت الحموي، ابن خلكان، ابن شداد، ابن الأثير، ابن جبير، ابن بطوطة، ابن كثير) و کۆمەڵێکی دی هەر بە «حصن الأكراد» ناویان بردووە.

ئامادەیی و چالاکی کورد لە شامدا تەنیا سەربازی نییە و بە هەڵمەتە خاچییەکانیشەوە پەیوەست نییە، بەڵکە دیوی شارستانی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆریشی هەیە، بۆ نموونە یەکێک لە فەرمانڕەواکانی دەوڵەتی حەمدانی لە ناوچەکە (ابن حمدان) لەگەڵ

خاتوونێکی کورد بەنێوی «فاطمة بنت أحمد الهزارمردي» هاوسەرگیری کردووە (التنوخي، ١٩٧٨: ١٠٨/٢)، هاوتای ئەمەش فرمانڕەوای دەوڵەتی دۆستەکی کوردی «سعید بن مروان» لەگەڵ خاتوونێکی بنەماڵەی میرانی حەمدانیدا بەناوی «ست الناس» هاوسەرگیری کردووە (ابن الأثیر، ١٩٩٧: ٧/ ٤٣٦). ئەم تێکەڵییە کۆمەڵایەتییەش لە حەلەب یەکێک بووە لە ڕایەڵەکانی پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە شارەکە.

لە پاش کۆتاییهانی حوکمڕانی ئەیوبییەکانیش کورد لە کۆچ و ڕەو بەرەو شام نەوەستاون، لەم میانەیەشدا هۆزەکانی لۆسە و باپیری لە دەمی شاڵاوەکانی مەغۆلدا لە ناوەڕاستی سەدەی ١٣ز ڕوویانکردووەتە شام و میسر (العمري، ١٤٣هـ: ٣/ ٢٦١)، هەر لەم میانەیەشدا لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەکراوە سێ هەزار پیاو لە شارەزوورەوە لەگەڵ خێزانەکانیان ڕوویان لە شام کردووە و سەرەتا لای «ناسر یوسف»ی ئەیوبی پادشای حەلەب و شام گیرساونەتەوە، لەسەر پێشنیازی قەیمەرییەکانیش پێشوازی باش کراون و چاویان لەسەربووە ببنە جەنگاوەر و ڕەگەزی تازەی دەوڵەت لە هەڵمەت و بەرەنگارییەکاندا (العمایرة، ٢٠٢٠: ١٢٤). کاتێکیش مەمالیك دەبنە حوکمڕان لە شامدا کەسایەتی وەك «عیزەدین کوردی» لە نەوەکانی شێخ عەدی لالش دەبێتە میری لیوای کوردان لە حەلەب لە کۆتاییەکانی مەمالیکی چەرکەسی، ئەم میرە کوردە هێندەش کاریگەر و ئازا دەبێت کوردەکان باوەڕیان وابووە هێزێکی نادیاری لە پشت بووە و لە دەوری کۆبوونەتەوە هەتا مردنی لە (٩٤٨ك/ ١٥٣٧ز)، (الکرملي: ٧/ ٣٠٩). بەپێی گێڕانەوەی «المقریزي» لە «الخطط»دا کوردانی ژێر فەرماندەیی عەدەوییەکان هێندە بەهێز بوون لە شامدا، خەریکبووە لە حوکمڕانی سوڵتانی مەمالیك «محەمەد بن قلاوون» هەڵگەڕێنەوە و کودەتای لێبکەن، بەڵام ئەو بەسەریاندا زاڵ بووە. جگە لەمەش مەمالیکەکان بەردەوامبوون لە پێدانی پۆست و ئیمتیازات بە سەرکردە و دەسەڵاتدارە کوردەکانی شام بەتایبەت «سوڵتان بێبەرس» (مردووە: ٦٧٦ك/ ١٢٧٧ز) لە بەرامبەریشدا کوردەکان لە ئەرکی پێشووی خۆیان بەردەوامبوون کە پاراستنی ناوچەکان و بەشداریکردن بووە لە شەڕی مەغۆلەکان و لەم میانەیەشدا پۆست و پایەی سەربازی باڵایان پێدراوە (العمایرة، ٢٠٢٠: ١٢٩).

لە پاش سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی تا بەرەو مێژووی نوێ و هاوچەرخ نزیک بیتەوە، ئاماژە و چالاکی و شوێنپێی کورد لە شامدا زیاتر دیارن، لەم میانەشەدا لە سەردەمی عوسمانی و لە مێژووی نوێشدا بە هەمانشێوە لە تۆمار و بەڵگەنامە و ئەرشیفدا ناوی بنەماڵە و هۆز و گوندەکانیان بەرچاوە. لە پەنای ئارامگاکانی

یەکێک لە پێشەوای فەرموودەناسان «ئیبن سەڵاحی شارەزووری» و سوڵتانی میسر و شام «سەڵاحەدینی ئەیوبی» دا، دیارترین سیمبولی کوردی لە مێژووی نوێی شامدا، ئارامگای «مەولانا خالیدی شارەزووری»یە لە «قاسیون»ی دیمەشق، ئەم مەزارەش کاروانسەرای موریدە سۆفییە عەرەب و تورکەکان بووە، بەپێی دەستنووسە بەردەستەکانی خەلیفەکانیشی «مەولانا خالید» لە نەخۆشی سەرە مەرگدا بە شوێنکەوتەکانی وتووە: ئەو بۆ مردن لەوێ ڕووی لە شام کردووە «چونکە خاکێکی پیرۆزە» (محمد، ٢٠٢٣: ١٩_٢٣). تا ئێستاش هەر لە دیمەشق و حەلەب و شارەکانی دیکەی شامدا پاشگری «الكردی» لەسەر ناوی کۆمەڵێک مزگەوت و گەڕەک و گۆڕستان لە تۆمار و بەڵگەنامەکاندا هەن، ئەمەش لێکدانەوەکەی جوگرافیناس و مێژوونوسی دیمەشقی «ابن فضل الله العمری» (١٤٢٣ە:٣/ ٢٥٩) پشتڕاستدەکاتەوە کە دەڵێت: کوردەکان ڕەگەزێکی تایبەتن لەناو جۆری گشتیدا، بەو واتایەی لەنێو فەزای ئیسلامەتی و عەرەبیدا هەمیشە پارێزگارییان لە تایبەتمەندی خۆیان کردووە و لە شامیشدا بەشێکن لە پێکهاتەی دێرینی ناوچەکە و میوانی سەرپێی نین.

سەرچاوەکان

کتێب:

ـ ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر البرمكي الإربلي. (ت ٦٨١هـ). وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان. تحقيق: إحسان عباس. بيروت: دار صادر.

ـ ابن عساكر، ثقة الدين أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله. (١٤٠٤هـ). (الطبعة الثالثة). تبيين كذب المفتري فيما نسب إلى الإمام أبي الحسن الأشعري. بيروت: دار الكتاب العربي.

ـ ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي. (١٤١٣هـ/١٩٩٣م). طبقات الشافعيين. تحقيق: أحمد عمر هاشم، ومحمد زينهم محمد عزب. القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية.

ـ البكري، أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد الأندلسي. (١٩٩٢). المسالك والممالك. بيروت: دار الغرب الإسلامي.

ـ التنوخي، المحسن بن علي بن محمد بن أبي الفهم داود. (١٩٧٨). الفرج بعد الشدة (تحقيق عبود الشالجي). بيروت: دار صادر.

ـ الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان. (١٩٨٥). سير أعلام النبلاء. الطبعة الثالثة. بيروت: مؤسسة الرسالة.

ـ الزركلي، خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس الدمشقي. (٢٠٠٢). الأعلام. الطبعة الخامسة عشر. بيروت: دار العلم للملايين.

ـ زكي، محمد أمين. (٢٠٠٣). خلاصة تاريخ الكورد وكوردستان (الجزء الثاني). ترجمة: محمد علي عوني. الطبعة الثانية. بيروت: الجمعية الكردية اللبنانية الخيرية.

ـ العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي العدوي. (١٤٢٣ هـ). مسالك الأبصار في ممالك الأمصار. أبو ظبي: المجمع الثقافي.

ـ الكرملي، أنستاس ماري الألياوي، وبطرس بن جبرائيل يوسف عواد، وكاظم الدجيلي. (تاريخ غير محدد). مجلة لغة العرب العراقية - مجلة شهرية أدبية علمية تاريخية. إصدار: وزارة الإعلام، الجمهورية العراقية - مديرية الثقافة العامة، مطبعة الآداب، بغداد.

ـ المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسين بن علي. (١٤٠٩ هـ). مروج الذهب ومعادن الجوهر. تحقيق: أسعد داغر. قم: دار الهجرة.

ـ النعيمي الدمشقي، عبد القادر بن محمد. (١٩٩٠). الدارس في تاريخ المدارس (تحقيق إبراهيم شمس الدين). الطبعة الأولى. بيروت: دار الكتب العلمية.

ـ ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله. (١٩٩٥). معجم البلدان. الطبعة الثانية. بيروت: دار صادر.

ـ يوسف، عبدالرقيب. (د.ت) الدولة الدوستكية. عفرين: عفرين نت.

ـ محەمەد، یاسین تەها. (٢٠٢٣) ناودارانی کورد لە دەستنووسخانەکانی عەرەبستان، سلێمانی: زانکۆی گەشەپێدان.

گۆڤارە زانستییەکان:

ـ دراوشة، ح. محمد حسن محمد(٢٠٠٧). مروان بن محمد (٧٢ هـ / ٦٩١ م - ١٣٢ هـ / ٧٤٩ م): دراسة تاريخية في أبعاد الصراع على الحكم. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا.

ـ ضياء يوسف معروف، «الأعلام المنسوبون لمدينة شهرزوور ٢٣٠-٨٨٣م/٩٤١-١٤٧٨م»، مجلة التراث العلمي العربي، جامعة بغداد، مركز إحياء التراث العلمي العربي، العدد ٢ (٢٠١٤): ص ٢٤٢

ـ العمايرة، محمد عبدالله: الدور العسكري للقبائل الكوردية في بلاد الشام خلال الثلاثين سنة الأولى من حكم دولة المماليك البحرية (٦٤٨- ٦٧٨هـ/ ١٢٥٠- ١٢٧٩ م) (٢٠٢٠). مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية, ٤(٢), ١٣٣-١١٠. متاح عبر: https://doi.org/10.26389/AJSRP.M031219

ـ فارس عثمان. (٢٠١٩)، الكرد في سوريا، موقع مدارات كرد، متاح: https://2h.ae/qEFH .

ـ كردستاني، آزاد حسو. (٢٠١٣). حصن الأكراد بين الماضي والحاضر. متاح عبر https://2h.ae/LFUf



کازم جەباری

سوریا کوانوی گەرمی ڕووداوەکان
گەشتێك بە مێژووی سوریادا

پێشەکی

سوریا یەکێکە لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لە دێرزەمانەوە بایەخێکی مێژوویی و شارستانی دیاری هەبووە، خاوەن پێگەی شارستانیەتێکی دێرینە و بەهۆی پێگە گرنگەکەیەوە زۆرترین جار ڕووبەرووی جەنگ و داگیرکاری بووەتەوە. لە مێژوودا چەندین نەتەوە هەژموونیان بەسەر خاکی سوریای ئێستادا هەبووە و فەرمانڕەواییان کرووە گرنگترینیان: (سۆمەرییەکان، ئاشوورییەکان، حیسیەکان(حیتییەکان)، ئامورییەکان، کەنعانییەکان(فینقییەکان)، ئارامییەکان، ڕۆمەکان، فارسەکان، موسڵمانەکان، بیزەنتینییەکان، مەمالیکەکان و ئەیوبییەکان ... هتد). هەروەها لە مێژووی کۆندا سوریا بەشێك بووە لە (بیلادی شام)، مەبەست لە (شام)یش هەریەك لە وڵاتانی (سوریا، لوبنان، ئوردن، فەلەستین)ی ئێستا دەکات. خاوەن شارستانییەتی ئیبلا و یەکێك لە کۆنترین پایتەختەکانی جیهانە کە شاری (دیمەشق)ە. ماوەیەکیش شارەکە ناوەندێکی گرنگی دەسەڵاتی سیاسی و شارستانی و کولتووریی و ڕۆشنبیریی و فەرمانڕەوایی ئەمەوییەکان بووە.

یەکەم: گەڕان بەدوای ناو و نازناوی سوریا:

ناوی وڵات کۆماری سوریای عەرەبی، بە عەرەبی (سورية) و بە ئینگلیزی (Syria) و بە کوردی (سوریا)، پایتەختەکەی (دیمەشق)ە، سوریا وشەیەکە بۆ ئەو هاوڵاتیانە بەکاردەهێنرێت کە بە دانیشتووی سوریا ناودەبرێن١(١) سەبارەت بە بەکارهێنانی ناوی سوریا و وشەکە بیروڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێك ناوەکە دەبەنەوە بۆ سەردەمی سەلجوقییەکان، ناوی (سوریا) لە سەردەمی دەسەڵاتی (سەلجوقی)یەکانەوە لە پێش زایین بەکارهاتووە و سەرچاوە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن یەکەمجار ئەو وشەیە لە زمانی ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتینەکان(هەرقل)ەوە بیستراوە. چەند سەرچاویەکی ئەدەبی کۆنیش باس لەوە دەکەن کە وشەی سوریا لەلایەن مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت) و شاعیری یۆنانی و خاوەنی (ئیلیادە و ئۆدیسە)، (هۆمیرۆس)ەوە ناوبراوە٢.

لە کۆندا وڵاتی شام، کە مەبەست لێی (سوریا، لوبنان، ئوردن، فەلەستین) و میزۆپۆتامیا(عێراق)، شانۆیەکی بەردەوامی شارستانییەتە کۆنەکان بوون، لەو ناوچانە بوون کە هەر لە دێرزەمانەوە ئاوەدان بووە و مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە و شارستانیەتی تێدا بوونیادنراوە. ئەگەرچی لەوکاتەدا ناوی هەرێمەکان تۆمار نەکرابوو، چونکە هیچ سنوورێک نەبوو کە لەیەکیان جیابکاتەوە. بەڵکو ئەم شوێنانە و ناوەکانیان بە دۆزینەوەی هەندێک نووسراو و تۆمار کە لەسەر بەردەکان کێشراون دەناسرێنەوە.

سەربارەت بە ناوی سوریا بیروڕای جیاواز لای مێژوونووسان و توێژەران گەڵاڵە بووە، کە ناوی سوریا لە چییەوە هاتووە و بۆ ئەم ناوەی لێنراوە؟ لە یەکێك لە کۆنترین سەرچاوەکاندا ئەوە هاتووە، کە ناوی سوریا ئاماژەیە بۆ ئیمپراتۆریەتی ئاشووری(ئاسور-ئاسیریا) کە لە وڵاتی هیلالی بەپیتدا نیشتەجێ بووە و ئەم ئیمپراتۆریەتە توانی شارستانییەتێکی پێشکەوتوو و ئاوەدان بنیات بنێت، کە کاریگەرییەکانی هەتا ئەمڕۆش دیارە. سەرچاوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە پیتی شین بە پیتی (س) گۆڕدرا و ئەمەش لە زمانی سامیدا ڕووداوێکی باو بووە ٣.

---

1. William Evans Smith, Syria a country study, the Amercan University, Washington D.C, Third Edition, American, 2016, p:xi

٢ . ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، سوریا، سایتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، ڕیکەوتی: ٢٠١٤/١٢/٢٠، بڕوانە بەستەری سایتەکە: 8l259g/gy.rb//:https

٣ . (براء الدویکات، لماذا سمیت سوریا بهذا الاسم، الموقع موضوع، بتاریخ: ١٠/ابریل ٢٠١٦، الموقع

هەندێکیان سەرچاوەی دیکە ناوەکە دەگەڕایێننەوە بۆ ئاشوورییەکان (ئاشوور- Assyria)، هەندێکیان بۆ سریانی، هەندێکیشیان پێیانوایە ناوی سوریا سەرچاوەکەی لە وشەی شامەوە هاتووە، کە لە زمانی سانسکریتیدا بەواتای (خۆر) دێت. هەندێك سەرچاوەی تر ناوەکە دەگەڕێننەوە بۆ ناوی شاری (صور) یاخود (سر). سەرچاوەش هەیە پێیوایە ناوەکە لە وشەی (هوری، خوری)، کە ئاماژەیە بۆ خورییەکان، پاشان پیتەکان لە زمانی بەکارهێناندا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و وشەی (خوری، هوری) بووە بە سوری. لەناو ڕۆمەکاندا ناوی (surus) بەواتای هەموو ئەو کەسانە دەهات کە بە زمانی سریانی قسەیان دەکرد.

لەسەر بنەمای هەموو ئەمانە، بۆ یەکەمجار ناوی شام لەلایەن یۆنانییەکانەوە هاتووە و بەمانای سروشتی دەوروبەری سوریایان وتووە، یاخود بەواتایەکی ئایینی لێکیانداوەتەوە، وەک ناوی خودایەک، یان سرووشتی و ژینگەیی، یاخود سەربازی

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو ناوانەی ناوی تایبەتی کەسییان هەڵگرتووە کە بە وڵاتان یان شارەکان دەدرێت، داهێنانێکی یۆنانی(سلوقییەکان)ە، وەک چۆن سلوقییەکان ناوی هەندێك لە شارەکانی سوریایان بەناوی کەسەکانەوە بەستووەتەوە، وەک لاودیقیا/ لازقیە، یان أفامیا، سلوقیا و هتد١. هەندێکی تر لە سەرچاوەکان وشەی شام و سوریا دەبەستنەوە بە دەریای (سوور)، وەك ئەوەی ناوی شام لە شارە دەرياييەکانی دەریای سوورەوە هاتووە، ناوی شام هێما بووە بۆ شارە دەریاییە بەناوبانگەکانی کە دەریای سوور. یۆنانییەکان خەڵکی دەوروبەرەکەیان دەناسی بەهۆی سەردانی و چالاکی بازرگانی وڵاتەکەیان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناچانە، کە بە سوریا ناویان بردوون. هەروەها وشەی (صار) لە زمانی فینیقیدا بەواتای بەرد یان دیوار دێت. ئەم ناوە لەسەر ئەو دراوە (پارە) دێرینانە هەڵکۆڵراوە، کە لەم شارەدا دۆزراونەتەوە٢. هەندێکی تر لە مێژوونووسان بەرگێکی ئایینی بەسەردا دەکەن بەوەی ناوی سوریا بۆ (سامی کوڕی حەزرەتی نوح) دەگێڕنەوە، چونکە ناوی (سام) لە زمانی سریانی عیبریدا بە (شام) هاتووە٣.

الكتروني: https://tinyurl.com/zhzkx٥٩

١. بشار خليف، سوريا الحضارة والاسم، الموقع New Syrian.net، الموقع الكتروني:
https://shorturl.at/RbabU

٢ . هنرى بدروس كيف، تعليق تاريخى حول ما معنى (سورية)، الموقع التنظيم الأرامي الديمقراطي، الموقع الكتروني: https://shorturl.at/cEy٠T

٣. اديب فرحات، سوريا و لبنان (مطول)، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٢٩، ص٧٨.

دووەم: سوریا لە مێژوودا:

زانایان وای بۆ دەچن کۆنترین پاشماوەی مرۆڤ کە لە سوریا دۆزرابێتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٧٠٠) هەزار ساڵ پێش زایین. شوێنەوارناسان ئێسکەپەیکەر و ئێسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵیان دۆزیوەتەوە کە لەم ماوەیەدا لەو ناوچەیەدا ژیاون. بۆ نموونە (ئیبلا)، شارێکە لە سوریا کە وا بیردەکرێتەوە کە لە دەوروبەری (٣٠٠٠پ. ز)، ژیان تێیدا بوونی هەبووە و یەکێکە لە کۆنترین شوێنە نیشتەجێبووەکان بووە کە مرۆڤی تێدا ژیاوە..

هەروەها سوریا یەکێک بوو لە ناوەندە سەرەتاییەکانی کولتووری مرۆیی چاخی بەردینی نوێ (١٢ هەزار)ساڵ لەمەوبەر. پێشکەوتنی گرنگ لە بواری کشتوکاڵدا لەوێ سەریهەڵدا، وەک پەرەپێدان و چاندنی جۆرەکانی دانەوێڵە و ڕامکردنی ئاژەڵ و ... هتد. ئەمە جگەلەوەی هەتا نزیکەی (٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین)، دەوڵەت شاری (ئیبلا) کە سوریای ئێستا دەکات، پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی سامی بوو کە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ سۆمەر و ئەکاد و تەنانەت میسرییەکانیشدا هەبوو، بەڵام لەشکرکێشییەکانی گەلانی دەریایی ئەم شارستانییەتەیان لە هەزارەی دووەمی پێش زایین لەناوبردا١.

لەگەڵ ئەوەشدا کەنعانییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە زاڵبوون. بەسەر ناوچە کەناراوییەکان و ناوەڕاست و باشووری سوریا، پاشان لە دواتر لە هەزارەی دووەمی پێش زایین دەسەڵاتیان کەمبوونەوە. کەنعانییەکان لە ناوچە کەناراوەکاندا بە فینقییەکان ناسرابوون، یۆنانییەکان ئەم ناوەیان بۆ دانابوون٢. ماوەیەك سوریا لەژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا بوو، دوای مردنی ئەسکەندەر سوریا بەر سلۆقسی یەکەم کەوت دواتر کەوتە دەست فارسەکان کاتێک ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕووخا، سوریا بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵات یان بیزەنتینییەکان٣.

---

١ Kallie Szczepanski, Syria | Facts and History, Thought co., August 05, 2018, Link:
https://shorturl.at/8uR7B

٢ أبوالفرج العيش، آثارنا في الإقليم السوري الجمهورية العربية المتحدة، الطبعة الاولى، المطبعة الجديدة، ديمشق-سوريا، ١٩٦٠، ص١٨.

٣ عوسمان عەبدلڕەحمان سمایل، کورد لە سوریا ١٩٢٠-١٩٤٦، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی، چ١، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٢٠.

لەساڵی (٦٣٧ز)ی سوپای موسڵمانان ئیمپراتۆریەتی بیزەنتینیان تێکشکاند و سوریایان کۆنترۆڵکرد. ئایینی ئیسلام بە خێرایی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاوبووەوە، موسڵمانەکان دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا چەسپاند. لە کۆتاییدا شاری (دیمەشق) بوو بە پایتەختی جیهانی ئیسلامی، بەڵام لە دەوروبەری ساڵی (٧٥٠)ی زاییندا، کاتێك دەسەڵاتی ئەمەوییەکان هەرەسی هێنا لە سەردەمی عەباسییەکاندا پایتەختی جیهانی ئیسلامی گوازرایەوە بۆ بەغدا لە عێراق، ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی دابەزینی ئابووری لە سوریا و بۆ چەند سەدەی داهاتوو ناوچەکە ناسەقامگیر بوو و لەلایەن گرووپە جیاوازەکانەوە حوکمڕانی دەکرا١.

هەروەها لە دوای نەمانی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بیزەنتینییەکان(ڕۆمانی ڕۆژهەڵات) هەوڵیاندا سوریا کۆنترۆڵ بکەن، چەندینجار هێرشیانکردە سەری و هەتا وڵاتەکەیان خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیانەوە. دواتر شارە گەورەکانی سوریایان لەدەستدا لە نێوان ساڵانی (٩٦٠ز بۆ ١٠٢٠ز)ی زایینی. ئاواتەکانی بیزەنتینییەکان کاڵبووەوە کاتێک تورکە سەلجوقییەکان لە کۆتایی سەدەی (١١)دا هێرشیان کردە سەر بیزەنتین و هەروەها بەشێک لە خودی سوریایان داگیرکرد، بەڵام لەهەمانکاتدا خاچپەرستانی مەسیحی لە ئەوروپاوە دەستیانکرد بە دامەزراندنی دەوڵەتە خاچپەرستە بچووکەکان بەدرێژایی کەناراوەکانی سوریا. ئەوان لەلایەن جەنگاوەرانی دژە خاچپەرستانەوە دژایەتی کران لەوانە لەنێویاندا سەلاحەدینی ئەیوبی کە سوڵتانی سوریا و میسر بوو.

هەردوو موسڵمانان و خاچپەرستان لە سوریا لە سەدەی (١٣)دا ڕووبەڕووی هەڕەشە و ئامادەسازی بوونەوە، لە شێوەی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلەکان کە دەسەڵاتیان بە خێرایی فراوان بوو. مەغۆلەکان هێرشیانکردە سەر سوریا و ڕووبەڕووی بەرخۆدانی توندی نەیارانیان بوونەوە لەلایەن سوپای مەمالیکەکانی میسر، کە لە شەڕی (عەین جەلوت) لە ساڵی (١٢٦٠ز)دا شکستیان بە مەغۆلەکان هێنا، هەتا ناوەڕاستی سەدەی (١٤)، مەمالیکەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا چەسپاند. هەروەها لە ساڵی (١٥١٦ز) زلهێزێکی نوێ دەستی بەسەر سوریادا گرت.

---

١. Amanda Onion, Missy Sullivan, Matt Mullen and Christian Zapata, Syria, History, August 21, 2018, Link: https://shorturl.at/BvRu٨

ئەویش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، هەتا ساڵی ١٩١٨ حوکمڕانی سوریا و باقی ناوچەکانی (شام)یان کرد.

سوڵتانی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەو هەڵەیەی کرد، کە هاوپەیمانی لەگەڵ بەرەی میحوەر (ئەڵمانییەکان و نەمسا-مەجارستان)دا کرد. کاتێک لە شەڕەکەدا دۆڕان، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە بە «پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا» ناسرابوو، شکستی هێنا و هەڵوەشایەوە. خرایە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان، بەریتانیا و فەرەنسا، زەوییەکانی پێشووی عوسمانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد. سوریا و لوبنان بەر فەرەنسا کەوتن. پاشان لە ساڵی ١٩٢٥ز ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا دژی کۆلۆنیالیزم بەرپا بوو پاشان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، حکومەتی فەرەنسا ئازادی و سەربەخۆیی بە سوریا بەخشی و دوایین سەربازی فەرەنسا لە مانگی نیسانی ١٩٤٦ خاکی سوریایان بەجێهێشت و وڵاتەکە سەربەخۆیی ڕاستەقینەی بەدەستهێنا١. دواتر ناوچەکانی سوریا لەلایەن سوررییەکان خۆیانەوە فەرمانڕەوایی دەکرا لەژێر ناوی کۆماری سوریای عەرەبی و ئینجا کۆماری سوریای یەکگرتوو، دیسانەوە کۆماری سوریای عەرەبی.

مێژوو و جوگرافیای ئەو گەلانەی لە سەر خاکی شام و سوریادا فەرمانڕەواییان کردووە لە نێوان ماوەکانی (٢٠٠٠پ. ز- ٢٠٢٥ز)٢

کەنعانییەکان (فینقییەکان) ٣٠٠٠ پ.ز- ٢٠٠٠ پ.ز کەناراو و ناوەڕاست و باشووری سوریا

حسییەکان/ هەزارەی دووەم و سێیەم/ باکوور و ناوەڕاستی سوریا

سۆمەرییەکان/ ٣٠٠٠ پ. ز- ٥٥٠٠ پ.ز/ باکووری سوریا

ئەکەدییەکان/ پ. ز- ١٢٥٠ پ. ز/ ڕۆژهەڵات و باکووری سوریا

ئامورییەکان/٢٢٠٠ پ. ز- ١٨٨٠ پ. ز/ باکووری سوریا

بابلییەکان/ ٢٦٥٠ پ. ز- ٣٥٠٠ پ. ز/ لە ڕۆژهەڵاتی سوریا

---

1 Kallie Szczepanski, Syria | Facts and History, Thought co., August 05, 2018, Link: https://shorturl.at/1fVPw

٢ سەرچاوە: سفارة الجمهورية العربية السورية في رومانيا، الجمهورية العربية السورية لمحة تاريخية، الموقع: سفارة الجمهورية العربية السورية في رومانيا، الموقع الكتروني: https://shorturl.at/SorGJ

ئارامییەکان/ ٧٩٥ پ. ز- ١٨٠٠ پ. ز/ لە زۆربەی ناوچەکانی سوریا

ئاشوورییەکان/ ٦٠٠ پ. ز- ١٠٦٠ پ. ز/ باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا

فارسەکان/ ٥٥٠ پ. ز- ٣٣٢ پ. ز / ناوچەکانی سوریا

یونانییەکان/ ٣٣٢ پ. ز- ٣٦٣ پ. ز / ناوچەکانی سوریا

ڕۆمانییەکان/ ٣٦٣ پ. ز- ٦٣٦ ز / ناوچەکانی سوریا

فتوحاتی ئیسلامی/ ٦٣٢ز– ٦٦١ز/ ناوچەکانی سوریا

سەردەمی ئەمەوییەکان/ ٦٦١ز- ٧٥٠ز / ناوچەکانی سوریا

بیزەتنییەکان/ ٩٦٠ز- ١٠٢٠ز/ ناوچەکانی سوریا

سەردەمی ئەیوبییەکان/ ٧٥٠ز- ١٢٥٨ز/ ناوچەکانی سوریا

سەردەمی مەمالیکەکان/ ١٢٦٠ز– ١٥١٧ز / ناوچەکانی سوریا

سەردەمی عوسمانییەکان/ ١٥١٧ز- ١٩١٨ز / ناوچەکانی سوریا

سەردەمی بەریتانیا و فەڕەنسا / ١٩١٨ز- ١٩٢٠ز/ ناوچەکانی سوریا

دەسەڵاتی عەرەبی سووری(ملك فیسەڵ)/١٩٢٠ز- ١٩٢١ز/ ناوچەکانی سوریا

ئینتیدابی فەڕەنسی/ ١٩٢١ز- ١٩٤٦ز / ناوچەکانی سوریا

سەربەخۆیی سوریا(عید الجلاء)/ ١٧/نیسانی ١٩٤٦ز/ ناوچەکانی سوریا

کۆماری سوریای عەرەبی/ ١٩٤٦ز- ١٩٥٨ز / تەواوی سوریا

کۆماری سوریای عەرەبی یەکگرتوو/ ١٩٥٨ز- ١٩٦١ز / تەواوی سوریا

کۆماری سوریای عەرەبی / ١٩٦١ز- ٢٠٢٥ز / تەواوی سوریا

بابەتی گشتی



د. حەیدەر لەشکری

خوێندنی فەلسەفە لە قوتابخانەی ئاییینیدا
هەڵسەنگاندنی ئەزموونی حەوزەی شیعی

دەستپێک

گوتنەوەی بابەتی فەلسەفە لە قوتابخانەی ئایینی، لە جیهانی ئیسلامیدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناوکۆی مێژوویی و کولتووریی دەزگای فێرکاریی ئایینەکەوە هەبووە. ئەم دەزگایانە خاڵی بەیەکگەیشتنی زانستە نەقڵییە نەریتییەکان و زانستە عەقڵییە تازەباوەکان بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتن و گەلاڵەبوونی سیستەمەتیکانەی دەزگاکان، لە چەند سەدەی یەکەمی مێژووی ئیسلامیدا. لەم ناوکۆیەدا «عیلم» کرۆکی فەلسەفەی فێرکاری ئیسلامی پێکدەهێنا و وەک بەخششێکی خودایی دەبینرا، کە بوارە جیاوازەکانی لەخۆدەگرت.

سەبارەت بە خوێندنی فەلسەفە لە قوتابخانەی ئایینی، بەتایبەت لەو شوێنانەی بواری خوێندنی دراوە، پێگەیەکی ئاڵۆز و پەرەسەندووی هەبووە. بە دینامیکا مێژوویی، لاهوتی و کولتورییەکانی ئەو ناوچانە کاریگەر بووە و ڕەنگدانەوەی ئەو سیستەمە هزرییانەش بووە، کە هەژموونیان بەسەر زەمینە ئایینییەکانەوە هەبووە.

بەم دواییانە عەبدولجەبار ڕیفاعی کتێبێکی لەبارەی خوێندنی فەلسەفە لە سیستەمی خوێندنی شیعیدا بڵاوکردەوە. کتێبەکە بە ناونیشانی «وانەی فەلسەفە لە قوتابخانە ئایینییەکاندا - واقیع و ئاسۆکانی چاوەڕوانی» (٢٠٢٤). دکتۆر عەبدولجەبار، یەکێکە لە کەسە هەرە دیارەکانی نێو پانتایی بیری هاوچەرخی ئیسلامی، بەتایبەت لە بواری ئەوەی ناونراوە «کەلامناسیی نوێ». مەبەستی سەرەکی ڕیفاعی لە نووسینی ئەم کتێبەی، تێگەیشتنە لەو ئاڵەنگارییانەی خوێندنی ئایینیی نەریتییانە، لە سەردەمی نوێدا، دووچاری بووەتەوە. بەتایبەت لە گووتنەوەی بابەتێکی زیندووی وەک فەلسەفە. کتێبەکە، وەک نووسەر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێداوە، بەرهەمی خوێندن و وتنەوەی خۆیەتی بۆ فەلسەفە، بۆماوەی زیاتر لە چل ساڵ. ئەزموونی وردبوونەوەیەتی لە ڕەوشی خوێندنی بابەتەکە، لەچوارچێوەی دەزگای فێرکاریی - حەوزەییدا (٢٠٢٤: ٢٥). ئەمە سەرباری خوێندنەوەی خۆی بۆ گوتاری سەردەمییانەی هزری شیعەگەری، کە هەندێک لە کارەکتەرە دیارەکانی نێو دەزگا ئایینیی - زانستییەکە، ڕۆڵیان لە بووژاندنەوەی ئەم گوتارە و فراوانکردنی سنورەکانی خوێندن و نووسین و گوتنەوەی بابەتی فەلسەفە هەبووە.

ناوکۆی مێژوویی خوێندنی فەلسەفە لە حەوزەکاندا

پەرەسەندنی مێژوویی خوێندنی فەلسەفە، لە قوتابخانەی ئایینی شیعەی ئیمامی، ئەو دەزگا گرنگەی پێی دەگوترێت حەوزەی زانستی، دەشێ هاوکار بێت لە بینینی چۆنیەتی سەرەدەری دەزگای فێرکاری لەگەڵ فەلسەفە و کاریگەری مێتۆدەکەیان بەسەر کۆی هزری ئیسلامییەوە. بابەتە بنەڕەتییەکانی کارەکەی ڕیفاعی لە بەشی یەکەمدا لەم چوارچێوەیە دەخولێنەوە. لێرە گفتوگۆی ڕیفاعی لەبارەی چۆنیەتی تێکەڵکردنی فەلسەفە بە خوێندنی نەریتی و ئاڵەنگارییەکانی جێگەی سەرنجن.

حەوزە، وەک دەزگایەکی ئایینیی - فێرکاری، زیاتر بە خوێندنی بابەتە شەرعییەکانەوە تایبەت بووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە فیقهی شیعی و ئوسوڵەکانی. زانستەکانی دی وەک زمان، مەنتقی ئەڕیستۆیی و کەلامناسی کلاسیک زیاتر دەروازەن بۆ خوێندنە شەرعییەکە. لەم ناوکۆیەدا فەلسەفە لە بابەتە سەرەکییەکانی خوێندنی حەوزەیی نەبووە. ڕیفاعی ئاماژە بەوە دەدات، لەم سیستەمی خوێندنەدا،

هەرچەندە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لای زانایانی شیعە برەوی سەندووە، بەڵام لەنێو سیستەمەکە هەروەک بابەتێکی هەڵبژاردە ماوەتەوە و خوێندن و نەخوێندنی بەند بووە بە ئارەزوو و ویستی فێرخوازانەوە. لە کتێبەکە وادەخوێنرێتەوە لاوەکیبوونی بابەتی فەلسەفە پەیوەندی بە چییەتی ئەو ڕەوتە فەلسەفییەوە هەبووە، کە دەزگای ئایینی شیعی بواری پێداوە هەبێت و هەژموونی بەسەر خوێندنی حەوزەییدا کردووە. ڕەوتێک کە کاتێکی باشی پێویستە هەتا فێرخوازەکان بتوانن تاقەتیان بەسەردا بشکێت. ئەویش «حیکمەتی باڵا – الحكمة المتعالية»یە، بەو فۆڕمەی لە قوتابخانە فەلسەفییەکەی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی شیرازی، ناسراو بە مەلا سەدرا (١٥٧٢-١٦٤٠ز)، بنەماکانی داڕێژراوە (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٣٤). ئەمەش، وەک زانراوە، ئاوێتەیەکە لە نێوان ڕەگەز، چەمک و ئامرازەکانی هەریەک لە فەلسەفەی مەشائی و ئیشراقەوە. لەپاڵیشیاندا عیرفانی فەلسەفی خوێندراوە، ئەویش بەوشێوەیەی محیەددین ئیبن عەرەبی لە بەرهەمەکانی، بەتایبەت «فصوص الحكم»دا بەرجەستەی کردووە. ئەمە سەرباری ئەو کەلامناسییە کلاسیکییەی دەمێک بوو ئاوێزانی مەنتقی ئەریستۆیی ببوو.

نووسەر (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٣٠-٣١) ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ داوە، کە ئەویش دەچێتە بواری کۆمەڵناسی مەعریفەوە، کاتێك دەڵێت لە زەمینەی شیعیدا، بەگشتی ئەوانەی بە گوتنەوە و بەرهەمهێنانی فەلسەفە و عیرفانەوە سەرقاڵ بوون، کەسانێک بوون خۆیان زاهیدانە ژیاون و ئەو شێوە ژیانەیان هەڵبژاردووە، کە کۆڵەکەیەکی عیرفانی ئیسلامییە. ژیانێکی زاهیدانە، بەمەبەستی دروستکردنی چەشنێک لە هاوسەنگی، لە نێوان خود و بابەت. ئەم زوهدەشیان، هەم لە هەڵسوکەوت هەمیش لە نووسین و شرۆڤە و شەرحەکانیان بۆ دەقە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە و عیرفاندا، دەبینرێت. بەچەشنێک کە لە هەندێک لەو کارانەیاندا تێکچڕژانێک هەیە لە نێوان هزری عەقڵانی و حیدسی عیرفانیدا.

لە تایبەتمەندییەکانی تری، ئامادەیی فەلسەفە لەنێو سیستەمی هزریی شیعە، کارەکتەرە دیارەکان ڕێگەیان بەخۆیانداوە لە دەرەوەی مەرزە نەریتییەکانەوە فەلسەفە ببینن. بەتایبەت لە سەردەمانی درەنگدا، ئەوکاتەی جیهانی ئیسلامی خۆی لە بەردەم بە مۆدێرنە و پاشخانە فەلسەفییەکەی ڕۆژئاوای نوێدا بینییەوە. ئیدی،

هەندێک لەوانەی لەنێو دەزگای حەوزەییدا سەرقاڵی فەلسەفە بوون، خودان هزرێکی کراوە بوون و خواستوویانە هەمەگیرانە لەم کایەیە بڕوانن. ئەوان بەوە نەوەستاون بە شرۆڤەی فەلسەفە نەریتییەکەوە لە ڕەوشی هەنووکە بگەن، بەڵکو ویستوویانە بە دیدگای نوێ و شەپۆل و ئاڕاستە سەردەمییەکانی فەلسەفەش ئاشنا ببن. لەم ناوکۆیە نووسەر ئاماژە بۆ ئەزموونی چەند کەسایەتییەکی دیار دەکات، کە لە نووسینەکانیاندا پڕژاونەتە سەر هەندێک لەو پرسانەی پێشتر باسیان لە کۆنتێکستی ئیسلامیدا نەبووە. بەرهەمی هەریەک لە تەباتەبائی، محەمەد باقری سەدر و هەوڵەکانی مورتەزای موتەهیری بە نموونە هێناوەتەوە.

تەباتەبائی، وەک دواتریش باسی دەکەین، لە نووسینەکانیدا هەر بە گێڕانەوەی کلاسیکانەی مێژووی فەلسەفە و دۆز و ئەو پرسانە نەوەستاوە، کە لەنێو مێژوودا باو بووە. بەڵکو هەوڵیداوە تێز و بیروبۆچوونی فەلسەفەی نوێش لەخۆبگرێت. ڕەنگە جەختکردنەوەی زۆری لەسەر «تیۆری زانین» ئاماژەیەکی گرنگ بێت بۆ بەزاندنی مەرزی تۆکمەی فەلسەفاندنی ئیسلامییانە. بەچەشنێک دەبینین «چییەتی زانین»ی خستۆتە پێشەوەی پرسە فەلسەفییەکانەوە، هەر لە «بەهای زانین»ەوە بگرە تا بە «سەرچاوەی زانین» دەگات و دواجاریش مەرزەکانی. سەدریش، لەلای خۆیەوە تەنیا تێگەیشتنە باوەکانی فەلسەفەی بەیان نەکردووە و نەیویستووە بەس بە سیستەمە نەریتییەکەی بیر بکاتەوە، بەڵکو لە خەمی ئەوەدا بووە ڕێبازێکی نوێی فەلسەفی لەبارەی «پەرەسەندنی زانینی مرۆیی» دابمەزرێنێت، کە لە دەرەوەی تێگەیشتنی هەردوو قوتابخانەی ئەزموونگەریی و عەقڵانییەوە بێت (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٣٤-٣٥). ئەمەشی بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی سەرچاوەی زانینی مرۆییانە ئەو ئاگاییە نێوخودییەیە، کە مرۆڤ لە بەرانبەر بە خۆی، وەک سەرچاوەی زانین، هەیەتی. لەم چوارچێوەیەشدا ویستویەتی بیسەلمێنێت زانین خودگەرانەیە، خودیش یەکەمین سەرچاوەی ڕەهای هەر زانینێکە، چونکە هەموو زانینێکی دەرەکی بە پڕۆسێسی درککردنی خودییانە تێدەپەڕێت و بابەتیبوونی و ڕاستبوونی پێ دەپێوێت. نووسەر دواتر ئاماژەی بە کرانەوەی موتەهیری بەسەر هزری فەلسەفی سەردەمەکەی دەکات، تا ئاستی ئەوەی بانگەوازی بۆ خوێندنی ڕەوتە نوێییەکان لە بەشە ئایینییەکاندا کردووە، با لەگەڵ خودی ئایینیشدا دژبووبن، لەوانەش مارکسیزم.



فەلسەفە لە حەوزەی نەجەف

دەزگای حەوزەیی لە نەجەف، لە مێژووی خۆیدا، خۆی لە نێوان قەبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی خوێندنی فەلسەفە بینیوەتەوە، هەندێک کەسایەتی دیاری نێو ئەم دەزگایە بانگەوازی خوێندنیان کردووە، چ وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتنی باشتری بنەما فیقهییەکان و زانستە شەرعییەکانی تر، چ وەک کایەیەکی سەربەخۆی تێهزرین. یانیش وەک ئامرازێکی بەرەنگاربوونەوەی مەعریفییانە و کۆمەڵایەتییانەی ڕەوت و ئایدۆلۆژیا سەردەمییەکان.

عەبدولجەبار ڕیفاعی خوێندنی فەلسەفەی لە قوتابخانەی نەجەف بەسەر چوار قۆناغی مێژوویی دابەشکردووە. هەر قۆناغەی ڕەنگدانەوەی ڕەوشی زەمەنی و کارەکتەرە کاراکان بووە، ئەوانەی ڕۆڵیان لە هزرین و خوێندنی دیداکتیکانەی فەلسەفە هەبووە. دەستپێکی خوێندنیش لە شارەکە پەیوستە بە کۆچکردنی زانای دیاری شیعە ئەبو جەعفەری تووسی (٩٩٥-١٠٦٧ز) بۆ ئەوێ، لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا. ئەو لەوێ بووەتە ئیمامی هەرە دیار و مامۆستای بەرچاوی زانستە ئایینی و عەقڵییەکان. ڕیفاعی هاتووە بایۆگرافیایەکی کورتی ئەم زانایەی نووسیوەتەوە، تا لەمیانەیدا چۆنیەتی پێگەیشتنی کەسێتیی ئایینی – زانستییەکەی ڕوونبکاتەوە. هەروەها جێکەوتەی ئەم ڕەهەندەی کەسێتییەکەی، بەسەر ناسنامەی قوتابخانەی نەجەف دەربخات (٢٠٢٤: ١٤٩). لەم بایۆگرافییایشدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەوەی لە ژیانی تووسی جێگەی هەڵوەستەیە، سەرقاڵبوونی بووە بە کەلامناسی و بەکارهێنانی مێتۆد و چەمک و دەستەواژە مەنتقییەکان لە داڕشتنی تێگەیشتنی باوەڕییانەی، کە تەنانەت لە بەرهەمە ئوسوڵی و فیقهییەکانیشی ڕەنگدانەوەی هەبووە.

عەبدولجەباری ڕیفاعی (٢٠٢٤: ١٥٨) وایدەبینێ هەوڵی بەهائەدین حەیدەری ئامولی (١٣١٩-١٣٨٥ز)، یەکەمین هەوڵی گشتگیر بووبێت، بۆ تۆکمەکردنی ڕەوتی هێرمینۆتیکانە لەنێو سیستەمی هزریی ئیسلامیی – شیعیدا. هەرچەندە ئەمەش بە دڵی زۆر لە زانا نەریتییەکانی شیعە نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی چەند زانایەکی ئەوێ، کە درێژەپێدەری ڕێبازەکەی ئامولی بوون، دەریدەخات ئەو فۆڕمەی خوێندنی فەلسەفی هەر بەردەوامی هەبووە. با تێکەڵ بە بابەتەکانی تری زانستە عەقڵییەکانیش (بیرکاری، ئەندازە، پزیشکی ... تادوایی) بووبێت. قۆناغی دواتر، کە

کەوتۆتە نێوان سەدەی نۆ بۆ سێزدەی زایینی، قۆناغی گرنگیدان و سەرقاڵبوونە بە مەنتیقی کلاسیک و کەلامناسی باو و زانستە عەقڵییە نەریتییەکان.

دوا قۆناغ، کە قۆناغی درەنگە تا نها، لەلایەن ڕیفاعییەوە زۆرتر گرنگی پێدراوە، بەتایبەت کە ئەو خۆی پێگەیشتووی ئەم قۆناغەیە. ئەمە قۆناغی ئامادەیی و کارابوونی «مامۆستایانی خودایی»ە، بە دەستەواژە ئیشراقییەکە. قۆناغی لەخۆگرتن و خوێندنی حیکمەتی باڵایە، کە بە چەند سەدەیەک تێپەڕیوە و هێشتا درێژەی هەیە. لە دوایین سەردەمەکانیدا، قوتابخانەکە ئاڕاستەی هزریی - دیداکتیکانەی خۆی لە خوێندنی فەلسەفە بەتەواوی یەکلاکردووەتەوە، کولتووری مەلا سەدرای وەک هزر و مێتۆدی خوێندن هەڵبژاردووە. ئەمە بێگومان بێ پشتگوێخستنی پاشخانە عیرفانییەکەی ئیبن عەرەبی. ئەو هەژموونەی هزری مەلا سەدرا جێکەوتەی بەسەر ژیانی عەقڵی ئەم شارە هەبووە، تا ئاستی ئەوەی، وەک ڕیفاعی دەڵێت (٢٠٢٤: ١٧٣)، کاریگەری قوتابخانەی مەشائی بەسەر پانتاییەکە زۆر کەم کردووەتەوە.

بەگشتی، ئەوەی لە قوتابخانەی نەجەف سەرنجی ڕیفاعی ڕاکێشاوە، ئەو کاریگەریی و کارتێکردنە بووە، کە لە نێوان کایە فەلسەفییەکان و زانستە شەرعییەکان و بنەماکانی فیقهی شیعیدا هەبووە. ڕیفاعی وایدەبینێ زانستە عەقڵییەکان بەتەواوی سنوری ئەو زانستە شەرعییانەیان لەنێو حەوزەکاندا بڕیوە. بە چەشنێک وایلێهاتووە، لە هەندێک بواردا بونیادی زانستەکان، بەپێی چەمک و دەستەواژەی نێو سیستەمی زانستە عەقڵییەکان بەتایبەت مەنتق، داڕێژراونەتەوە. هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانیش، لە دیدگای فەلسەفییەوە دەربڕدراون. نووسەر نموونە بە بنەمای فیقهی شیعی دەهێنێتەوە، کە چۆن ڕەگەزە فەلسەفییەکان بوونەتە ڕاگیرێکی. تا ئاستێک، کە هەندێک لە زانای نەریتی (بەتایبەت ئەوانەی خۆیان دەگێڕنەوە سەر قوتابخانەی هەڵوەشانەوەگەری) پێیانوایە لە بنەڕەتدا بنەما نەماوە، ئەوەی هەیە مەنتق و کەلامناسییە.

لێرەوە ڕەوتی دژەفەلسەفە بەردەوام بانگەوازی ئەوە دەکەن، کە دەبێت گۆڕەپانی زانستە ئایینییەکان لە جێکەوتە و نیشتەنییەکانی زانستە عەقڵییەکان پاک بکرێتەوە. ڕیفاعی دەڵێ ئەمە شەڕ و مشتومڕێکی هزری گەورەی لە پانتاییە شیعییەکە دروستکردووە، بەڵام خۆ «پاککردنەوە» و دابڕینی زانستە شەرعییەکان نەک هەر



ئاسان نییە، بەڵکو زۆر ئەستەمە لە کاریگەرییەکانی ڕۆحی سەردەم بەدوور بگیرێن. ئەم ڕەوشە وایکردووە دژایەتیکردنی وانەی فەلسەفە لە نەجەف و حەوزەکانی تر (لەوانەش مەشهەد و قوم) وەک ڕەوت و ئاڕاستەیەکی ئایینی لێهاتووە، تا ئاستی ئەوەی هەندێکجار ئەوانەی خوویان داوەتە فەلسەفە و زانستەکانی بە کافر دانراون (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٨٤-٨٥). تەنانەت هەندێک لە فەقیهەکان گەیشتونەتە ئەوەی فەتوا لە دژی ئەم تەرزە خوێندنە بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بە بەراورد بە فێرخوازانی حەوزەی قوم، خوێندنی لە نەجەف هەر بەردەوام بووە، بەڵام بەکزیی و کەمتر سەرنجی فێرخوازانی ڕاکێشاوە. ڕیفاعی ئەمە وەک ئایرۆنییەک دەبینێت، چونکە لە بنەڕەتدا خوێندنی فەلسەفە لە قوم بە کاریگەری فێرخوازانی نەجەفەوە بووە، کە لەسەرووی هەمووشیانەوە محەمەد حوسێن تەباتەبائی دێت.

تەباتەبائی و بووژاندنەوەی خوێندنی فەلسەفی

عەبدولجەبار ڕیفاعی، باسی تەبەتەبائی پێش باسی قوتابخانەی نەجەف خستووە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە، بەر لە تێگەیشتن لە پەرەسەندنی ئەم قوتابخانەیە، تێگەیشتن لە محەمەد حوسێن تەبەتەبائی وەک نموونەیەکی خوێندن و بەرهەمهێنانی فەلسەفە، ئاڵۆز دەبێت. بەتایبەت ئەگەر دەبینین ئەم کارەکتەرە وەک بەرهەمێکی ئەم حەوزەیە دەبینرێت و یەکێک لە پێگەیشتووانی نێو حەوزە زانستییەیە و نوێنەری هەرە دیاریەتی لە گوتنەوە و نووسینی فەلسەفیدا.

تەباتەبائی بە تەفسیرەکەی بۆ قورئان، لە دەمێکدا کە تەفسیری قورئان لە پانتایی شیعیدا لاواز ببوو، ناسراوە. لەگەڵ تێکەڵبوونی بە بەرهەمەکانی مەلاسەدرا و هەوڵدانی بۆ پێشکەشکردنی شرۆڤەیەکی نوێ، بەو سیستەمە هزرییەی ‹‹حیکمەتی باڵا››ی لەسەر دامەزراوە. ئەم زانایە، لەو دە ساڵەی لە نەجەفی بەسەر بردووە، ڕەهەندە فەلسەفی، عیرفانی و زانستیی کەسێتییەکەی بەتەواوی پێگەیشتووە. لەم حەوزەیە، لەسەردەستی مامۆستایەکی وەک حوسێنی بادکۆیی (م. ١٣٥٨) و چەندانی دی، دەقە هەرە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی مەشائی، حیکمەتی باڵا، مەنتق، ماتماتیک و چەند دەقێکی گرنگی فەلسەفەی ئاکاری خوێندووە (مجموعة مؤلفين، ٢٠١٢). ڕیفاعی ئاماژە بەوە دەدات، کە سەختی ژیان و ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی تێیدابووە،

ڕۆڵیان لە پێگەیشتنی کەسێتی ڕۆحانییانەی ئەودا هەبووە. دژواربوونی ئەم ژیانەیەتی وایکردووە، جیا لە زانایانەی حەوزەیی، جیهانبینی خۆی دابڕێژێت. تا ئەوکاتەی لە حەوزەی قوم جێگەی بووەتەوە و دەستیداوەتە وانەوتنەوە و نووسین و ڕەوشی باشتر بووە. بەرهەمە فەلسەفییەکانیشی هەر لەم قۆناغەدا نووسیون.

تەباتەبائی لەوە گەیشتبوو، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەنێو حەوزە، لە ئاستی ئاڵەنگارییە هەنوکەییەکان نەبووە. هەربۆیە هەوڵیداوە بواری خوێندنی فەلسەفی فراوان بکات. ئاکامی هەوڵەکانیشی دروستبوونی ئەو گرۆیە بوو، کە بە «ئەڵقەی فەلسەفی قوم» ناسراوە(٢٠٢٤: ٨٣). ئەوەی بواری دروستکردنی ئەڵقەیەکی ئاوا گرنگی بۆ ڕەخساندووە، کەمی مامۆستای سەردەمییانەی حیکمەت و فەلسەفە بوو لەنێو دەزگا زانستییەکە. ئەم هەنگاوەی ئەویش چەشنێک بوو لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی دژە فەلسەفە، کە بەسەر هزری زانایانی دەستڕۆیشتووی نێو حەوزەکە زاڵ ببوو. ژیریی و لێهاتوویی تەباتەبائی وایکردووە، هەوڵەکانی بۆ بوژاندنەوەی وانەی فەلسەفە، سەربگرێت. بەتایبەت کاتێك توانیویەتی، وا لە بەشێک لەم زانایانە بکات، درک بە بەهاداریی ئەم خوێندنە بکەن، لە سەردەمێکدا چیتر حەوزە سەرچاوەی زانین و بیرکردنەوە نەمابوو و ئەوانەی دەهاتنە نێو دەزگاکەش، لە ئاکامی بەریەککەوتنیان لەگەڵ ڕەوتە ئایدۆلۆژی و فەلسەفییەکانی وەک مەتریالیزم و ئایدیالیزمەوە، لەبەردەم بە ئاڵەنگاری هزریی گەورەدا بوون.

چاوەڕێی ئەوە ناکرێت لەو قالبە نەریتییەی بۆ خوێندنی فەلسەفە باو بوو، کەسێک بتوانێت پەیڕەوی لە چوارچێوەیەکی نوێی مێتۆدییانە، لە شرۆڤە و نوسینەوەی پرسە فەلسەفەییەکاندا بکات. بۆیە دەبینین تەباتەبائییش، لەو کتێبانەی پەیوەستن بە خوداناسییەوە، هەر ئەو مێتۆدەی پەیڕەو کردووە، کە نوسەرانی قوتابخانەی حیکمەتی باڵا بەکاریان هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کارەکەی ئەو جودا دەکاتەوە، دابەشکردنی بوارە فەلسەفییەکان بوو، بەسەر چەند بەرهەمێک، بەو مەبەستەی خوێنەرانی فەلسەفە بتوانن سیستەماتیکانە، لە دەورکردنەوەی پرس و دۆزەکان، بەردەوام بن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بزانین، کە بۆ ئەم زانایە، گەیاندنی تێز و بۆچوونەکانی بۆ بەردەنگانی سانا نەبووە، ئەگەر پەیڕەوی لە شێوازێکی تایبەت بە خۆی نەکردایە.

لێرەوە ئەو نەیخواستووە، لە شرۆڤە و لێکدانەوە، وەک مۆدێلە نەریتییەکە درێژدادڕی بکات. بەپێچەوانەوە هاتووە بە چڕوپڕی نووسیویەتی و ئەمەش بۆتە مۆرکێکی شێوازی داڕشتنی گوتاری فەلسەفی و ئەم شێوازەی لەکاتی وانەگوتنەوەشدا پەیڕەو کردووە.

بەپێی گێڕانەوەی قوتابییەکانی بێت، سیستەماتیکانە و دوور لە زێدەگۆیی بووە؛ ڕستەیەکی خوێندووەتەوە و بە کورت و پوختی ڕوونیکردووەتەوە و تا کۆتایی وانەکە هەر وایکردووە. ڕیفاعی (٢٠٢٤: ١٢٤) پێیوایە ئەمەی بۆیە کردووە، تا لەگەڵ تەمەنی خوێندنی سەردەمییانە بگونجێت و وانەی فەلسەفە چەندین ساڵی پێویست نەبێت و ترس لەلای قوتابی حەوزەیی دروست نەکات. لەلایەکی دیەوە، ئاگایی ئەو بە پەرەسەندنی زانستە سروشتییەکان و ئەو شۆڕشە کۆپەرنیکیی - نیوتنییەی ڕوویدابوو، جەربەزەیی ئەوەی پێداوە، دەست لە سروشتناسیی کلاسیک هەڵبگرێت، کە چیدی شێواز و پرسەکانی نێوی، لەگەڵ تیۆر و ڕاستییە سەردەمییەکان نەدەگونجان. ڕەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت، هەوڵی ناسینی فەلسەفەی نوێی ئەوروپایی بدات و بە خاڵی بەیەکگەیشتن یان دوورکەوتنەوەی ئەم فەلسەفەیە لەگەڵ فەلسەفە نەریتییەکە ئاشنا ببێت. خۆ ئەو، ئەگەر هاتووە ڕەخنەی لەو فەلسەفەیەش گرتووە، مەبەستی بووە سیستەمێکی فەلسەفی دابڕێژێت، لە دووتوێیدا، دراو و چەمک و واژەکانی نێو فەلسەفەی ئیسلامی بەکاربهێنێت و دووبارە، لە میانەی ئاوێتەکردن و ئاوێزان لەگەڵ چەمک و واژەکانی فەلسەفە ئەورووپاییەکە، بەرهەمیان بهێنێتەوە. لەمەشدا مەبەستی بووە فەلسەفەی ئیسلامی، لەو قاڵبە تەسکەی بۆ داڕێژرابوو، دەربهێنێت. ڕێچکەیەک دروستبکات بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەییانە، دوور لە بابەت و پرسە مردووە نەریتییەکان.

ئەوەی تەباتەبائی لە کارەکتەرە حەوزەوییەکانی تری جیادەکردەوە، گۆڕینی ئەو چوارچێوەیە بوو، کە فەلسەفاندنی تێدا جێگیر کرابوو. ئەو هەر لەو ئەڵقە فەلسەفییەی دروستیکردبوو و بەو گفتوگۆیانەی ئەنجامی دەدان، توانیبووی پردێک لە نێوان تیۆرە نەریتییەکان و سەردەمییەکان دروستبکات. لەنێو ئەم ئەڵقەیەدا ناوە دیارەکانی هزریی هاوچەرخی شیعە پێگەیشتوون و دەرکەوتوون (موتەهیری، بەهەشتی، جەعفەری سوبحانی، حائیری ... تاد). بەرهەمی ئەم ئەڵقەیەش کتێبی

‹‹بنەماکانی فەلسەفە و ڕێبازی واقیعی›› بوو، کە هەرچەندە نووسەر (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٦٥) پێیوایە چەشنێک لە ناهاوسەنگی و سادەیی لە تێگەیشتنی فەلسەفەی مۆدێرن پێوە دیارە، بەڵام دواجار دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ ئاشنابوون بە ڕەوتە نوێیەکان، لە دەرەوەی بازنەی نەریتییانەی فەلسەفەی ئیسلامیدا.

بێگومان ئەمە بەو مانایە نایەت جێکەوتەی هەوڵەکانی ئەو زانایە، بە ئەڵقەکەی قوم کۆتایی هاتبێت. ئەوەی لەوێ دەستیپێکرد، دواتر لە ئەڵقەی تاران، کە لە ١٩٥٨ بەدواوە دروستبوو، بەردەوامی هەبووە، ئەگەر بە فۆڕمێکی جیاوازیش لە هی چوارچێوە دەزگاییە – حەوزەییەکەی قومیش بووبێت. ئەوەی تاران، بە گفتوگۆی چڕی نێوان تەباتەبائی و هێنری کۆربان، فەیلەسوف و ئیسلامناسی دیاری فەڕەنسایی، دەستیپێکرد. ئاکامەکەشی پێگەیشتنی چەند ناوێکی تر بوو، لە دەستەبژێری ئێرانی، وەک داریۆشی شایگان و سەید حوسێن نەسر. لێرە خوێندنی فەلسەفی و گفتوگۆکان سنورەکانی تێگەیشتنە ئیسلامییەکەیان تێپەڕاند، بە ئاڕاستەی کەشف و دۆزینەوەی پانتایی تری هزرییانە هەنگاویان نا، لەوانەش ڕێبازی تاوییەکان.

هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییانەی وانەی فەلسەفە

بە بۆچوونی ئێمە، بەشی هەرە سەرنجڕاکێشی نێو کتێبەکەی عەبدولجەباری ڕیفاعی ئەو ڕەخنە و هەڵسەنگاندنانەیەتی، کە بۆ خوێندنی فەلسەفە لە قوتابخانە ئایینییە نەریتییەکان، بەتایبەتیش حەوزەکان، کردوویەتی. دەستی لەسەر چەند خەوش و کێماسییەک داناوە، کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم بینینی دەستکەوتەکانی دەزگای ئایینی لە بواری فەلسەفە، هەروەها جێکەوتەیان بەسەر ڕەوشی هزرییەوە.

ڕەخنەی هەرە بنەڕەتی ئەو سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتی فەلسەفەیە؛ خولانەوەی ئەم خوێندنە بەدەوری هزری مەلا سەدرا و نووسینەکانی، هەر لە سەرچاوەکانی هزرەکەیەوە بگرە (مەشائی، غەزالی، ئیشراق، ئیبن عەرەبی ... تادوایی)، تا بە تێز و بەرهەمەکانی دەگات. بەچەشنێک تا ئەمڕۆش، لە هەردوو حەوزە سەرەکییەکەدا (نەجەف، قوم)، حیکمەتی باڵا تەوەرەی سەرەکی خوێندنە.

ڕیفاعی هۆی ئەم چەقبەستنە بە ‹‹نەبوونی جەربەزەیی هزرییانە لەپێناو تێپەڕاندنی فەلسەفەی سەدرایی›› دەبەستێتەوە. هەوڵە تاقانەکەی محەمەد باقر

ئەلسەدری لێ دەربێنە، پرۆژەیەکی ئەوتۆی فەلسەفی نەبووە، بتوانێت خوێندنەکە لە هەژموونی چەمک، واژە و ڕستە هزرییەکانی قوتابخانەی حیکمەتی باڵا دەرباز بکات. هەربۆیە ئەوەی هەیە زیاتر پێداچوونەوە، شرۆڤە و وەرگێڕانی دەقە بنەڕەتییەکانە (وەرگێڕان لە نێوان عەرەبی و فارسی)، ئەمە سەرباری لێکدانەوەی تەڵقینییانەی ئەو شرۆڤانەی پێشین، کە بۆ دەقەکان کرابوون. بێگومان ئەمە چوارچێوەیەکی دۆگمایە و بەربەستە لەبەردەم هەم بەرهەمهێنانی دەقی نوێی فەلسەفی، هەمیش نوێکردنەوەی شێوازی گوتنەوەی بابەتەکە. بەچەشنێک وایلێهاتووە، هێشتنەوە و پارێزیکردن لەم پرۆسێسە فێرکارییە بەو شێوە دەقگرتووە، خەمی هەرە سەرەکی مامۆستای فەلسەفە و کۆی دەزگاکە بووە.

کێشەی ڕیفاعی لەگەڵ ئەم چەقگیرییە هەر لەوەدانییە، ڕێگر بووبێت لەبەردەم نوێبوونەوەی وانەی فەلسەفە، بەڵکو لەوەشدایە ڕەسەنێتیی فەلسەفەکەی مەلا و ئەو ڕەگەزانەی بانگەشەی دەکرد، کە گوایە خۆی داهێنەریانە، پرسیاری زۆریان لەسەرە. ئەم نووسەرە بۆچوونی چەندین توێژەر دەهێنێتەوە، بە پشتبەستن بە مێتۆدی بەراوردکاری، بەوە گەیشتوون تێزە بنەڕەتییەکانی سەدرا هی خۆی نین. تەنانەت هەندێکیان ڕاشکاوانە دەڵێن ئەو، بێ ئاماژەدان، بیروبۆچوونی زانا و فەیلەسوفانی پێش خۆی (سوهرەوەردی و شرۆڤەکارانی، فەخری ڕازی، ئیبن عەرەبی) بردووە و تۆمەتبارە بە دزینی تێزەکانیان. بەتایبەت کتێبی ‹‹الاسفار الأربعة››ەکەی، کە لە زۆربەی بەشەکانی بریتییە لە گواستنەوەی دەقی ئەوانیتر، تەنانەت - بە ڕای ریفاعی - تیۆری ‹‹جوڵەی کرۆکییانە››، کە لە ناوەندی فەلسەفیدا هزری سەدرای پێ ناسراوە، لە بنەڕەتدا تیۆری ‹‹نوێبوونەوەی هاوشێوە››کەی ئیبن عەرەبییە (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٣٩-٤٥) بە کەمێک دەسکارییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەژموونی فەلسەفەی سەدرایی بەسەر خوێندنی حەوزە هەر ماوەتەوە و لەوێدا نەخراوەتە ژێر ئەو پرسی ڕەسەنێتییە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی وەلانانی ڕەوت و ئاڕاستەی دی تەنانەت نێو فەلسەفەی ئیسلامیش. بەچەشنێک دەبینین فەیلەسوفانی وەک کیندی، فاڕابی و ئیبن سینا، بۆ قوتابیانی حەوزە نەناسراون. ئەگەر شتێکیان لەبارەوە بزانن، ئەوا هەر بەهۆی نووسینەکانی سەدراوەن. خۆ قوتابخانەی فەلسەفی ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی (ئیبن توفەیل،

ئیبن باجە، ئیبن ڕوشد) هەر هیچیان لەبارەوە نازانرێت. بەتایبەت کە لە قوتابخانەی حیکمەتی باڵاشدا کەمتر ناسراون و بەدەگمەن بەسەرچاوە گیراون. هەربۆیە قوتابی حەوزەیش هیچیان لەبارەوە ناخوێنن، تەنانەت مامۆستاکانیش، لەوانە مورتەزای موتەهیریی و جەلالەدینی ئاشتیانی، نەک هەر هزری ئەم فەیلەسوفانەیان پشتگوێ خستووە، بەڵکو بە فەیلەسوفیشیان نازانن.

هەرچۆنێک بێت، عەبدولجەباری ڕیفاعی پێیوایە ئاکامی هەژموونی فەلسەفەی سەدرایی، هەر وەلانانی ڕەوتە فەلسەفییەکانی دی نەبووە، بەڵکو چۆنیەتی کارکردن و ڕێبازێتی لە هزریندا، کە ڕەنگدانەوەی ئەو تێکەڵییەی نێوان مەشائی، ئیشراق، عیرفانی ئیبن عەرەبی و کەلامناسییە نەریتییەکەیە. لەم ناوکۆیە، عەقڵ لەخۆیدا بابەت نییە و عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە جێگەی نەبووەتەوە (وەک چۆن ئیبن ڕوشد کاری لەسەر کردبوو) (٢٠٢٤: ٥١)، بەڵکو بەهانەیە بۆ دەستپێکی ئەوتۆ، بتوانێت بەو ئامانجانەت بگەیەنێت، کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوە.

نووسەرەکەمان، لە پەیوەند بەم بابەتە و گرێدراو بە بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفییەوە، تێبینییەکی گرنگیداوە. بەڵام زۆر بە کورتی و شرۆڤەی زۆری بۆ نەکردووە و درێژەی پێنەداوە، لەکاتێکدا بابەتەکە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت. ئەو دەڵێ ئەو مانەوەیە لە سنوری فەلسەفەی سەدرایی، گوزارە لە ئاڵۆسکاوی کەسێتیی ئێرانی و عەقڵییەتەکەی دەکات؛ کەسێتییەکی ڕازگری کڕۆکگەرا، کە سەوداسەری نهێنی و ڕازەکانە. ئەمەش لەگەڵ ئەو ئاوێزانەی فەلسەفە و عیرفان، کە مەلا سەدرا و قوتابخانەکەی پێی ناسراون، ڕێک دێتەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە ببێتە بەشێکی هەرە بنەڕەت لە سیاسەتیی ئایینی کۆماری ئیسلامی و بەسەر سیستەمی خوێندن و بەرهەمی فەلسەفیی وڵاتەکەدا زاڵ ببێت و لەنێو لێکۆڵینەوەی ئێراناسیشدا سەنتەرێتی هەبێت. ئەوەی ڕیفاعی خۆی لێ بووریوە و وردی نەکردووەتەوە، جێکەوتەی ئەم سیاسەتەیە بەسەر شیعەی ئیمامی غەیرە ئێرانی و چۆنیەتی پابەندبوون یان نەبوونی هزری شیعییە بەم ڕەوت و ئاڕاستەیە.

خاڵێکی تری پەیوەست بەم ڕەخنەیەی نووسەر، ئەوەیە کە ناوی ناوە «سەنتەرگیریی ناسنامەی باوەڕییانە» لە هزری فەلسەفیی حەوزەییدا. وەک زانراوە، ناسنامەی باوەڕییانە چەشنێکی خۆگونجاندنی مێژووکردانەیە، کە پەیبردن

بە خودی مرۆڤی باوەڕدار و درککردنی بە دەوروبەرەکەی لە قاڵب دەدات. لەگەڵیشیدا ئەگەر بابەتەکە بێتە سەر بیرکردنەوە، مەرزێکی مەعریفی بۆ هەر چەشن و فۆڕمێکی هزرین دادەنێت. وادەکات، لەنێویدا، بیرکردنەوە مانای هەبێت و خۆی بگونجێنێت. خۆ ئەگەر ناسنامە باوەڕییەکە، لە پەرەسەندنی مێژووییدا، گەیشتبووە قۆناغی دۆگمابوون و نەگۆڕییەوە، ئەوا توانای خۆداڕشتنەوەی کەمتر دەبێت. بۆیە ڕیفاعی پێیوایە ئەم چەشنە ناسنامەیە مردووە. ناسنامەی کراوە ئەوەیە کاریگەریی و کارتێکردنی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەبێت و توانای نواندنی ڕەگەزە زیندووەکانی ناسنامە و بنکە ژیارییەکانی تری هەبێت، ئەوە ئەگەر دەخوازێت سەردەمییانە دەربکەوێت و جێکەوتەی هەبێت (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٥٥-٥٦). ئیدی، ئەوە نەکرانەوەی ناسنامەکەیە، مێتۆدی هزریی فەلسەفی خستۆتە نێو دۆخی نەگۆڕەوە و وایلێکردووە پتر سەرقاڵی چەند پرس و دۆزێکی باوەڕییانە بێت، کە جیاوازن و دوورن لەو دۆز و قەیرانانەی باوەڕداری ئێستاییانە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. هەربۆیە ئەوەی هەیە نامۆ بە سەردەمەکە دەردەکەوێت.

عەبدولجەباری ڕیفاعی نەهاتووە باس لەو چوارچێوە باوەڕییە حەوزەییە بکات، کە هزرینی فەلسەفیان بەسەرخۆیدا داخستووە، ڕەنگە ئەمەش پەیوەست بێت بە هەستیاریی بابەتەکە، یانیش زاڵبوونی ئەو تێگەیشتنە مرۆڤگەراییەی هزری ئەوی، وەک کەلامناسێکی هاوچەرخ، پێ ناسراوە. بۆیە هاتووە گشتگیرانە لەم بابەتە دواوە؛ جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی هزرینی فەلسەفی نوێ نابێتەوە، ئەگەر نەچێتە دەرەوەی دۆگما باوەڕی، ئایدۆلۆژی و ناسنامەییەکانەوە، چونکە هەر کارێکی ئاوا خۆدزینەوەیە و تێخزاندنی باوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەیە بۆ نێو هزرینی پەتی و نواندنیەتی وەک فەلسەفە و مەعریفە. بەڵام خۆ ئەمە فەلسەفاندن نییە، ئەوەندەی هەرزەگۆییە و سادەکردنەوەی کایە فەلسەفییەکانە. لەکاتێکدا، ئەم کایانە، وردبوونە و تێڕامان و بیری قووڵیان پێویستە.

لەم ڕوانگەیەوە نووسەر (الرفاعي، ٢٠٢٤: ٥٦-٥٧) هاتووە ڕەخنە لە کتێبێکی وەک ‹‹فەلسەفەی ئێمە - فلسفتنا››ی محەممەد باقر ئەلسەدر دەگرێت، لەوەی پرسی بنەڕەتی تێیدا فەلسەفاندن نیە، بەڵکو کەلامگۆییە، چونکە نووسەرەکەی مەبەستی هزرین نەبووە لەخۆیدا، بەڵکو سەلماندنی هەبوونی خودا بووە، بە بەکارهێنانی

ڕێبازە مەنتقییە ئەریستۆییەکە، لە سەلماندن و بەڵگەسازیدا. هەربۆیە، ئەگەر دەڵێ فەلسەفەی ئێمە، ئەوا چوارچێوە باوەڕییەکەی ناسنامەکەیەتی، کە پرۆسەی هزرین ئاڕاستەی کردووە، نەک تێڕامانێکی فەلسەفییانەی سەرووی باوەڕ و ناسنامە.

ڕەخنەیەکی نزیک بەمە لە گوتارە فەلسەفییەکەی تەباتەبائیش دەگرێت. پێیوایە هەوڵی ئەو بۆ سەلماندن و جەختکردنەوەی لەسەر سەرچاوە ئیسلامییەکانی حیکمەتی خودایی و لێکدانەوەی دەقی قورئانی، یانیش وتە و دەستەواژەکانی نێو کتێبی «نهج البلاغة»، چەشنێکە لە زێدەڕۆیی. ڕیفاعی پێیوایە، ئەوەی کردوویەتی، دەرچوونە لە خوێندنەوەی دروستی دەقە بنەڕەتییەکان، زێدەبارییە بەسەر ئەم دەقانە و سەپاندنی مانای فەلسەفییە بەسەر بیروڕای ئەوتۆ، کە واژەکانی ئەو مانایە لەخۆناگرن (٢٠٢٤: ١١٨-١٢١). ئەوەی تەباتەبائی کردوویەتی تێپەڕینە بەسەر مێژووی هاتنە بەرهەمی دەق و شیکردنەوەیانە بە دەستەواژەی ئەوتۆ، کە لە سەردەمی خۆیاندا، لە دەرەوەی چوارچێوەی هزرین و بیرکردنەوەدا بووە.

ئەم ڕەخنەیەی نووسەر گرێدراوە بە دابڕانی خوێندنی حەوزەیی لە فەلسەفەی سەردەمەوە. گرفتەکانی فەلسەفەی نەریتی، بەوشێوەیەی لە جیهانی ئیسلامی بێ جیاوازییە مەزهەبییەکان دەخوێنرێت، ئەوکاتە زیادیکردووە، ئەگەر مامۆستاکان خۆیان لە بەردەم فەلسەفەی مۆدێرنی ئەورووپاییدا دۆزییەوە، بەتایبەت فەلسەفەی مەتریاڵی و ئەزموونگەرایی. گەورە زانایانی وەک تەباتەبائی و موتەهیری و سەدر، ئەگەر هاتوون ڕەخنەیان لەم ڕەوتە فەلسەفییانە گرتووە، هەر لە ڕۆشنایی مەنتیقە ئەریستۆییەکە بیریان کردووەتەوە. نووسەر چەندین نموونەی کێماسی ئەم خوێندنەوەی هێناوەتەوە. بۆ نموونە، لە ڕەخنەگرتن لە ئەزموونگەراکان، تەباتەبائی ڕایگەیاندووە گوایە ئەوان سنووری ئەزموون فراوان دەکەن، تا جیهانی فیزیک تێپەڕێنێت و بەرەو میتافیزیک بچێت. لەکاتێکدا ئەزموون خۆی پەیوەستە بە فیزیکەوە. بۆیە هەر ڕەتکردنەوە یان نەفیکردنێکی میتافیزیک بە ئەزموون هەڵە دەردەچێت، چونکە ئەمە جیهانێکە هەست و ئەزموون و کەرەستەکانی ناتوانن درکی پێ بکەن (٢٠٢٤: ٣٣).

خۆ ئەم قسەکردنەش لەسەر چەند ڕەوتێکی فەلسەفی، کەمتر خەمێکی فەلسەفییانە بووە، ئەوەندەی سەرچاوەکەی ترس بوو لە کاریگەرییەکانی

بیرکردنەوەی جیاوازی نا تەقلیدی؛ ترسان لە کاریگەری ئایدۆلۆژیا غەیرە دینییەکان بەسەر ناوەندی کۆمەڵایەتیی شیعییەوە. ئیدی گرفتی سەرەکی لەبەردەم بە خوێندنی فەلسەفە ئەوکاتە زیاتر بووە، ئەگەر کارەکتەرە حەوزەییەکان بینیان هەندێک تیۆر و ئایدۆلۆژیا و ڕەوتی نوێی فەلسەفی و زانستی، لەسەرووی هەمووشیانەوە فەلسەفە مەتریالیستییەکەی مارکس ڕەواجیان پەیدا کردووە و تەنانەت، وەک ڕیفاعی (٢٠٢٤: ١٧٢) دەڵێت: «دالانەکانی حەوزە زانستییەکانیشی بڕی». ئەم ئاڵەنگارییە هزریی – ئایدۆلۆژییە، پێویستی بەوە بووە هەندێک لەو کارەکتەرانە هەوڵبدەن بەرەنگاری فەلسەفە مەتریاڵییەکە ببنەوە.

هەرچۆنێک بێت، ئەوەی وەڵامی حەوزەیی لاواز نواندووە و دابڕانەکەی نێوان خوێندنی فەلسەفە و ئێستای فەلسەفەی قووڵتر کردبووەوە، کارەکتەرە دیارەکانی نێو حەوزەکان، لەبەر بەربەستی زمان و نەزانینی زمانەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی، بێئاگابوون لەو دابڕانە مەعریفییانەی نێوان فەلسەفەی نوێ و فەلسەفەی کلاسیک، بەتایبەت دابڕان لەگەڵ مەنتیقە ئەرِیستۆییەکە، کە وەک چەندجارێک ئاماژەمان پێدا، چوارچێوەی هزریی فەلسەفیی ئیسلامی پێکهێناوە و زمان و تێگەیشتنی فەیلەسوفانی ئیسلامی تێدا قەتیس بووە. هەربۆیە ئاسان نەبوو، ئەگەر هەوڵیشیان دابێت، لە دەرەوەی ئەو کاتیگۆرییانەی شارەزایان بوو، هزری فەیلەسوفانی وەک کانت، هیگڵ، مارکس و هایدگەر، بخوێننەوە.

کۆتایی

خوێندنەوەی ڕیفاعی بۆ پرۆسێسی مێژووکردانەی وتنەوەی فەلسەفە، لە دەزگای حەوزەییدا، خەمێکی ئێستاییانەی ئەوی لەپشتە؛ خەمی ئامادەیی ناجۆر و نادروستی ئەم کایەیە، لەنێو جڤاکە ئیسلامییەکان بەگشتی، کە تێیاندا هێشتا تێگەیشتنی نەریتییانەی ئایین بیرکردنەوەی عەقڵانی پەردەپۆش کردووە. ئەو پێیوایە ئەگەر بشێت ئەرکێک بە فەلسەفە بدەین، ئەوا بریتی دەبێت لە جوداکردنەوەی سنوری هەریەک لەوەی دونیاییە، لەگەڵ ئەوەی دینییە. ئەگەر وانەبێت پەردەکە مرۆڤ لە دۆخی تاریکی دەهێڵێتەوە. خۆ ئەگەر دنیاش دینەکە قوت بدات، ئەوکات ڕۆح دەچێتە نێو حاڵەتی متبوون و مرۆڤ لەنێو ڕاڕایی و بێماناییدا تێدەچێت (٢٠٢٤: ٥٨). کەواتە،

ئەوەی ئەو ویستی لەسەرە، هاوسەنگییە لە نێوان بیرکردنەوەی عەقڵانی و باوەڕداری. ئەوەش، کە دەشێت ئەم هاوسەنگییە دروستبکات کارەکتەرە ئایینییەکانن، بەڵام بەو مەرجەی پەروەردەیەکی دروست کرابن، بە فەلسەفە و تێگەیشتنی سەردەمییانە بۆ عەقڵ و عەقڵانییەت.

وەک بینیمان، بەشێکی تێبینی و ڕەخنەکانی ڕیفاعی لە خوێندنی فەلسەفە گشتی بوون و بەشێکیشیان لەوە دەچێ ڕەنگدانەوەی ئەزموونی کەسی بن، بەڵام لە هەردوو باردا ڕەخنەی وردن، دەشێ دەزگا ئایینییە سەردەمییەکان، سەبارەت بە گرنگی خوێندنی فەلسەفی و قەیرانی ئەو چەشنە خوێندنە نەریتییەی هێشتا زاڵە لە پێگەیاندنی سەردەمییانەی قوتابییەکانیان، وەئاگا بهێنێتەوە. هەنگاوی یەکەمیش بەم ئاڕاستەیە، بریتییە لە جێنشینکردنی دەقە فەلسەفییەکانی پێشین، لە ناوکۆی مێژوویی و زەمەنییانەی لەدایکبوونیان. پێیوایە خوێندنی فەلسەفەی نەریتی، بەوە دەبێت لەچوارچێوە زەمەنییەکەی خۆی و ئەو ڕەوشە مێژووییەی کاریگەری بەسەر داڕشتنییەوە هەبووە دابنرێت(٢٠٢٤: ٦٤). هەر هەوڵێک بۆ خوێندنەوە یان سەپاندنی بەسەر ئێستا، لە دەرەوەی پاشخانە مێژووییەکەی و سەرەدەری لەگەڵ چەمک و واژەکانی نێویان، وەک هزری ڕەها و دابڕاو لە دەوروبەر و ئاسۆ ژیارییەکانی لەدایکبوونیان، سەرەڕۆییەکی هزرییانەیە. هەوڵێکی پەردەپۆشکراوە بە ئایدۆلۆژیای باوی ئایینییەوە، کە ئەوەندەی بەدوای پیرۆزکردنی دەقەکان یان تەکفیرکردنیانەوەیە، ئەوەندە بەدوای خوێندنەوەی زەمینەی گەلاڵەبوونی تێز و چەمک و واژەکانیان نییە. ئەو جێنشینکردنەی نووسەرەکەمان بانگەوازی بۆ دەکات، دەشێ هاوکار بێت لە ڕزگاربوون لە هەژموونی دەقی پێشینان، بەسەر زەین و عەقڵی بەردەنگانی ئێستا. هەروەها تێکشکاندنی ئەو پێوەندانەی چالاکی عەقڵیی بەندکردووە و هزرینی لەهەر داهێنان و نوێگەرییەکە بەتاڵ کردۆتەوە.

ئەو خوێندنەوە مێژووییەی نەریتی وانەوتنەی فەلسەفە و هەوڵی جێگیرکردنی لە ئێستادا، بەخۆدابرین و دوورەپەرێزی، لە بەرهەمی سەردەمییانەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفەی مۆدێر مەیسەر نابێت. عەبدولجەبار ڕیفاعی (٢٠٢٤: ٦٥-٦٧) وایدەبینێت، کە پەیوەندیگرێدان لەگەڵ ئەم کایە و بوارە زانستییانە پێداویستییە، نەک زێدە مەسرەفییەکی ئیپستمۆلۆژییانە بێت. بەڵام کارێکی واش

ئاسان نییە، لەهەمبەر بە گوتاری هەژموونگەرانەی ئەوانەی بەسەر دەزگا ئایینیی – زانستییەکەدا زاڵن و خۆیان لەنێو نەریتەکاندا بەند کردووە و دەرگا و پەنجەرەیان بەسەر هەر ڕەوتێکی نوێباو داخستووە و نزیکبوونەوە، لە ئەزموونی مەعریفییانەی غەیری خۆیان، بە بڤە دەزانن. ئەمە لەکاتێکدا نوسەرەکەمان پێیوایە، ئێمەش لەگەڵیدا هاوڕاین، کرانەوە بەسەر زانستە سەردەمییەکان، هەنگاوی هەرە گرنگە لەپێناو نوێکردنەوەی خوێندنی ئایینی بەگشتی و وتنەوەی فەلسەفە بەتایبەتی. وەنەبێ مەبەستی لەخۆگرتنی کوێرانەی تێز و بۆچوونەکان بێت، بەڵکو داوا دەکات خوێندنەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەیی بۆ هەر تێز و تیۆر و بیروبۆچونێک بکەین؛ چەمک و واژەکان بەپێی خوێندنەوەی خۆمان پۆلێنبەند بکەین، تا بتوانین سوود لەو ڕەگەزانە وەربگرین، کە لەگەڵ ژینگەی ئێمەدا دەگونجێن. ئەمەش، هەر بەڕای ئەو، بەگەڕخستنی ڕەهەندە شرۆڤەکارییە گشتگیرەکانی ئەم زانستانە دەبێت، تا هاوکارمان بێت لە پەرەپێدانی ئاگایی و درککردنمان بە چییەتی حەقیقەتەوە.


ژێدەر

الرفاعي، عبد الجبار (٢٠٢٤).

- الدرس الفلسفي في المدارس الدينية؛ الواقع و آفاق الانتظار، الكويت – بغداد – بيروت: منشورات تكوين و الرافدين.

مجموعة مؤلفين (٢٠١٢)

- محمد حسين الطباطبائي مفسرا وفيلسوفا – دراسات في فكره و منهجه، تعريب: عباس صافي، بيروت: مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي.



ژیان و شیعری بڵاونەکراوەی
شێخ ڕەزای تاڵەبانی
لە ئەرشیڤی عوسمانیدا

هێمن عومەر خۆشناو و فەرهاد عەزیز خۆشناو

١-پێشەکی:

مێژووی ئەدەبی کوردی بەگشتی و مێژووی ژیانی شاعیرانی کلاسیکمان، هێشتا لە چوارچێوەی شیعرەکان و بەشێك لە مێژووی زارەکییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیەش کە ژیانی زۆرترین شاعیرانی کلاسیك- کوردیی ناوەند کەوتووەتە سەدەی نۆزدە، بەڵام زانیاریی ئەوتۆ لەبارەی ژیانیانەوە بەتەواوی دەستنەکەوتووە. لەو ڕوانگەیەوە پشتبەستن بە ئەرشیڤی وڵاتانی دەوروبەر بەگشتی و ئەرشیڤی دەوڵەتی عوسمانی وا دەکات سەرەداوی زیاتر لەبارەیانەوە بدۆزرێتەوە. بەوپێیەی کە عوسمانییەکان چەند سەدە حکومڕانی بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانیان کردووە. لەو سۆنگەیەوە ئەستەنبوڵیش وەك پایتەختی ئەو ئیمپراتۆرییە ناوەندی هاتوچۆی بەشێك لە شاعیران و ناودارانی کورد بووە، هەربۆیە بەشێك لە ژیان و بەرهەمی ئەو کەسایەتییە کوردانە لەوێ دەدۆزرێنەوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، جگەلەوەی کوڕی کەسایەتییەك و ڕابەرێکی گەورەی ئاینییە، کە هەر لە سەردەمی عوسمانیدا بەرهەمەکانی چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لەهەمانکاتدا کەسێکی ڕێزلێگیراو بووە، خۆیشی چ بە بۆنەی باوکی و چ بە نووسینی شیعر بە چوار زمان و مانەوەی لە ئەستەنبوڵ، بووەتە جێی سەرنجی دەسەڵاتدارانی عوسمانی. لەنێو توێژەر و ڕەخنەگرانی کوردیشدا یەکێکە لەو شاعیرانەی ئاوڕی زۆر لێدراوەتەوە و چەندینجار و لە لایەن گەلێك توێژەرەوە دیوانەکەی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هێشتایش بەشێك لە ژیان و شیعری هەر بە نادیاری ماونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە یارمەتی ئەرشیفی عوسمانی، تیشك دەخاتە سەر بەشێك لە ژیانی و ئەو بەڵگەنامانە لە تورکی عوسمانییەوە بۆ یەکەمجار بۆ کوردیی ناوەند دەخاتەڕوو، کە باس لە بەشێك لە ژیانی دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا شیعرێکی بڵاونەکراوەی ناوبراو بۆ یەکەمجار بڵاودەکاتەوە. توێژینەوەکە لەبەر سێبەری بەڵگەنامەکان چەند بۆچوونێکی پێشووی توێژەران سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیانی شێخ ڕەزا ڕاستدەکاتەوە و دەستنیشانی پەیوەندیی و پلەوپایەکەی لەنێو دەسەڵاتدارانی عوسمانیدا دەکات. هەروەها دەستخەتێکی دیکەی ناوبراو بۆ یەکەمجار لە دەستخەتخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ دەدۆزێتەوە و ئاوڕ لەو چەند وتارەش دەداتەوە کە بە تورکی عوسمانی سەبارەت بە ژیان و بەرهەمی شێخ ڕەزا نووسراون.

توێژینەوەکە دەخوازێت لەو ڕێگەیەوە خشتێك بخاتە سەر دیواری مێژووی ناتەواویی ئەدەبیمان و هاندەر بێت بۆئەوەی لە ڕێی ئەو ئەرشیڤانەوە ئاوڕ لە شاعیر و کەسایەتی دیکەی کورد بدرێتەوە.

٢-شێخ ڕەزا لە ئەرشیفی عوسمانیدا

٢-١ دەستخەتی دیوانەکەی

لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ کەشکۆڵێك دەبینرێت، کە نازانرێت کێ نووسیویەتییەوە، تێیدا وێرای نموونەی شیعری چەند شاعیرێکی فارس و تورك، بەشی زۆری کەشکۆڵەکە بۆ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی تەرخانکراوە، لەگەڵێشیدا کورتەیەك لە ژیانی بە زمانی تورکی نووسراوە و زۆرترین شیعرەکانیشی شیعری تورکین و کەمێك شیعری کوردیشی تێدان. بە بەراوردکردنی ئەم دەستخەتە لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی شێخ ڕەزا، بۆی هەیە هەندێ گۆڕانکاری لە دیوانەکەیدا بێتەدی و ئەم دەستخەتە یەکەمجارە دەدۆزرێتەوە و دەناسێنرێت. (F 1612)

٢-٢: شێخ ڕەزا لەنێو گۆڤارە تورکییەکاندا

٢-٢-١- شێخ ڕەزا لە گۆڤاری (تصوف)دا:

حەیدەریزادە ئیبراهیم (١٨٦٤-١٩٣٣) لە نووسینێکیدا لە گۆڤاری (تصوف)[١] لە ساڵی ١٩١١ بەناوی (تراجم احوال صوفیه) بە زمانی تورکی باسی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی کردووە و لەنێویشیدا تیشکی خستووەتە سەر کەسایەتی ئەدەبی و عیرفانی شێخ ڕەزا و بە دەربڕینی (ان هذا الشبل من ذاك الاسد) وەسفی دەکات و بە میراتگری بەلاغەتی باوکی دادەنێت. (حیدریزادە ابراهیم، ١٣٢٩، ٣-٥)

٢-٢-٢- شێخ ڕەزا لە گۆڤاری (فکرلر)دا:

لە ژمارە ٣ی گۆڤاری (فکرلر)دا، کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئیزمیر دەرچووە، کمال امین وتارێکی بەناوی (کرکوکلی شیخ ڕضا) بڵاوکردووەتەوە، تێیدا وێڕای باسکردنی بنەماڵەی شێخ ڕەزا، باسی شێوە و بەژن و باڵا و شێوازی شیعریی و هەندێ لە پەیوەندییەکان و قسەخۆشەکانی دەکات و تەنانەت هەندێ نموونەی شیعری بە تورکی و فارسیشی هێناوەتەوە و موناسەبەی گوتنی شیعرەکانیشی دەستنیشانکردووە. (امین، ١٩٢٧، ٢-٤)

٢-٣- شێخ ڕەزا لەنێو بەڵگەنامەکاندا

بەڵگەنامەیەك کە ڕێکەوتی ١٧ی موحەرەمی ساڵی ١٢٨٦ ی کۆچی (کە دەکاتە ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٨٦٩ ی زایینی) لەسەر نووسراوە، تێیدا باس لەوە دەکات یەکێك لە مەشایەخە ناودارەکانی قادری لە کەرکووك کوڕی مەرحوومی عالمی موتەبەحیر عەبدولڕەحمان ئەفەندی یە و ناوی ڕەزا ئەفەندییە و بەمەبەستی لوتف لەگەڵ نواندنی هاتووەتە ئەستەنبوڵ و ئەو شایانی عەتف و بەزەییە، بۆیە چوارسەد قرووشی بۆ تەرخانکراوە، چاوەڕێی ئەمر و فەرمانی جەنابی ملوکانە و شەرەف

---

١ ئەم گۆڤارە یەکەم ژمارەی لە ١٩١١/٣/٢٣ دەرچووە و دوای ٣٥ ژمارە لە بڵاوبوونەوە وەستا. سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازەکەی شێخ مستەفا صەففەتی نوێنەری شاری ئورفا بوو. گۆڤارەکە هەشت لاپەڕ بوو و هەموو بابەتەکانی لە چوارچێوەی مژارەکانی تەسەووفدا بوو. لە بابەتی شیعردا ئەو شیعرانەی بڵاودەکرانەوە زۆربەیان فارسی بوون و کەمێك شیعری تورکی و عەرەبیشی تێدا هەبوون. ئەو دوو کەسایەتییە کوردانەی کە پشتیوانی ئەو گۆڤارەیان دەکرد و نووسینیان تێدا بڵاودەکردنەوە هەر یەك لە شێخولئیسلام ئیبراهیم حەیدەری و شێخ ئەسعەد ئەربیلی بوون. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: (Kara, ٢٠١١, ١٢٦)

صدووره و دواتر له پەراوێزدا ڕەزامەندیی بۆ دەرکراوە (İ..DH.. 591 – 41105)

له بەڵگەنامەیەکی تردا کە مەجلیسی ئیداریی کەرکووك لە ڕێگەی والی موسڵەوە بۆ خەلافەتی عوسمانی ناردووە، داوای ڕەزامەندینواندن لەسەر مووچەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکات بە ٣٦٠ قڕووشی مانگانە. لە بەڵگەنامەکەدا پەسنی شێخ ڕەزا دراوە و بە یەکێك لە عالمەکانی کەرکووك و کوڕی مەرحوومی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی ناسێنراوە و بە ئەهلی فەزڵی عەصر ناوی هاتووە. بەڵگەنامەکە مێژووی ٢٢ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٣١٢ی کۆچی پێوەیە (کە دەکاتە ١٨٩٤/١٠/٢٣ی زایینی) .(DH.MKT.00295.00022.001)

٢-٣-١ شێخ ڕەزا و عەتییەی سەنییە

عەتییەی سەنییە: بە واتای «بەخشین و ئیحسان» دێت. بەزۆری بۆ ئەو دیارییانە بەکاردەهات-کە زیاتر پارە بوون- کە بە کاش لەلایەن سوڵتانەکانەوە بە شاعیران، هونەرمەندان، زانایان و مەشایخەکان دەدران. سوڵتانەکان لە ڕۆژانی دیاریکراودا کیسەی پارە، هەروەها دیاری وەک جلوبەرگ و قوماشیان بە کەسانی تایبەت دەبەخشی، لە پای لێهاتوویی و خزمەتە زۆرەکانیان بە دەوڵەت. ئەم پاداشتانە ڕۆڵی گەورەیان لە بزواندن و هاندانی زانا و شێخانی تەریقەت هەبوو(EMECEN,1991,64).

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە مێژووی ١٢٨٤/٨/١٤ی کۆچی (بەرامبەر ١٨٦٧/١٢/١١ز) لەسەر نووسراوە نووسراوێك بۆ وەزارەتی دارایی کراوە بە ژمارە ٢١٣٥، تێیدا هاتووە کە ڕەشادەتلو شێخ ڕەزا ئەفەندی کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی گەورە مەشایخی قادری و میوانی قەبری شەریفە (واتە مردووە)، لە ئیدارەی سەنییەوە بڕی پێنج هەزار قڕووشی پێ بەخشراوە وەك (عەتییەی سەنییە)، تکایە ئەو بڕەی بۆ خەرج بکەن (A.}MKT.MHM. 396 - 5)

بەڵگەنامەیەکی تر کە تەلەگرافە و بەشێوەی کۆد نووسراوە شەش لاپەڕەیە و لە کۆتاییەکەدا تەنیا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کوڕی مەرحوومی شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی، خۆی ئامادەکردووە بچێتە سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەم بەڵگەنامەیە مێژووی ١٢٩٥/٦/٨ی کۆچی (دەکاتە ١٨٧٩/٥/٣٠ز)

بەسەرەوەیە. ئەم تەلەگرافە نهێنییە لە کەرکووکەوە بۆ بابی عالی نێردراوە(DH.ŞFR. 112 - 43). پێمانوایە سەروبەندی جوڵانەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە و پەیوەندی بە بانگکردنی شێخ و سەرۆك هۆزەکانەوە هەیە کە شێخ عوبەیدوڵڵا لە کۆبوونەوەیەکی گەورە بانگهێشتی کردبوون.

٣-سەفەرەکانی شێخ ڕەزا بۆ ئەستەنبوڵ لە ئەرشیفی عوسمانی

هەموو ئەو سەرچاوانەی کە باس لە ژیان و بەرهەمی شێخ ڕەزا دەکەن، ئاماژە بەوە دەدەن کە ناوبراو دوو جار سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە. سەفەرەکانیش بریتین لە:

٣-١ سەفەری یەکەم:

سەفەری یەکەمی شێخ ڕەزا لە هەڕەتی لاویدایە و توێژەران بۆ کاتی سەفەری یەکەمین بەسەر دوو بۆچووندا دابەش بوون، کە بریتین لە:

یەکەم: لە بیست و پێنج ساڵیدا (لە عومری بیست و پێنج ساڵی لە ژیانی باوکیدا جارێك چووەتە ئەستەنبوڵ، لە گەڕانەوەی لە بەینی موسڵ و هەولێر، لە کاروانچییەکان خەبەری وەفاتی باوکی بیستووە، بەڵام هیچ مەعلووماتێك نییە کە لەم سەفەرەی ئەستەمبوڵ چی کردووە و بە چی خەریك بووە؟) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ١٩٤٦، ج) ئەم سەرچاوەیە دووەم چاپی دیوانەکەی شێخ ڕەزایە کە شێخ عەلی تاڵەبانی کوڕەزای لە ساڵی ١٩٤٦ چاپی کردووە. بەوپێیە بێت ئەگەر وەك ئەو ئاماژەی پێداوە شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٢٥٣ی کۆچی لەدایکبووبێ، (سەرچاوەی پێشوو، ب)، ئەوا دەبێ لە ١٢٧٨ی کۆچیدا چووبێتە ئەستەنبوڵ و وەك زانراویشە لەو سەفەرەدا دوو ساڵ ماوەتەوە، واتە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی گەڕاوەتەوە. هەموو بۆچوونەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە شێخ ڕەزا لە گەڕانەوەیدا لەنێوان موسڵ و هەولێر هەواڵی کۆچی دوایی باوکی خۆی بیستووە. کۆچی دوایی باوکیشی بە بۆچوونی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس ساڵی ١٢٧٥ی کۆچییە (المدرس، ١٩٨٣، ٢٧٢)، واتە ئەو کاتە تەمەنی بیستودوو ساڵ بووە و بەو واتایە دێت کە شێخ ڕەزا (لە تەمەنی بیست ساڵیدا کەرکووکی جێ هێشتووە و چووەتە ئەستەمبوڵ و دوای دوو ساڵ لەوێوە گەڕاوەتەوە کەرکووك) (تەرزی باشی،٢٠١١، ٢٦). بۆ دڵنیابوونەوە لە

ساڵی کۆچی دوایی شێخ عەبدولڕەحمان.

ئەگەرچی لە ئەرشیفی عوسمانیدا بەڵگەنامەگەلی جۆربەجۆر لەبارەی ئەو هەن، بەڵام بەڵگەنامەیەك کە مێژووی ١٢٧٦/٥/١٠ی لەسەر نووسراوە و ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو یارمەتی ئازووقە و پارەیەی کە دەدرایە شێخ عەبدولڕەحمان، لەبەر مردنەکەی، لە جێی ئەو لەمەودوا دەدرێتە شێخ عەلی کوڕی (İ..MVL.00425). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چەند مانگێك پێش ئەو مێژووە ناوبراو کۆچی دوایی کردووە و هەر دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ساڵی کۆچی دواییەکەی بریتییە لە ١٢٧٥ی کۆچی. هەروەك لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ساڵی وەفاتی بە ١٢٧٥ی کۆچی داناوە، بێ ئەوەی باس لە مانگ و ڕۆژەکەی بکات(MVL.00775.00004.001). لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا شێخ عەبدولڕەحمان کە پێشتر خوێندنی دوو جلدی بوخاری لە مزگەوتی مەجیدییە بەو سپێردرابوو، دەوڵەت سەد قرووشی مانگانەی بۆ تەرخانکردبوو، لە دوای کۆچکردنی درایە شێخ عەلی کوڕی و ئەم مووچەیە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٢٧٤ی ڕۆمی کەڵەکەبووە لەسەر یەك(İ..MVL.00443) (وەك ئەوەی ئەو مانگە مانگی کۆچی دوایی شێخ عەبدولڕەحمان بێ)، کە دەکاتە بەرانبەر مانگی صەفەری ١٢٧٥ی کۆچی و مانگی ئەیلوولی ١٨٥٨ی زایینی. هەربۆیە لە هەموو ڕوانگەکانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانە؛ یەکلاییبوویەوە کە باوکی شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٢٧٥ ی کۆچی بەرامبەر ١٨٥٨ی زایینی کۆچی دوایی کردووە و شێخ ڕەزایش لەو ساڵەدا لە سەفەری یەکەمی ئەستەنبوڵی گەڕاوەتەوە.

دووەم: شێخ ڕەزا (لە ساڵی ١٨٦٠ دا بە حەڵەبدا چووە بۆ ئەستەمووڵ. دوو ساڵێك لەوێ ئەبێ و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك. لە ناوچەی هەولێردا ئەبیستێت کە باوکی مردووە) (خاڵ و ئاشنا، ٢٠٠٣، ٣٠) . ئەم بۆچوونەی عەلائەدین سەجادی (سجادی، ١٩٥٣، ٣٧٥) و شێخ محەممەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا هەڵەیە[١]، چونکە بەهۆی دۆزینەوەی ساڵی مردنی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، گەڕانەوەی شێخ ڕەزا و

١ مەلا تاهیری بەحرکەییش لە کتێبی مێژووی زانایانی کورددا ساڵی مردنی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی بە ١٢٧٧ی کۆچی (کە دەکاتە ١٨٦٠ی زایینی) دادەنێ، کە گوایە لەبەر ڕۆشنایی حیسابی ئەبجەدیی دێرە شیعرێکی مەولەوی لە لاواندنەوەی ناوبراو دەرهێنراوە. بەڵام ئەمەش هەڵەیە. بڕوانە (بەحرکەیی ٢٠١٠، ٦٤)

مردنی باوکی لە ساڵی ١٨٥٨ بووە نەك ١٨٦٠.

٣-٢ سەفەری دووەم: توێژەرانی ژیان و شیعری شێخ ڕەزا، سەبارەت بە سەفەری دووەمی بۆچوونی جیایان هەیە. بۆ وێنە عەتا تەرزی باشی ئاماژەی بەوە داوە کە شێخ ڕەزا (بۆ دووەم جار ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی/ ١٨٨٦ی زایین بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتووەتە ڕێ، لەو بەینەدا سەری لە سوریا و میسر و حیجازیش داوە. ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی جارێکی تر دەگەڕێتەوە کەرکووك)(تەرزی باشی، ٢٠١١، ٢٧) ئەم بۆچوونەی ناوبراو لەسەر بنچینەی شیعرێك هێناوە کە بۆ عەبدولقادر کەمالی گوتووە و هەر لەو ساڵەدا ناوبراو بە موتەسەڕیفی چۆتە کەرکووك.(سەرچاوەی پێشوو، ٣١)

هەرچی عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ-ن، ئاماژەیان بەوە داوە کە (پاش شەش مانگێك دوای مردنی باوکی لەگەڵ شێخ عەلی برایدا تێکچووە، ئەچێ بۆ کۆیە بۆ لای شێخ غەفووری مامی کە گوایە کچی خۆی بداتێ. بەم هیوایە زیاتر لە شەش مانگ لە کۆیە ئەیهێڵێتەوە. بێگاری پێ ئەکا و کچەکەشی ناداتێ ئەویش تۆراوە و گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووك بە دەردەسەری و پەژارەیی لەو ناوچەیەدا ڕادەبوێرێت هەتا لە ١٨٦٦ بۆ جاری دووەم ڕێگا ئەگرێتەبەر و ئەچێ بۆ ئەستەمووڵ. لەم کاروانەیدا ئەرزەڕۆمیش ئەبینێ. ماوەیەکی زۆر لەوێ ئەمێنێتەوە ئەکەوێتە بەرچاوی (باب العالی) دەنگ و ئاوازەی لەو ناوەدا دەنگیداوەتەوە. هاتۆچۆی هەموو دیوەخانێك ئەکات و بەهۆی (صدر الاعظم)ەوە ئەچێ بۆ حەج لە ڕێگەی میسرەوە حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمووڵ) (خاڵ و ئاشنا، ٢٠٠٣، ٣٠).

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن، بەتایبەتی ئەوەی عەتا تەرزی باشی زۆر سەرچیخ چووە، چونکە ئەم سەفەری دووەمە (لە ٩ی شەعبانی ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی کە دەکاتە بەرامبەر ١٨٦٧/١٢/٦ی زایینی بووە و لەوێدا قەسیدەیەکی دووردرێژی فارسی پێشکەشی سوڵتانی عوسمانی کردووە) (İDH.00569). ئەسعەد فەتحوڵڵا لە پێشەکی چاپی دووەمی دیوانی شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٩٤٦ لەم مێژووە نزیکبووەتەوە کە پێیوایە (لەم سەفەری دووەمی ئەستامبوڵی لەگەڵ گەلێ عوزەمای ئەو وەختە موعارەفەی پەیا کردووە وە بە

ڕوایەتی زۆر مەنظوری کامل پاشای صەدری ئەعظەم بووە و هەر لەم سەفەرە زۆر بە خزمەت مەرحووم ئەحمەد پاشای بەبە گەیشتووە، بە پێی قەصیدەیەك کە مەدحی برنس (مصطفی فاضل پاشای مصری) کردووە و باسی لە مووەفەقییەتی (بسمارك) وە بەزینی (جەنەرال مەکماهان) وە جەنگی (شالون) و دواڕۆژی ناپۆلیۆنی سێیەمی کردووە، ئەبێ لە ساڵی ١٨٧٠ ی میلادی لە ئەستەمبوڵ بووبێت. (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ١٩٤٦، د)

٣-٣- سەفەری سێیەمی شێخ ڕەزا دەبێ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بووبێت، ئەگەرچی سەفەرێکی تر -کە دیار نییە هەر تەواوکەریی سەفەری دووەمە یان سەفەری سێیەمە- بەهۆی بەڵگەنامەیەك کە مێژووی ١٧ی موحەرەمی ساڵی ١٢٨٦ ی کۆچی (کە دەکاتە ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٨٦٩ ی زایینی) نیشان دەدات، شێخ ڕەزا داوا دەکات لوتفی لەگەڵ بنوێنن کە بۆ ئەوە هاتووەتە ئەستەنبوڵ و بەوهۆیەوە چوارسەد قڕووشی بۆ تەرخانکراوە (İDH.00591.41105). ئەگەر ئەم سەفەرەیش بە سەفەری دووەم حسێب بکەین، ئەوا پێمانوایە زۆرترین کاتی مانەوەی شێخ ڕەزا لە ئەستەنبوڵ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز بووە، بەڵام کۆمەڵێك شیعری لە پەسنی سوڵتان عەبدولحەمیدیش هەن، ئەگەر مێژووەکەیش بەدیاریکراوی دەستنیشان نەکرابێ، ئەوا لەو سەردەمەدا بەدڵنیایی چووەتە ئەستەنبوڵ. بۆ وێنە (لە کاتی سەرهەڵدانی چزوورەی سەرەداوەکانی (اتحاد و ترقی) بۆ پشێوینانەوە دژی دەسەڵاتی سوڵتان، ئەم گرووپە بۆمبێکی چێنراویان خستبووە ناو گالیسکەی سوڵتان لە ڕێگای هاتنی سوڵتان بۆ مزگەوتدا تەقییەوە، سەرەنجام بووە هۆی کوژرانی هەر شەش ئەسپی گالیسکە، شۆفێرەکەشی گیانی لە دەستدا، گالیسکەکە بوو بە دوو لەت، بەڵام سوڵتان لەم ڕووداوە ڕزگاری بوو و بەرنەکەوت. بەوبۆنەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی برووسکەیەکی بە زمانی تورکی بۆ نارد کە شیعرێکی تورکییە و ماناکەی بەم شێوەیەیە:

(خوای پەروەردگار و مەزن، دروستکەری هەمووانە و خەڵکی دەژیێنێت و دەمرێنێت، کاتێکیش سوڵتان سێبەری خوا بێت لە سەر زەوی، بۆمب و نارنجۆك کاری تێناکات). لە وەڵامدا سوڵتان فەرمانی پاداشتکردن و ڕێز و پێزانینی بە بڕی بیست لیرە بۆ دەرکرد. (البیاتی، ١٩٨٧، ١٢٢)

٤- شێخ ڕەزا و سوڵتان عەبدولعەزیز

شێخ ڕەزا پەسننامەی زۆری بۆ پادشا و کاربەدەستانی عوسمانی هەیە، بەڵام زیاتر تیشك خراوەتە سەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢-١٩١٨ز)، ئەویش لەبەرئەوەی زیاتر لە سی ساڵی تەمەنی کۆتایی شێخ ڕەزا هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی ئەو سوڵتانەی عوسمانی، بەڵام کەمتر باس لە سوڵتان عەبدولعەزیز (١٨٣٠-١٨٧٦ز) کراوە کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٦١/٦/٢٥-١٨٧٦/٥/٣٠ سوڵتانی عوسمانی بووە. واتە پازدە ساڵی تەمەنی شێخ ڕەزایش دەکەوێتە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز. ئەو سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ نیگەرانییەکانی شێخ ڕەزا کە دوای کۆچی دوایی باوکیەتی و ململانێیەتی لەگەڵ برا و مامی، بەوهۆیەوە سەفەری درێژی بۆ ئەستەنبوڵ کردووە و قەسیدە درێژەکەیشی بێ هیچ نێوەندێك بۆ خودی سوڵتان عەبدولعەزیز ناردووە

٥- دوو شیعرە بڵاونەکراوەکان (کە لە دیوانەکەیدا نین)

١-لە کتێبی عروسنامەی میرزا مهدی خان کە میهری کرکوکی بۆ تورکیی وەریگێڕاوە، لە پێشەکی کتێبەکەدا چەند کەسێك لە شێوەی پارچە شیعرێك نرخاندن (تەقریزنامە)یان بۆ نووسیوە، یەکێك لەوانە شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە بە یەکێك لە شاعیر و ئەشرافەکانی عێراق ناسێنراوە، تێیدا هاتووە:

عـــروس فکر مهدیخان که اندر کشـــور خوبی
شبستان وصالش صد هزاران فقل بردرداشـت
نبود اندر حـــریم حرمتـــش باد صـــبا مـــحرم
بیامد مهری و مهرش برید و مهر از او برداشت (مهدی خان، ؟، ٣)

٢-شیعرێکی فارسی شێخ ڕەزا کە بۆ سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی ناردووە

ئەم قەسیدەیە کە ٤٢ دێرە و لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە و سەروایەکەی بریتییە لە پیتی (ن) و پاشسەرواکەیشی (آورد)ە. دەقەکە لەڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و پۆیەتیکاوە دەقێکی بەهێزە و پەسنامەیەکی وەهایە کە دەکرێت لە ڕیزی پەسننامە بەرزەکانی ئەدەبیاتی گەلانی دیکە دابنرێت، بەتایبەتیش لە ئەدەبیاتی فارسیدا شوێنێکی بەرزی دەبێت.

زین سفر بخت سیاهم گر پشیمان آورد
تا ابد نخل امیدم بار حرمان آورد
طالع برگشته میترسم چو اسکندر مر
تشنه لب از جویبار آب حیوان آورد
شاد باش ای دل که آخر کارساز انس و جان
کار بیسامان ما ڕا هم بسامان آورد
آنکه درد مستمندان ڕا همیسازد علاج
درد بی درمان ما ڕا نیز درمان آورد
ز آتش حرمان دهد لــــطفش ذلیـــــلی ڕا امـان
آنکه از آتش خلیلی در گلستان آورد
رو بدولت می‌روم با خاطر امیدوار
بی گمان بختم از انجا شاد و خندان آورد
میشتابد هر که سوی آن هـــــمایون آســـتان
رنج اندك می‌برد گنج فراوان آورد
از علامتهای سعد است اینکه چون من ذره‌ای
خویش ڕا در سایهء خورشید تابان آورد
خواجهء عصر و عزیز مصر کرد دهر کسی
التجا بر درگه عبد العزیز خان آورد
قبلهء اسلامیان شاهی که کمتر بنده‌اش
باج از فغفور کیسرا و تاج خاقان آورد
عالم امکان ندارد آنقدر وسعت که او
در فضایش ڕخش همت ڕا بجولان آورد
باکرده غازیان شیر صولت ڕوز جنگ
دست چون بر قبضهء شمشیر بران آورد
کافر بدکیش ڕا از نیش تیغ آبگون
یا به نیران میفرستد با بإیمان آورد
سینهء اعدا شـــکافد زهـــرهء دشـــمن درد
جان ز بدخواهان ستاند سر زمیدان آورد
چون برزم آید زخشم وقهر حیدر دم زند
چون ببزم آید حیا و شرم عثمان آورد
خاتم جم دیو ڕا در قید طاعت میکشید
مهر او جمشید ڕا در زیر فرمان آورد

با خزف یکسان بود در دیدهء احـــــسان او
آنچه در بطن صدف باران نیسان آورد
بر سر کنز عطایش ڕه برد گر سائلی
زر بهمیان میبرد گوهر بدامان آورد
ختم شد دور نبوت ورنه بودی احتمال
کز خدا ڕوح الامینش وحی و فرقان آورد
دولت هـــستی نخواهد یافـــت مانندش بلی
ذات واجب ممتنع ڕا چون بامکان آورد
حرفی از قانون عدلش بر خلاف شرع نیست
بلکه قانونش شریعت ڕا بمیزان آورد
از عدالت میل در چشـــم جهان بیـنش کشد
گر بدورانش عجوز دهر دستان آورد
با ولایش خاربن بار طبرزد میدهد
با عنادش نیشکر خار مغیلان آورد
کوکب دین و دیانت ڕا نمیماند فروغ
ماه حکمش گر خداناکرده نقصان آورد
بـــسکه هر ساعت بداد زیر دســتان میرســد
می نیارد چنگ ڕا مطرب بافغان آورد
شیر ڕا نخچیر سازد گربهء کویش اگر
رو پی زور آزمایی در نیستان آورد
بر نیاید با دلیران سپاهش شاه ڕوس
صلح ڕا ناچار دستی در گریبان آورد
صلح و پیمانش ڕهاند از دم تیغ اجل
پرکند پیمانهاش ڕا گرنه پیمان آورد
ای ڕسول الله ڕا بر مسند دین جانشین
هم ترا باید اطاعت جن و انسان آورد
جانشین آن جنابی کز پی عز و شرف
سجده بر فرش حریمش عرش ڕحمان آورد
چند شعرت پیـــــــشکش آوردم و شرمندهام
همچو نادانی که گوهر سوی عمان آورد
لاجرم شرمنده و ڕسوا شود گر تاجری
لعل ڕا بهر تجارت در بدخشان آورد

در پذیر از من بلطفش گرچه میماند بآنکه
زیرەئیرا گرمکی مسکین بکرمان آورد
غیر مشتی دانهء خشخاش و برگ سبز نیست
گر گدایی تحفهای از بهر سلطان آورد
در حقیقت هـــــوشمندانش نباید عیب گفت
مور اگر ڕان ملخ نزد سلیمان آورد
پیشکش ڕا گوهر و مرجان همیشاید ولی
نیستش مرجان ڕضا بهر تو مرجان آورد
نبودش چیزی که باشـــــد لایق درگاه
شــاهمر چو اسماعیل خود ڕا بهر قربان آورد
تا بحکم قرب و بعد شمـــــس و دوران قمر
فصل و سال و ماه ڕا تقدیر یزدان آورد
گاه بنماید بهار و گاه بفرستد خریف
گاه تابستان کند گاهی زمستان آورد
آب و ایلول و شباط آزار و نیسان و تموز
مایس و کانون و تشرین و حزیران آورد
نوبهار عـــــیشت ایمن دارد از کیش خزان
روزگار عمر با خضرت بپایان آورد
پایهء اورنگ جاهت از فلك برتر کند
سقف ایوان جلالت ڕا بکیوان آورد (İDH.00569)

وادیارە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەم قەسیدەیەی بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز خانی عوسمانی نووسیوە، قەسیدەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێش کە بە زۆرێک لە هونەرە شیعرییەکانی ڕەوانبێژی ڕازاوەتەوە. شێخ ڕەزا زۆر لێزانانە پەسن و ستایشی سوڵتان دەکا و وەسفی یەکجار جوان و وشەی بژاردە بۆ قەسیدەکەی هەڵبژاردووە و لە هەندێ شوێندا زێدەڕۆیی (اغراق)ێکی زۆر بەدیدەکرێت، ئەمەش بە تایبەتمەندیی شاعیر خۆی دادەنرێت و پیشاندەری شێوازی شیعریی شێخ ڕەزایە. لەڕووی کێش و سەروابەندییەوە دەشێت بگوترێت هەڵسوکەوت لەگەڵ قەسیدەیەکی بەرزی هونەریی دەکرێ و کەمترین لەنگی لە کێش هەیە و هیچ کەموکوڕییەک لە سەروابەندی بەرچاو ناکەوێت. لەم شیعرەدا شاعیر هەم ئاماژەی بەناوی خۆی داوە و هەم بە ناوی سوڵتان و دەڵێ: (خواجهء عصر و عزیز مصر

کرد دهر کسی......التجا بر درگه عبد العزیز خان آورد)، واتا ئەو کەسەی ڕوو لە دەرگانەی سوڵتان بکات، دەبێتە حاکم و گەورەی سەردەم و پلەوپایەی بەرز دەبێتەوە. هەروەها لە دێڕی (پیشکش ڕا گوهر و مرجان همیشاید ولی......نیستش مرجان ڕضا بهر تو مرجان آورد) شێخ ڕەزا ناوی خۆی دێنێت و دەڵێ: ئەگەرچی پێویستە دیاری گەوهەر و مەرجان و بەردی گرانبەها بێ، بەڵام ڕەزا دەبێت چی بکا کە ئەم شتانەی نەبێ و تەنیا گیانێکی هەیە و پێشکەش دەکا.

شێخ ئەم قەسیدەیە بۆ سوڵتان ڕەوانە دەکا و لە بەرانبەردا سوڵتان دڵخۆش دەبێ و ئیحسانییەی بۆ دەنێرێت. دەقی ئەم قەسیدەیە و داواکاری و سەرجەم کاروبارە فەرمییەکانی ڕەوانەکردنی لە دۆسیەیەکدا هەڵگیراون و ئەو دۆسیەیەی کە ئەم قەسیدەیەی تێدایە و چەند نووسراوێکی ڕەسمیشی تیدا هاوپێچ کراوە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

نووسراوێك بۆ ڕاوێژکاری سەدارەت لەلایەن سەید محەمەد تەقیەددینەوە نێردراوە و ئاماژە بەوە دراوە کە شێخ عەبدولڕەزا ئەفەندی برای شێخ عەلی ئەفەندی لە مەشایخانی تەریقەتی عەلییەی قادرییە و پۆستنشیی کەرکووك هاتووەتە ئەستەنبوڵ بۆ لای جەنابی عالی، ناوبراو زێوەری عیلم و سەلاحە و شایەستەی لوتف و عەتف نواندنی شاهانەیە ئەو خەسڵەتانەی ئەو هی ئەوەیە لوتفی بەرانبەر بکرێ. ئەمر و فەرمانیش هەر هی حەزرەتی (من له الامر)ە.

لە لاپەڕەیەکی دیکەی دۆسیەی بەڵگەنامەکەدا، نووسراو هەر بۆ ڕاوێژکاری سەدارەت لە لایەن ئەسعەد موخلیصەوە نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە جەنابی شێخ ڕەزا ئەفەندی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی مەشایخی قادرییەی کەرکووك و ڕەفیقی خاکی پاك و عەترناك، هاتووەتە ئەستەنبوڵ، ناوبراو لە شاعیران و جوانانی عیلم و عیرفانە و لە ئەدیبانی مەشایخە و شایانی لوتف و عینایەت و نەوازش و ئاوڕلێدانەوەی کەریمانەی سەدارەتە، بەوهۆیەوە ئەو نیازنامە و داواکارییە تایبەتە پێشکەش دەکەین و ئەمر و فەرمانیش هەر بۆ جەنابی (من له الامر)ە. ١٩ی مانگی ڕەبیعولئاخەری ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی.

لە نووسراوێکی دیکە بەشی ڕاوێژکارییەکەی ناوخۆ نووسراوێك لەسەر بنەمای دوو نووسراوەکەی پێشوو بۆ سەدارەت بەرزدەکاتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەدات کە؛ جەنابی شێخ ڕەزا ئەفەندی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی کە لە مەشایخانی قادرییە و مەدفوونی خاکی عەترناکە لە کەرکووك، هاتووەتە ئەستەنبوڵ و لە پەسنی

جەلیلەی حەزرەت و نیعمەتەکانیدا، قەسیدەیەکی هۆنیوەتەوە، ناوبراو ئەهلی فەزڵ و کەمالاتە و لە تەرەفی والییەتی ویلایەتی ترابزۆن و قائیمقامییەتی شەهرەزووریشەوە ئەو باسە هاتووە و نامەی هەردووکیان هاوپێچ دەکەین. ناوبراو یەکێکە لە ستوونە جوانەکانی عیرفان و لە ئەدیبانی مەشایخە و شایانی عینایەت و ئاوڕلێدانەوەی سوڵتانییەیە، هەربۆیە بە گونجاو زانراوە کە بۆ ناوبراو پێنج هەزار قڕووش عەتییە و ئیحسانی پێ کەرەم بکرێت. جا بە هەر شێوەیەك بێ ئەمر و فەرمانەکە پەیوەستە بە بڕیاری شەرەفسدوور و بەوشێوەیە تەزکیرە درا. ٩ی شەعبانی ساڵی ١٢٨٤.

لە پەراوێزی ئەم نووسراوەی سەرەوەدا، بەشی سەدارەت، نووسیویانە کە داواکارییەکە بووەتە جێی ڕەزامەندی جەنابی پادشا و پێویستە هەموو ڕێکارێك بگیرێتە بەر بۆ پێدانی ئەو ئیحسانە بە ناوبراو. مێژووی ئەم پەراوێزەش ڕۆژێك دوای نووسراوەکەیە کە ١٠ی شەعبانی ١٢٨٤ی کۆچییە. (سەرچاوەی پێشوو).

٦-ئەنجام

-شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، لای دەسەڵاتداران پایەیەکی بەرزی هەبووە و بە ستوونی جوانی عیرفان، ئەدیبی مەشایەخ، زێوەری عیلم و سەلاح و ئەهلی فەزڵ و کەمالات ناوی هاتووە.

-بەهۆی ڕاستکردنەوەی ساڵی کۆچی دوایی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانەوە، هاتنەوەی شێخ ڕەزا لە سەفەری یەکەمی ئەستەنبوڵ بەدڵنیایی ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی بەرانبەر ١٨٥٨ی زایینی بووە.

-شێخ ڕەزا قەسیدەیەکی ٤٢ دێری بە زمانی فارسی لە پەسنی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی نووسیوە و ئەمەشی لە سەفەری دووەمی ئەستەنبوڵدا بۆ سوڵتان ناردووە، بەوهۆیەوە پێنج هەزار قڕووشی پاداشت وەرگرتووە.

-شێخ ڕەزا زیاتر لە دوو جار سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە و جاری سێیەمی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بووە.

-شێخ ڕەزا نرخاندن (تەقریزنامە)یەکی بەشێوەی چوارین بۆ کتێبێکی وەرگێڕدراوی میهری کەرکووکی نووسیوە و ئەو چوارینەیە و قەسیدە ٤٢ دێرییەکە هەتا ئێستا نەخراونەتە نێو دیوانەکەیەوە.

سەرچاوەکان

بە زمانی کوری:

■ بەحرکەیی، مەلا طاهیر (٢٠١٠)، مێژووی زانایانی کورد، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

■ تەرزی باشی، عەتا (٢٠١١)، شێخ ڕەزای کەرکووکی و شیعرە تورکییەکانی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم. هەولێر.

■ خاڵ و ئاشنا، شێخ محەمەد و ئومێد (٢٠٠٣)، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

■ سجادی، علاءالدين (١٩٥٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

■ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوان (١٩٤٦)، کۆکردنەوەی علی الطالبانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

بە زمانی عەرەبی:

° البياتی، عمران (١٩٨٧)، لطائف الاخبار فی الاحاديث والادب والاشعار، بغداد.

° المدرس، عبدالكريم محمد (١٩٨٣)، علماؤنا فی خدمة العلم والدين، دار الحرية للطباعة، بغداد.

بە زمانی تورکی:

° ابراهيم، حيدری زاده (١٣٢٩)، تراجم احوال صوفيه، مجله تصوف، نومرو ٤، اسطنبول.

° امين، كمال (١٩٢٧)، كركوكلی شيخ ڕضا افندی، مجله فكرلر، سايی ٣. ازمير.

° مهدی خان، ميرزا (؟)، مترجمی محمد مهری كركوكی، استانبول.

° EMECEN, Feridun (1991) ,Atiyye-i Seniyye, TDV İslâm Ansiklopedisi, cild 4,İstanbul.

° KARA, Mustafa (2011), Tasavvuf II. Meþrutiyet'in ilânýndan sonra yayýmlanan dinî-tasavvufî dergi, TDV İslâm Ansiklopedisi, cild 40,İstanbul.

دەستنووس:

■ کەشکۆڵی شیعر، زانکۆی ئەستەنبوڵ، ژمارەی کۆد F1612.

کۆدی بەڵگەنامەکانی عوسمانی:

- A.}MKT.MHM. 396 - 5
- DH.ŞFR. 112 - 43
- İ..DH.. 591 – 41105
- İ..MVL.00425
- İ..MVL.00443
- İDH.00569
- İDH.00569
- İDH.00591.41105
- MVL.00775.00004.001

نموونەی هەندێك لە دەستخەت و بەڵگەنامەکان:

İ.DH.00569

İ.DH.00569

DH.MKT.00295.00022.011

İ.DH.00569

کرکوکده اوده ایکن قرقه‌ندای ارجا ایده‌رك رفیقلرینه محبه یازدیغی

شعر مشهور مرحوم شیخ رضا افندینك هجویه‌سی:

هیچ قصدم خوشه گورات دوره‌سم تا گجه‌یه یاشا
کذا چیقدی دسته افتاده‌مه عنادیه یاشا

اهالیء بونوده عموعیم یاس و ملال ایتدك
آجو پشتی عدد واعمده بادباده یاشا

نه‌دن؟ دیرسه‌م حمدوشانك قولاده طوت وصف حالكدن
خلافی ارتقاب اتمم سوزم حمدیل اثباته یاشا

رجال دولتی گیندك که ظهه اتمه غافلدر،
سیکرلرانانکی حوکرا گوزن ایچ کل اوباده یاشا

کل اتمه ارتقاب وارث اتقه بو سیکده،
باشده تیمسه اتشه تیمسه نایه کیمسه ارطاده یاش

∴

کرکوك متفرقه

آغشتمه آتقیمه قالکاری آدوحیح بر یاره؛
ولی انعمم واپرم بوله ایلوه بر چاره.

بقایای غنمیمه یاخوش محصول سنده‌ف،
ویاخود یاشقالیدنه، چوجه دکی قیمه بونه غه دیدیایه

نیم بوبحته خواب الوه تحسم بونه نه نده،
اولوب ماللقیدنی بنده دها محتاج دنیاده.

اویا نهاده طالعم اول رته مسته خواب غفلتدر،
قولاغمه چاینیسه مشترو زردنادو نقاره.

رضای علته افلاس استنطا ندایده یوقسه
بوکونه دواینه زرده یکیم باتاده دیوانه اشعاره.

—

کرکوك محاسبه‌جیسی حقنده

آلنجه خزنه مالیه‌ده براقچه طاسه چاپلار،
بنم سعیم که کاظم بکك دعدی مهده ده.

بنی خوشنود ایده فردا دیوب لکرکده
بو فردا دن مرادی غالبا فردای محشردر.

— شیخ رضا —

طالبانی مرحوم شیخ عبدالرحمن افندینك مخدومی شیخ رضا افندی ۱۲۴۴ هـ - ۱۸۲۶ م
تاریخنده دنیایه کلمشدر. کرکوکده سید محمد [illegible] افندیدن تحصیل علم ایتدی
علوم دینیه‌ده مهارت کسب ایتدیکی عربی، فارسی، ترکی و کردی [illegible] شاعر
اولمشدر. [illegible] ایدی. [illegible] والیری
[illegible] ایدردی.

۱۳۲۷ هـ - ۱۹۰۹ م سنه‌سی بغدادده ارتحال دار بقا ایلدی. شیخ عبدالقادر
گیلانی قدس سره مقبره‌سنده [illegible]
[illegible] یازیلدی:

یا رسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف داخل جنت شوم در زمره احباب تو
او رود در جنت و من در جهنم کی رواست او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو

[illegible]



پرسی کورد

لە چەند تێزێکی زانستی ڕووسیدا

د. ئامانج نازم بیجان

وتەی بەرایی

کەرەستەکانی کوردناسان، هەمیشە سەرچاوەی یارمەتیدەربوون بۆ نووسینەوەی مێژوومان. بیرۆکەی ئەم کارە لەوەوە دروستبوو، ئەو دەمەی لەنێو کتێبخانەکاندا دەگەڕام، ترسی ئەوەم هەبوو، ئەم تێزانە وەکو زۆر نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکانی وڵاتی خۆمان، لە ڕەفەی کتێبخانەیەك یان سوچێك دابنرێت و خوێنەری کورد لێی بێ ئاگابێت و لە بیربچێتەوە، هەربۆیە بە باشم زانی وەکو هەوڵێکی خاکی و سەرەتایی، هیچ نەبێت ئەم تێزی دکتۆرایانە کە بە زمانی ڕووسی لەمەڕ مێژووی کورد نووسراون، نەتەوەی کورد لێی بێ ئاگا نەبێت.

خوێنەری ئازیز، ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، ڕانان و خستنەڕووی چەند تێزێکی دکتۆرایە بە زمانی ڕووسی، ئەم تێزە زانستییانە لە زانکۆ و شارە جیاوازەکانی ڕووسیا ئامادەکراون، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك، کە هەر

هەموویان تایبەتن بە پرسی کورد و مێژووی کورد و کوردستان. بێگومان نرخ و بەهای زۆریان هەیە. هەندێکیان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی دیارەوە نووسراون، بۆ وێنە تێزی دکتۆرا و دکتۆری ناووکی (تاتیانا فیۆدۆرۆڤنا ئەریستۆڤا)-(١٩٢٦-٢٠٠٣)ی تێدایە و لە کوردناسە هاوچەرخەکانیش تێزی دکتۆرای (ك.ڤ. ڤێرتیاێڤ) و (ن.ز. مۆساکی) خراوەتەڕوو، کە دوو کوردناسی هەرە دیار و چالاکی بواری کوردناسین. بڕێکیشیان لەلایەن کوردناسانی بەناوبانگەوە سەرپەرشتی کراون وەکو (لازارێڤ میخائیل سێمێنەڤیچ)-(١٩٣٠-٢٠١٠) و (ژیگالینا ئۆلگا ئیڤانەڤنا)-(١٩٤٦-٢٠١٣).

ئەگەر سەرنجی ناونیشان و ناوەڕۆکی بابەتەکانیش بدەین، ئەوە لە گرنگی و بایەخدان بەدەرنین. لەنێو ئەم تێزانەدا هەیە مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٣، واتە نزیکەی حەفتا و دوو ساڵ پێش ئێستا تێزی دکتۆرا لە یەکێتی سۆڤییەت لەبارەی کوردەوە نووسراوە. هەوڵمانداوە زانیاری تەواو و پێویست لە ناساندنی تێزەکان بخەینەڕوو، وەکو زانیاری نێو بەرگ، ناوەڕۆك و سەرچاوەکان لەگەڵ دانانی لاپەڕەی یەکەمی تێزەکە. ئەم تێزانە زۆربەی زۆریان لە لایەن ڕووس و بیانییەکانەوە نووسراون، هەروەها هەندێکیشیان لە لایەن کوردی خۆمانەوە نووسراون. هەڵبەت جگە لەم تێزانە، بابەتی زیاترمان لەبەر دەستدابوو، بەڵام هەوڵمانداوە ئەو تێزانە بخەینەڕوو هەتاوەکو ئێستا وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی یاخود زمانی عەرەبی.

یەکەم: لایەنی نێودەوڵەتی کێشەی چارەی خۆنووسی کوردستانی عێراق لە ماوەی (نەوەدەکانی سەدەی بیستەم-سەرەتای سەدەی بیست ویەك)

لایەنی نێودەوڵەتی کێشەی چارەی خۆنووسی کوردستانی عێراق لە ماوەی (نەوەدەکانی سەدەی بیستەم-سەرەتای سەدەی بیست و یەك)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (ئیڤانەڤ ستانیسلاڤ میخائیلەڤیچ)ە، پێشکەشی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو، لە پسپۆڕیی مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی.

تێزەکە بە سەرپەرشتی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بەناوبانگی یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیا پرۆفیسۆر دکتۆر (ئۆلگا ئیڤانەڤنا ژیگالینا)-(١٩٤٦-٢٠١٣) نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری مۆسکۆ پێشکەشکراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام، بیبلیۆگرافیا-ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەندین تەوەرە و باسی جیاجیا لە دووتوێی (١٨٩) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان لەسەر پرۆسە ڕامیارییەکان لە عێراقدا و پێشکەوتنی ئۆتۆنۆمی کوردی عێراق لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، ئەم بەشە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: دروستکردنی (ناوچەی ئارام) لە کوردستانی عێراق لە پاش شەڕی کەنداو و زاڵبوون و تێپەڕاندنی ململانێی نێوخۆیی کورد، تەوەرەی دووەم: سیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بەرانبەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، تەوەرەی سێیەم: گۆڕانکارییەکان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لە کات و سەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن و کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان لەسەریان.

بەشی دووەم: خەباتی کوردی عێراق لەپێناو فراوانکردن و بە یاساییکردنی ئۆتۆنۆمییان دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، ئەم بەشە لە چوار تەوەرە پێکدێت، تەوەری یەکەم: کاریگەری چەمکی ئەمریکی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیکی گەورە لەسەر ڕووداوەکان لە ئۆتۆنۆمی کورد و دەوروبەری، تەوەرەی دووەم: بەشداری کورد لە پرۆسەی ڕامیاری لە عێراقدا لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) لە سایەی داگیرکردنی وڵات لەلایەن هێزە بیانییەکان بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەوەرەی سێیەم: بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی کورد لە دەستووری کاتی عێراق، تەوەرەی چوارەم: هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و دانانی چوارچێوەی تەشریعی بۆ دۆخی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق.

بەشی سێیەم: هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تری بەرژەوەندیخواز و ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەرانبەر بە چارەنووسی زیاتری کوردی عێراق و چارەسەری کێشەی کورد بەشێوەیەکی گشتی، دوا بەشیش شەش تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردی عێراق لە ماوەی قەیرانی عێراق لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٧)، تەوەرەی دووەم: سیاسەتی وڵاتانی تری بەرژەوەندیخواز و ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی ئەنقەرە و دژبەرییەکانی تورکیا-ئەمریکا لەمەڕ کێشەی کورد، تەوەرەی چوارەم: هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ئێران لەمەڕ چارەسەکردنی کێشەی کورد، تەوەرەی پێنجەم: هەڵوێستی سەرانی سوریا بۆ کێشەی کورد، تەوەرەی شەشەم: هەڵوێستی

ڕووسیا بەرانبەر بە کوردستانی عێراق و لەمەڕ کێشەی کورد بەشێوەیەکی گشتی. جێگەی باسە، توێژەر لەم تێزەدا کەڵکی لە چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری بینیوە بە زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و فەڕەنسی، زیاتر لە (٢٠٠) سەرچاوەی بەکارهێناوە(١).

هەڵبژاردنی ناونیشان و ناوەڕۆکی بابەتەکە گرنگە، توێژەر هەوڵێکی زانستی باشی داوە، کەوا لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە کێشەی چارەی خۆنووسی کوردستانی عێراقی خستۆتەڕوو لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەك. دیارە سەرپەرشتیکردنی تێزەکەش لە لایەن کوردناسێکی وەکو ژیگالینا، کاریگەری زانستی باشی بەسەر توێژینەوەکەوە هەبووە.

دووەم: پرسی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاند

پرسی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاندا، تێزی دکتۆرا-کاندیدات ناووکی (ئاڤدۆی تێمور سارتیفەڤیچ)ە، پێشکەش بە ئەکادیمیای ڕووسیا کراوە بۆ کارگێڕی (گشتی) دەوڵەتی بە سەرکردایەتی سەرۆکی ڕووسیای فیدڕاڵ، لە بەشی پەیوەندییە نیشتیمانی و فیدراڵییەکان، تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (لۆبێر ڤلادیمیر لێۆنیدەڤیچ) نووسراوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی ڕامیاری لە پسپۆڕی کێشە ڕامیارییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گەشەسەندنی جیهانی، لە شاری مۆسکۆ ساڵی ٢٠٠٩ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، تێزەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرە و باسێك لە دووتوێی (١٥٩) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: سەرەتا و دەرکەوتنی پرسی کورد و پەرەسەندنی لە سەدەی بیستەمدا، کە سێ تەوەری لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: مێژووی پرسی کورد، تەوەرەی دووەم: پێگەی جیۆڕامیاری کوردستان و گرنگی ستراتیجی بۆ سیاسەتی نێوخۆیی، تەوەرەی سێیەم: هەڵسەنگاندنی ڕامیاریی و یاسایی بۆ کێشەی کورد.

بەشی دووەم: کێشەی کورد وەکو سەرچاوەیەك بۆ ناکۆکی نێوخۆیی و فاکتەری ناسەقامگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك، کە خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم: پرسی کورد لە پلانە ستراتیجییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی ڕووسیا بەرانبەر کێشەی کورد، تەوەرەی

سێیەم: گرنگی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە دابینکردنی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست. جێگەی باسە، نووسەر دەیان سەرچاوەی هەمە جۆری بە زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و فەڕەنسی بەکارهێناوە، کە هەر هەموویان بەسەر یەکەوە (٢١٣) سەرچاوەیە(٢). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، پرسی کوردی لە لایەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکانەوە خستۆتەڕوو بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا، هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زانستی وەکو پرسێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی کورد بخاتەڕوو، لەوبارەیەوە ڕۆڵی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕووسیاش خراوەتەڕوو.

سێیەم: کوردیی ئێران-کورتەیەکی مێژوویی و ئیتنۆگرافی

کوردیی ئێران-کورتەیەکی مێژوویی و ئیتنۆگرافی، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (تاتیانا فیۆدۆرۆڤنا ئەریستۆڤا)یە، پێشکەشی ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤییەت-ئامۆژگای ئیتنۆگرافیای کردووە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە پسپۆڕی زانستی مێژوو، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە.

جگە لە وتەی نووسەر، پێشەکی، (ئەنجامی گشتی) ئەنجام، لیستی کورتکراوەکانی تێزەکە و لیستی سەرچاوەکان، تێزەکە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لەگەڵ چەند باس و تەوەرەیەك لە دووتوێی (٢٣٤) لاپەڕە(٣). بە داخەوە بەهۆی لێڵیی و ناڕوونی چاپە کۆنەکەوە، نەمانتوانی ناوەڕۆکی تێزەکە بەتەواوی بخەینەڕوو. تەمەنی ئەم تێزە زیاتر لە حەفتا ساڵە، لەکاتێکدا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، نووسین لەمەڕ کورد کارێکی ئاسان نەبووە.

شیاوی باسە، تاتیانا فیۆدۆرڤنا ئەریستۆڤا ساڵی ١٩٩٢ بابەتێکی تری هەڵبژارد بەناونیشانی: کورد-ئەزموونی توێژینەوەی ئیتنۆگرافی کولتووریی نەریتی، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای ناووك. پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆ-بەناوی (م.ڤ. لۆمۆنۆسۆڤ)ەوە کردووە لە شاری مۆسکۆ، لە بەشی مێژوو، لە پسپۆڕی زانستی مێژوو لە بواری ئیتنۆگرافیا(٤). جێگەی باسە، ئەم بڕوانامەیە بەرزترین و گەورەترین بڕوانامەی باڵایە لە یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیای فیدڕاڵ، هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، نزیکەی دە ساڵ کارکردنی پێویستە، وەکو ڕووس خۆیان دەڵێن دەبێت بابەت و کاری زانستی زۆرت لەسەر مێز هەبێت، واتە توێژینەوەی زانستی و کار و بەرهەمی زۆری دەوێت. لە نێو کوردی خۆمان، هەتاوەکو ئێستا تەنها (پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد)-(١٩٣٧-٢٠٢١) و (پ.د. عیزەددین

موستەفا ڕەسووڵ)-(١٩٣٤-٢٠١٩) بەدەستیانهێناوە.

دیارە دکتۆر (ت.ف. ئەریستۆڤا)-(١٩٢٦-٢٠٠٣) یەکێکە لە کوردناسە هەرە دیارەکانی یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیا، چەندین کار و بەرهەمی بڵاوکراوەی بە زمانی ڕووسی، فەرەنسی و ئینگلیزی لە بواری کوردناسی لە دوایی خۆی بۆ بەجێهێشتووین، لە کتێبە هەرە دیارەکانی کتێبی: کوردیی پشت قەفقاز-کورتەیەکی مێژوویی و ئیتنۆگرافی، ساڵی (١٩٦٦) بڵاوکراوەتەوە(٥).

چوارەم: پرسی کورد لە سیاسەتی ناوچەیی و گێتیدا

پرسی کورد لە سیاسەتی ناوچەیی و گێتیدا، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (داسنی یوریی ڕەمانەڤیچ)ە، ساڵی ١٩٩٨ پێشکەشی ئەکادیمیای دیپلۆماسی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای کردووە لە شاری مۆسکۆ، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی ڕامیاریدا، لە پسپۆڕی دامەزراوە و پرۆسە ڕامیارییەکان. تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (باریشێڤ ئا.پ) نووسراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەندین باس و تەوەرەی جیاجیادا لە دووتوێی (١٨٦) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: کێشەی چارەی خۆنووسی کورد: بنەچە و ماوەی هاوچەرخ، ئەم بەشە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: شوێنی کوردستان لە گەشەسەندنی نێوچەیی و سەرهەڵدانی پرسی کورد، تەوەرەی دووەم: دۆخی کورد لەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژی.

بەشی دووەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کوردی، کەسێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: پێکهاتنی ئاڕاستەی ڕامیاری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد، تەوەرەی دووەم: ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستان لە خەبات بۆ چارەی خۆنووسی و مافی کورد لە سەردەمی پاش کۆڵۆنیالیزم، تەوەرەی سێیەم: چالاکییە ڕامیارییە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد.

بەشی سێیەم: پرسی کورد لە ڕامیاری گێتیدا، ئەم بەشەش لە سێ تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم: کوردستان لە قۆناغی هاوچەرخدا، تەوەرەی دووەم: کۆمەڵگەی گێتی و پرسی کورد، تەوەرەی سێیەم: ڕووسیای فیدڕاڵ و پرسی کورد.

هەرچی تایبەتە بە سەرچاوەکانە، دیارە توێژەر سوودی لە دەیان سەرچاوە و ژێدەری هەمەجۆری بە زمانەکانی ڕووسی، ئینگلیزی، تورکی و فەڕەنسی بینیوە، کە هەموویان بەسەر یەکەوە (١٠٦) سەرچاوەن(٦). توێژەر هەوڵێکی زانستی باشی داوە لەوبارەیەوە، لە ڕوانگەی زانستی ڕامیارییەوە تیشکی خستۆتە سەر پرسی کورد و چارەی خۆنووسیی لە سیاسەتی ناوچەیی و گێتیدا لە سەردەمی هاوچەرخدا. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، نووسەر لە ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی تری بەناونیشانی: گەشتکردن لە مۆسکۆوە بۆ کوردستان، لە مۆسکۆ بڵاوکردووەتەوە(٧).

پێنجەم: پرسی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

پرسی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (ساریبێکیان سامڤێل سێرگێێڤیچ)ە، پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆ بەناوی (م.ڤ. لۆمۆنۆسۆڤ)ەوە کردووە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی ڕامیاری، لە پسپۆڕی کێشەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گەشەسەندنی گێتی، تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئەنتۆنەڤیچ ئیڤان ئیڤانەڤیچ) نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٣ لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، تێزەکە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرە و باسێك پێکدێت لە دووتوێی (١٩٦) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافە نەتەوەییەکان و سەروەری، کە لە سێ تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی گەشەکردنی ئیتنۆڕامیاری گەلی کورد، تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندییە ڕامیاریی و یاساییەکانی بزووتنەوەی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، تەوەرەی سێیەم: خەباتی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی ڕامیاری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

بەشی دووەم: پرسی کورد لە وەرچەخانی سەدەکانی بیست و بیست و یەکدا و جیۆڕامیاری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کە خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم: پرسی کورد لە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسا لە قۆناغی هاوچەرخدا، تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕەوەندەکان و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا، تەوەرەی سێیەم: پرسی کورد و جیۆڕامیاری پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات

لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. هەرچی تایبەتە بە سەرچاوەکان، توێژەر کەڵکی لە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆر بە زمانەکانی ڕووسی، فەڕنسی، تورکی و ئینگلیزی وەرگرتووە، هەر هەموویان پێکەوە (٩٣) سەرچاوەیە(٨).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵیداوە ڕۆشنایی بخاتەر سەر خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافەکانیدا لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. بێگومان بابەتێکی وەها لە زانکۆیەکی وەکو زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆ، گرنگی و تایبەتمەندیی خۆیی لەوبارەیەوە هەیە.

شەشەم: پرسی کورد لە تورکیا لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا: لایەنی ڕامیاری

پرسی کورد لە تورکیا لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا: لایەنی ڕامیاری، تێزی دکتۆرای (ڤێرتیاێڤ کیریلّل ڤالێنتینەڤیچ)ە، پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆ بەناوی (م.ڤ. لۆمۆنۆسۆڤ)ەوە کراوە لە ئامۆژگای وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی ڕامیاری لە پسپۆڕی دامەزراوە و پڕۆسە ڕامیارییەکان. تێزەکە بە سەرپەرشتی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بەناوبانگی یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیا پڕۆفیسۆر دکتۆر (میخائیل سیمیونەڤیچ لازارێڤ)-(١٩٣٠-٢٠١٠) نووسراوە. ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام، پاشکۆ و بیبلیۆگرافیا-ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی و چەند باس و تەوەرەیەك پێکهاتووە لە دووتوێی (٢٢١) لاپەڕدا.

بەشی یەکەم: کولتووری ڕامیاری کورد و سیاسەتی نەتەوەیی تورکیا، کە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: بنەماکانی پێکهێنانی کولتووری ڕامیاری کورد لە تورکیا، تەوەرەی دووەم: سیاسەتی نەتەوەیی تورکیا و پرسی کورد.

بەشی دووەم: گەشەسەندنی سیاسی کوردستانی تورکیا لە ساڵانی هەشتاکاندا، کە خۆی لە دوو تەوەرەدا دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم: بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی (فەرمانڕەوایی) سەربازی (١٩٨٠-١٩٨٣)-تایبەتمەندی پارتە کوردییەکان، تەوەرەی دووەم: گەشەسەندنی ڕامیاری کوردستانی تورکیا لە سەردەمی دەسەڵاتی مەدەنیدا.

بەشی سێیەم: پەرەسەندنی ڕامیاری کوردستانی تورکیا لە ساڵانی نەوەدەکاندا،

ئەم بەشەش دوو تەوەرەی لێ دەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەسەڵات لە سەردەمی سەرۆك (ت. ئۆزەڵ) (١٩٨٩-١٩٩٣)، تەوەرەی دووەم: سیاسەتی دەسەڵات و بزووتنەوەی کوردی لە نیوەی دووەمی ساڵانی نەوەدەکان: توندکردنەوەی هەڵوێستەکانی حکومەت. سەبارەت بە ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی تێزەکە، توێژەر سوودی لە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆر و جیاواز بە زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و تورکی وەرگرتووە، کە ژمارەیان (١٥٤) سەرچاوەیە(٩).

جێگەی باسە، ڤێرتیایڤ یەکێکە لە توێژەرە هەرە چالاکەکانی بواری کوردناسی لە ڕووسیا، ناوبراو بە دەیان توێژینەوەی زانستی و وتار و کتێبی لەوبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە. بێگومان هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە زانکۆی دەوڵەتیی مۆسکۆ و لە لایەن کوردناسیی بەناوبانگ لازارێڤەوە سەرپەرشتیکراوە. توێژەر هەوڵیداوە لایەنی ڕامیاری پرسی کورد لە تورکیا لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بخاتەڕوو. تەوەرە و باسەکانی توێژینەوەکە، ڕۆشنایی زۆر گرنگی لەوبارەیەوە خستۆتەڕوو.

حەفتەم: بزووتنەوەی گەلی کورد لەپێناو مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی لە سەدەی نۆزدە-چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و هەڵوێستی ڕوسیا (یەکێتی سۆڤییەت)

بزووتنەوەی گەلی کورد لەپێناوی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی لە سەدەی نۆزدە-چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و هەڵوێستی ڕووسیا (یەکێتی سۆڤییەت)، تێزی دکتۆرای ئارام عەلی مستەفایە، پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتی کوبان کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی (ماوەی نوێ و هاوچەرخ).

تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ڤارتانیان ی.گ) نووسراوە و ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری کراسنەدار گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام، قامووسی زاراوەکان، لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی لەگەڵ چەند تەوەر و باسێك پێکهاتووە لە دووتوێی (٢٥٣) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی کوردی لە سەدەی نۆزدە و سیاسەتی ڕووسیا، پێکهاتووە لە سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم: میرنشینە کوردییەکان لە نیوەی یەکەمی

سەدەی نۆزدەهەم، تەوەرەی دووەم: باشووری قەفقاز-پشت قەفقاز و ئاسایی بچووك لە سیاسەتی ڕووسیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم و پرسی کورد، تەوەرەی سێیەم: ئەنجامەکانی شەڕی ڕووسی-تورکی لەسەر کوردستان. ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەڵوێستی ڕووسیا.

بەشی دووەم: کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە-دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم و فاکتەری کوردی لە سیاسەتی ڕووسیا لە پشت قەفقاز، سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: سیاسەتەکانی هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئێرانی لەسەر پرسی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیست و ڕووسیا، تەوەرەی دووەم: دروستبوونی نەتەوەیی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، تەوەرەی سێیەم: گەشەی ئاواتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم. بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد.

بەشی سێیەم: دۆخی گەلی کورد لە ماوەی سالانی (١٩٢٠-١٩٣٠) و یەکێتی سۆڤییەت، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: باکوور-ڕۆژئاوای کوردستان پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سالانی یەکەمدا پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا. پشتگیری ڕووسیای سۆڤیەتی بۆ حکومەتی کەمالی، تەوەرەی دووەم: بزووتنەوەی کوردی لە ماوەی سالانی (١٩٢٠-١٩٣٠)، هەڵوێستی یەکێتی سۆڤییەت لەسەر پرسی کورد، تەوەرەی سێیەم: سیاسەتی حکومەتی سۆڤیەت بەرانبەر بە کوردی پشت قەفقاز. هەرچی تایبەتە بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی تێزەکە، دیارە توێژەر سەرچاوەیەکی زۆری بەکارهێناوە بە زمانەکانی ڕووسی، ئینگلیزی، کوردی، تورکی، سوێدی، عەرەبی و فەرەنسی، هەموویان بەسەر یەکەوە (١٩٩) سەرچاوەیە(١٠).

توێژەر لەم توێژینەوە زانستییەدا، تیشکی خستووەتە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەپێناو مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی لە سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم و هەڵوێستی ڕووسیا (یەکێتی سۆڤییەت). جگە لە باسی میرنشینە کوردییەکان، باشووری قەفقاز-پشتی قەفقازیشی پشتگوێ نەخستووە. دیارە باسی سیاسەتەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لەگەڵ ڕووسیادا کردووە. جێگەی باسە، پ.د. ئارام عەلی مستەفا، چەندین توێژینەوەی زانستی و کتێبی بەپێزی لەبارەی کوردناسی و پەیوەندی نێوان ڕووسیا و کورد بڵاوکردووەتەوە لەگەڵ وەرگێڕانی چەند پەرتووکێك لە زمانی ڕووسییەوە.

هەشتەم: پرسی کورد لە عێراق (١٩٥٨-١٩٩١)

پرسی کورد لە عێراق (١٩٥٨-١٩٩١)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی ئەنوەر عادل ـ ە، پێشکەشی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا کردووە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی (ماوەی نوێ و هاوچەرخ)، تێزەکە بە سەرپەرشتی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیار (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازەرێڤ) نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٤ لە مۆسکۆ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و بیبلیۆگرافیا-ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرە و باسێکدا لە دووتوێی (١٨٧) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: پرسی کورد لە ساڵی ١٩٥٨وە هەتاوەکو ساڵی ١٩٦٨، ئەم بەشە سێ تەوەرەی لێ دەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: گەشەسەندنی (پێشکەوتنی) بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی عێراق (١٩٥٨-١٩٧٠)، تەوەرەی دووەم: لایەنی نێودەوڵەتی پرسی کورد، تەوەرەی سێیەم: پەرەسەندنی دۆخی کوردستان.

بەشی دووەم: بزووتنەوەی کوردی لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٨-١٩٨٠)، کە چوار تەوەرە و باسی لێ دەبێتەوە، تەوەری یەکەم: ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، تەوەرەی دووەم: دۆخی پێش ڕێککەوتنی جەزائیر، تەوەرەی سێیەم: ڕێککەوتنی جەزائیر (١٩٧٥)، تەوەرەی چوارەم: دۆخی نێوخۆیی و دەرەکی کوردستان پاش ڕێککەوتنی جەزائیر هەتاوەکو سەرەتای ساڵی ١٩٧٩.

بەشی سێیەم: پرسی کورد لە ساڵی ١٩٨٠، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: پێگەی پرسی کورد لە سەرهەڵدانی شەڕی ئێران و عێراق، تەوەرەی دووەم: گرنگترین ڕووداوەکانی شەڕی ئێران و عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٦)، تەوەرەی سێیەم: کۆتایی شەڕ و سەرەتای جینۆسایدی گەلی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٠). سەبارەت بە ژێدەر و سەرچاوەکانی ئەم تێزە، توێژەر کۆمەڵێك سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی، ئینگلیزی، کوردی، فارسی، فەرەنسی و عەرەبی بەکارهێناوە، هەمووی بەسەریەکەوە (٦٢) سەرچاوە(١١). توێژەر لەم توێژینەوەدا، پرسی کورد لە عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٩١) خستۆتەڕوو. جگە لە چوارچێوەی عێراق، دیارە پرسی کوردی لە لایەنی نێودەوڵەتیشەوە خستۆتەڕوو. هەروەها پرسی کوردی لە ماوەی جەنگی عێراق و ئێران و جێنوسایدی گەلی کوردیشی باسکردووە. دیارە سەرپەرشتیکردنی تێزەکە لە لایەن لازارێڤەوە، بەهای زانستی زیاتری باشی بەخشیوە بە کارەکە. گومان لەوەدا نییە، تێزێکی زانستی وەها کە بە زمانی ڕووسی نووسراوە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

نۆیەم: سیاسەتی حکومەتی تورکیا لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی وڵات و خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد (١٩٢٣-سەرەتای سەدەی بیست و یەك)

سیاسەتی حکومەتی تورکیا لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی وڵات و خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد (١٩٢٣-سەرەتای سەدەی بیست و یەك)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی عەلییێف بارزانی مەجیت-ئۆگڵی یە، پێشکەش بە زانکۆی دەوڵەتی کوبان کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی (ماوەی نوێ و هاوچەرخ). تێزەکە لە لایەن پرۆفیسۆر دکتۆر (ڤارتانیان ی.گ)وە سەرپەرشتیکراوە، ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری کراسنەدار گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی کورتکراوەکان، لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ (نەخشەی کوردستان)، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرە و باسێك لە دووتوێی (٢٢١) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و یاسایی دانیشتوانی ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی تورکیا لە سەردەمی کۆماریدا (١٩٢٣-سەرەتای سەدەی بیست و یەك)، ئەم بەشە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: گەشەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان، تەوەرەی دووەم: دەستووری تورکیا سەبارەت بە مافی کەمە نەتەوەییەکان. پێشکەوتنی دۆخی یاسایی کورد لە تورکیا.

بەشی دووەم: باکووری ڕۆژئاوای کوردستان لە سیاسەتی حکومەتی تورکیادا، لە دوو تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم: خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەردەمی یەکەم و دووەمی کۆماریدا (١٩٢٣-١٩٧٠). شێوازەکانی سەرکوتکردنی بەرگریی کوردی، تەوەرەی دووەم: سیاسەتی حکومەتی سێیەمی کۆماری لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی تورکیا (١٩٨٠) هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیست و یەك.

بەشی سێیەم: خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا لەپێناو مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد، کۆتا بەشیش دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: پێشینەی مێژوویی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و چالاکییەکانیان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٨-١٩٩٣)، تەوەرەی دووەم: قۆناغی نوێی خەباتی (پ.ك.ك) لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی گەلی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣-سەرەتای سەدەی بیست و یەك). سەبارەت بە ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی تێزەکە،

توێژەر دەیان سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی ڕووسی، فەرەنسی، ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە، هەر هەموویان پێکەوە (١٨٦) سەرچاوەیە(١٢).

پرسی کورد لە تورکیا لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی و سەرەتای سەدەی بیست و یەك، بابەتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە. توێژەر هەوڵێکی باشی داوە لەوبارەیەوە، کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر پرسی کورد و بارودۆخی کورد و سیاسەتی تورکیا لەو ماوەیەدا هەتاوەکو دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك)، کە قۆناغێکی تازەیە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە تورکیادا.

دەیەم: سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەت لە کوردستان لە ساڵانی جەنگی دووەمی گێتی و ماوەی پاش جەنگ

سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەت لە کوردستان لە ساڵانی جەنگی دووەمی گێتی و ماوەی پاش جەنگ، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی لاجانی نیازە، پێشکەشی زانکۆی پەروەردەیی سانکت پێتێربورگ بە ناوی (ئا.ی. گێرتسێنا)ی کردووە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی نەتەوەیی. تێزەکە بە سەرپەرشتی پڕۆفیسۆر دکتۆر (ی.ڤ. ئالێکسێیڤا) نووسراوە، ساڵی ١٩٩٩ لە شاری سانکت پێتێربورگ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرە و باسێك پێکدێت لە دووتوێی (١٧٨) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: سیاسەتی دەرەوەی سۆڤییەت لە کوردستانی ئێران لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی، کە خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم: سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی پێش سەرەتای جەنگی دووەمی گێتی، تەوەرەی دووەم: سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەت و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە سەردەمی جەنگی دووەمی گێتی و ساڵانی یەکەمی پاش جەنگ، تەوەرەی سێیەم: دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری (مەهاباد)-(کۆماری مەهاباد).

بەشی دووەم: سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥)، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم:

پێکهێنانی شانشینی عێراق. بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٥)، تەوەرەی دووەم: یەکێتی سۆڤیەت و بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٨). (شۆڕشی ئەیلوول)، تەوەرەی سێیەم: کودەتای ساڵی (١٩٦٨)، جاڕنامە (بەیان)ی ئازار، پیلانی نێودەوڵەتی دژی کورد (١٩٧٥). هەرچی تایبەتە بە ژێدەر و سەرچاوەکان، توێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆی بەکارهێناوە، بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، ڕووسی و ئینگلیزی، هەموویان بەسەر یەکەوە (١٤٦) سەرچاوەیە(١٣). لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر هەوڵیداوە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە کوردستان بخاتەڕوو لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی و پاش ئەو ماوەیە. لە تەوەرە و باسەکانی تێزەکەدا، توێژەر ڕۆشنایی دەخاتە سەر کوردستانی ئێران و پرسی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، لەگەڵ سیاسەتی سۆڤیەت لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥). هەڵبەت لەو ماوەیەدا کوردستانی ئێران و عێراقیش بە کۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانکاری گەورەدا تێپەڕیوون.

یازدەهەم: ڕووسیای سۆڤییەتی-کۆمارەکانی باشووری قەفقاز (پشت قەفقاز) و پرسی کورد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو

ڕووسیای سۆڤییەتی-کۆمارەکانی باشووری قەفقاز (پشت قەفقاز) و پرسی کورد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، تێزی دکتۆرای ئەمین یوسفە، پێشکەشی زانکۆی پەروەردەیی سانکت پێتێربورگ بەناوی (ئا.ی. گێرتسێنا)وە کراوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی نەتەوەیی (ڕووسیا). تێزەکە بە سەرپەرشتی پڕۆفیسۆر دکتۆر (ڤ.ی. ستارتسێڤ) نووسراوە، ساڵی ١٩٩٩ لە شاری سانکت پێتێربورگ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی ژێدەرە و سەرچاوەکان و پاشکۆ(١-٢)، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرە و باسێك لە دووتوێی (١٩١) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: کورد-تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، نێوچەیی، جوگرافییەکانی ئێتنۆس، ئەم بەشە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: تایبەتمەندییە

کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سۆسیۆکولتورییەکانی کورد، تەوەرەی دووەم: سنووری جوگرافی و ئیتنۆگرافیای کورد.

بەشی دووەم: دۆخی گشتی ڕامیاری لە گێتیدا، ڕووسیای سۆڤییەتی و کێشەی کورد لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، ئەم بەشە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: ململانێ لەسەر ناوچەکانی دەسەڵاتی وڵاتانی هاوپەیمان و ڕووسیای سۆڤییەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پاش یەکەم جەنگی گێتی لە ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٠). گرنگی ستراتیجی ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، تەوەرەی دووەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد لە بیستەکاندا، تەوەرەی سێیەم: پرسی موسڵ و پرسی کورد لە کۆنگرەی لەندەن، پاریس و لۆزان و هەڵوێستی ڕووسیای سۆڤییەتی لە ماوەی ساڵانی (١٩٢١-١٩٢٣).

بەشی سێیەم: کاریگەری سیاسەتی نەتەوەیی ڕووسیای سۆڤییەتی و کۆمارەکانی ئەودیوی قەفقازی سۆڤییەتی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لەسەر گەشەکردنی ئیتنۆسی کوردی، ئەم بەشەش سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: هەڵوێست لەمەڕ پرسی نەتەوەیی لە کارەکانی لێنین، ستالین و فەرمان (مەڕسووم)ە حکومییەکانی ئەو سەردەم و کاتە، تەوەرەی دووەم: کەمینەی کورد لە بیستەکان لە یەکێتی سۆڤییەت. تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی ململانێی پەیوەندییە نەتەوەییەکان لە یەکێتی سۆڤییەت لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیست. جێگەی باسە، توێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی ڕووسی، فەڕەنسی و ئینگلیزی بەکارهێناوە، هەموویان پێکەوە (١٣١) سەرچاوەیە(١٤).

وەکو سەرنج دەدەین، ناونیشانی تێزەکە سەرنجڕاکێشە. توێژەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر ڕووسیای سۆڤییەتی و کۆمارەکانی پشت قەفقاز و پرسی کورد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە تێیدا باسی تایبەتمەندیی کورد و شوێنی جوگرافی دەکات، دواتر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی ڕووسیای سۆڤییەتی و وڵاتانی تر لە ماوەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم تاوتوێ دەکات. لە میانەی تەوەرە و باسەکانیدا، توێژینەوەکە زۆر بابەتی گرینگی خستۆتەڕوو، بریا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی زیاتر کاری زانستی لەبارەوە دەکرا.

دوازدەهەم: مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی کورد لە پرۆسەی رامیاری لە رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست لە سەدەی بیست و یەك

مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی کورد لە پرۆسەی رامیاری لە رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست لە سەدەی بیست و یەك، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی مەجید حەسیب مەحموودە، پێشکەشی زانکۆی فیدراڵی باشووری کردووە، لە کۆلێجی کۆمەڵناسی و زانستی رامیاری لە بەشی ململانێناسی، بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە زانستی رامیاری، لە پسپۆری دامەزراوە و پرۆسە و تەکنیکییە رامیارییەکان. تێزەکە لە لایەن پرۆفیسۆر دکتۆر (کۆنۆڤالەڤ ڤالێریی نیکەلاێڤیچ) سەرۆکی بەشی ململانێناسی سەرپەرشتیکراوە، ساڵی (٢٠١١) لە شاری راستۆڤ-نادانو گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بروانامەی دکتۆرای پێ بەخشراوە. جگەلە پێشەکی، ئەنجام و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرە و باسێکدا لە دووتوێی (١٥٤) لاپەرەدا

بەشی یەکەم: بنەمای تیۆریی و میتۆدلۆجی لێکۆڵینەوەی پرۆسە رامیارییە ناوچەییەکان، ئەم بەشە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: میتۆدلۆجی لێکۆڵینەوەی هۆکاری ئیتنیکی لە پرۆسەی رامیاری، تەوەرەی دووەم: پرۆسەی رامیاری بۆ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی.

بەشی دووەم: تایبەتمەندی خۆجێی بەرهەمهێنانەوەی پرسی کورد لە پرۆسە رامیارییە هاوچەرخەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست، ئەم بەشەش دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: دۆخ و دینامیکی پرسی کورد لە کۆماری تورکیادا، تەوەرەی دووەم: پرسی کورد لە عێراق و ئێراندا.

بەشی سێیەم: میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی کورد لە هەلومەرجە هاوچەرخەکاندا، لە دوو تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم: لایەنە کردارەکییەکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا، تەوەرەی دووەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشە رامیارییەکان لە عێراق و ئێراندا. سەبارەت بە ژێدەر و سەرچاوەکانی تێزەکە، توێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆی بە زمانەکانی رووسی، ئەڵمانی و ئینگلیزی بەکارهێناوە، هەموویان پێکەوە (١٧٨) سەرچاوەیە(١٥). توێژەر بەشێوەیەکی گشتی باس لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی کورد دەکات لە پرۆسەی رامیاریی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سەدەی بیست و یەکدا، کە تێیدا رۆشنایی دەخاتە سەر پرسی کورد لە تورکیا، عێراق و ئێران لەگەڵ هەندێك لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی پرسەکە دەخاتە بەرباس.

سیازدەهەم: ئیتنۆگرافیای کوردیی دەڤەری سلێمانی (عێراق)

ئیتنۆگرافیای کوردیی دەڤەری سلێمانی (عێراق)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی مەجید حەمید عەلی عارفە، پێشکەشی ئامۆژگای ئیتنۆگرافیای سەر بە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤییەت کردووە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو. تێزەکە لە لایەن هەریەك لە دکتۆر (ن.ن. چێبۆکسارەڤ) و دکتۆر (ت.ف. ئەریستۆڤا)ەوە سەرپەرشتیکراوە، ساڵی ١٩٧٦ لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستی مێژوو بەخشراوە بە توێژەر. جگەلە پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، تێزەکە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرە و باسێك و لە دووتوێی (١٦١) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ زانیاری گشتی، بەشی دووەم: ئابووری و پەیوەندییە گشتییەکان، کە چوار تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: کشتوکاڵ، تەوەرەی دووەم: بەخێوکردنی ئاژەڵ، تەوەرەی سێیەم: کاری دەستیی نەریتی، تەوەرەی چوارەم: پەیوەندییە گشتییەکان.

بەشی سێیەم: کولتووری ماددی، سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: نیشتەجێبوون و دانیشتوان، تەوەرەی دووەم: جلوبەرگ و جوانکاری، تەوەرەی سێیەم: خواردن و کەلوپەلەکان. بەشی چوارەم: خێزان و ڕێوڕەسمە خێزانییەکان.

بەشی پێنجەم: کولتووری ڕۆحی، کە لە چوار تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم: بیروباوەڕی ئایینی، تەوەرەی دووەم: وێژە و فۆلکلۆر، گۆرانی و سەما، تەوەرەی سێیەم: خوێندن و پەروەردەی گشتی، تەوەرەی چوارەم: پزیشکی نەریتی.

سەبارەت بە ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی تێزەکە، دیارە توێژەر کەڵکی لە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆر بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی وەرگرتووە، هەموویان پێکەوە (٩٧) سەرچاوەیە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە لاپەڕە (٥-٨) کە زیاتر لە بەشی پێشەکی تێزەکەدایە، توێژەر هەندێك لە سەرچاوە عەرەبی و کوردییەکانی بە دەست نووسیوەتەوە(١٦).

وەکو لە ناونیشانەکەیدا دیارە، توێژەر باسەکەی بۆ ناوچەی سلێمانی تەرخانکردووە. تێیدا بەشێوەیەکی گشتی هەندێك تەوەرە و باسی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردووە، وەکو سەرنج دەدرێت لە میانەی ناوەڕۆکی تێزەکەدا، ساڵ و ماوەی مێژوویی تێدا نابینرێت. بێگومان بۆ ئەو دەمە گرنگی خۆی هەبووە، لە یادیشمان نەچێت لەو دوو سەرپەرشتیارەی کە بۆ تێزەکە دیاریکراون، یەکێکیان ئەریستۆڤایە، ناوبراو جگەلەوەی کوردناسێکی دیار و پڕ بەرهەمە، پسپۆڕیشی لەو بوارەدا هەیە.

چواردەهەم: لایەنی جیۆسیاسی پرسی هاوچەرخی کورد

لایەنی جیۆسیاسی پرسی هاوچەرخی کورد، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی مۆساکی نۆدار زێینالەڤیچ ە، پێشکەشی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا کردووە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی. تێزەکە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیار پ.د. لازارێڤ میخائیل سیمیۆنەڤیچەوە سەرپەرشتیکراوە، ساڵی ٢٠٠١ لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرای پێبەخشراوە. جگەلە پێشەکی، ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەڵام هەر بەشێك کۆمەڵێك لق و تەوەرە و باسی جیاوازی لێدەبێتەوە، لە دووتوێی (٢٠٥) لاپەڕەدایە.

بەشی یەکەم: پەرەسەندن و پێشکەوتنی جیۆسیاسی کوردستان (لە مێژووی پێکهاتنی بەرژەوەندییە جیۆسیاسییەکان)، ئەم بەشە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێران، تەوەرەی دووەم: دزەکردن و پەلهاوێشتن بۆ نێو کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئەورووپاوە، تەوەرەی سێیەم: دابەشبوونی نێودەوڵەتی کوردستان.

بەشی دووەم: گرنگی جیۆسیاسی و جیۆئابووری کوردستان، ئەم بەشی لە دوو تەوەرە پێکدێت، بەڵام هەر تەوەرەیەك چەند لق و باسێکی جیاوازی لێدەبێتەوە، تەوەرەی یەکەم: ناوچە (هەرێم)، شوێنی جوگرافیا و جیۆسیاسی کوردستان، تەوەرەی دووەم: گرنگی جیۆئابووری کوردستان، ئەم تەوەرەیەش چەند لق و باسێك لەخۆدەگرێت وەکو: لایەنی هایدرۆستراتیجی پرسی کورد، کێشەی ئاو لە ڕوانگەی پرسە ئاسایشییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، هایدرۆجوگرافیای (جوگرافیای ئاویی) ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، کاریگەری کێشەی ئاو لە پەیوەندییەکانی تورکیا، سوریا و عێراق لەسەر دۆخی هاوچەرخی پرسی کورد، لایەنی ئاویی کێشەی کورد لە عێراق، گرنگی پیترۆڕامیاری کوردستان، یەدەکەکانی نەوت لە کوردستان، لایەنی پیترۆڕامیاری پرسی کورد، هۆکارەکانی نەوتیی و ئابووری ململانێی عەرەب و کورد لە عێراقدا، بەعەرەبکردنی ناوچە نەوتییەکان کوردستانی عێراق، سەرچاوە کشتوکاڵییەکانی کوردستان، جیۆئابووری پیشەسازی کوردستان.

بەشی سێیەم: ڕەهەندی جیۆستراتیجی و نێودەوڵەتی کوردستان، ئەم بەشەش سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە لەگەڵ چەندین لق و باسی هەمەجۆر، تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندی

جیۆستراتیجی کوردستان، ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: شیکاری مێژوویی بۆ پێگەی جیۆستراتیجی کوردستان، پێگەی جیۆستراتیجی کوردستان، پێگەی جیۆستراتیجی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێگاکانی گواستنەوە و گەیاندن بە ئۆڕاسیادا (پڕۆژەکان)، پرسی کوردستان (کورد) لەژێر ڕۆشنایی پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی گواستنەوەی وزەی دەریای قەزوین، پێگەی سەربازی و ستراتیجی کوردستان، لایەنی سەربازی پرسی کورد، لایەنی جیۆسیاسی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاندا، چۆن فاکتەری کوردی بەکاردێت، بزووتنەوەی کوردی و هاوکارییە دەرەکییەکان.

هەرچی تایبەتە بە ژێدەر و سەرچاوەکانی ئەم تێزە، دیارە توێژەر بە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی، ڕووسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، کوردیی کرمانجی بە تیپی لاتینی و فەرەنسی بەکارهێناوە، هەر هەموویان بەسەریەکەوە بریتییە لە (١٨٩) سەرچاوە(١٧).

لایەنی جیۆسیاسی پرسی هاوچەرخی کورد، ناونیشانی تێزەکەی مۆساکییە، کە تێیدا توێژەر زۆر بە وردی و قوڵی هەندێك تەوەرە و بابەتی زۆر گرینگ و سەرنجڕاکێشی لەوبارەوە خستووەتەڕوو. نێوبراو هەر لە سەرەتای دابەشبوونی کوردستان لە نێوان عوسمانی و ئێرانەوە دەستپێدەکات هەتاوەکو دابەشبوونی نێودەوڵەتی، دواتر زۆر بە وردی گرینگی جیۆسیاسی و جیۆئابووری کوردستان شیدەکاتەوە لەڕووی گرنگییەوە لەگەڵ ڕەهەندی جیوستراتیجی و نێودەوڵەتییەکەی. تێزەکە کاریگەری زانستی لازارێڤی بەسەرەوە دیارە. جێگەی باسە، مۆساکی یەکێکە لە چالاکترین کوردناسە هاوچەرخەکانی ڕووسیا، بە دەیان توێژینەوەی زانستی و کتێبی لەبارەی پرسی کورد و کوردناسی بە زمانی ڕووسی نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

پازدەهەم: پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق و هەڵوێستی یەکێتی سۆڤییەت لەبارەی کێشەی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٩١)

پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق و هەڵوێستی یەکێتی سۆڤییەت لەبارەی کێشەی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٩١)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی عەلو سەعید خودەیدەیە، پێشکەشی زانکۆی فیدڕاڵی باشوور کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی (نەتەوەیی) ڕووسیا. تێزەکە لەلایەن پڕۆفیسۆر دکتۆر (تروت ڤ.پ)ەوە سەرپەرشتیکراوە، ساڵی ٢٠١٠ لە شاری ڕاستۆڤ-نادانو گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا بە توێژەر بەخشراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە

له سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ کۆمەڵێك تەوەرە و باسدا لە دووتوێی (١٧٠) لاپەڕەدا.


بەشی یەکەم: پێکهێنان و پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق و پشتگیری یەکێتی سۆڤییەت بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کوردی لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٠).

بەشی دووەم: پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییەت و عێراق و هەڵوێستەکانی سۆڤییەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٧)، ئەم بەشە دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت، تەوەرەی یەکەم: قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٢)، تەوەرەی دووەم: یەکێتی سۆڤییەت و عێراق و هەڵوێستەکانی سۆڤیەت لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٧).

بەشی سێیەم: دینامیکی پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق و هەڵوێستی یەکێتی سۆڤییەت سەبارەت بە کێشەی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٨-١٩٩١)، ئەم بەشەش دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت، تەوەرەی یەکەم: یەکێتی سۆڤییەت و عێراق و دەستپێشخەرییەکانی سۆڤییەت سەبارەت بە سازانی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٩)، تەوەرەی دووەم: پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق و هەڵوێستەکانی سۆڤییەت سەبارەت بە پرسی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩١). هەرچی تایبەتە بە بەکارهێنانی ژێدەر و سەرچاوەکانی تێزەکە، هەڵبەت توێژەر کەڵکی لە دەیان سەرچاوە بە زمانەکانی ڕووسی، عەرەبی، کوردی و ئینگلیزی وەرگرتووە، هەموویان پێکەوە بریتییە لە (١٥٨) سەرچاوە(١٨).

توێژەر لەم توێژینەوە زانستییەدا، هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و عێراق و تێیدا هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت لەبارەی کێشەی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٩١) بخاتەڕوو. سەرەتا وەك پێشینەیەکی مێژوویی، باسی ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٠)ی کردووە، دواتر قۆناغ بە قۆناغ هەموو پەیوەندییەکان و تێیدا هەڵوێستی سۆڤییەت لەبارەی پرسی کوردەوە لەو ماوەیەدا خستۆتەڕوو، بێگومان نووسینی بابەتێکی وەها بە زمانی ڕووسی، گرنگی و تایبەتمەندی مێژوویی خۆی هەیە.

پاشکۆی وێنەکان



РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК
ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ

На правах рукописи

04.2.00 8 12581

Иванов Станислав Михайлович


МЕЖДУНАРОДНЫЙ АСПЕКТ ПРОБЛЕМЫ САМООПРЕДЕЛЕНИЯ
ИРАКСКОГО КУРДИСТАНА (90-е годы XX в. – начало XXI в.)

Специальность 07.00.15 –
История международных отношений и внешней политики

Диссертация на соискание ученой степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук,
профессор О.И.Жигалина

Москва – 2008



61 09-23/257

Федеральное государственное образовательное
учреждение высшего профессионального образования

«РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ ГОСУДАРСТВЕННОЙ СЛУЖБЫ
ПРИ ПРЕЗИДЕНТЕ РОССИЙСКОЙ ФЕДЕРАЦИИ»

Кафедра национальных и федеративных отношений

АВДОИ Темур Сартифович


КУРДСКИЙ ВОПРОС
В СОВРЕМЕННЫХ МЕЖДУНАРОДНЫХ ОТНОШЕНИЯХ

Специальность:
23.00.04 Политические проблемы международных
отношений и глобального развития

Диссертация
на соискание ученой степени
кандидата политических наук

Научный руководитель:
ЛОБЕР В.Л.,
доктор политических наук,
профессор

Москва – 2009



01


АКАДЕМИЯ НАУК СССР
ИНСТИТУТ ЭТНОГРАФИИ имени Н.Н.МИКЛУХО-МАКЛАЯ

Т.Ф.АРИСТОВА

КУРДЫ ИРАНА
/ историко-этнографический очерк /

Диссертация на соискание
ученой степени кандидата
исторических наук.

МОСКВА
[illegible]



23 11 92

МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ
ИМЕНИ М.В.ЛОМОНОСОВА
ИСТОРИЧЕСКИЙ ФАКУЛЬТЕТ

На правах рукописи

АРИСТОВА Татьяна Федоровна

КУРДЫ: ОПЫТ ЭТНОГРАФИЧЕСКОГО ИЗУЧЕНИЯ
ТРАДИЦИОННОЙ КУЛЬТУРЫ

Исторические науки - 07.00.07. - этнография

Диссертация на соискание ученой степени доктора
исторических наук, представленная в форме
научного доклада

Москва
1992г.

МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ
ИМ. М.В. ЛОМОНОСОВА

Диссертационный Совет Д.501.001.29 по политическим наукам

На правах рукописи

САРИБЕКЯН
Самвел Сергеевич

КУРДСКИЙ ВОПРОС В МЕЖДУНАРОДНЫХ ОТНОШЕНИЯХ

Специальность: 23.00.04 – «Проблемы международных отношений и глобального развития (политические науки)»

Диссертация на соискание ученой степени кандидата политических наук

Научный руководитель – доктор философских наук, профессор Антонович Иван Иванович

МОСКВА – 2003

ДИПЛОМАТИЧЕСКАЯ АКАДЕМИЯ МИД РОССИИ

На правах рукописи

Дасни Юрий Романович

КУРДСКИЙ ВОПРОС
В РЕГИОНАЛЬНОЙ И МИРОВОЙ ПОЛИТИКЕ

Диссертация
на соискание ученой степени
кандидата политических наук
по специальности - 23.00.02. -
политические институты и процессы

Научный руководитель:
Барышев А.П.
доктор исторических наук,
профессор

МОСКВА
1998

61:07-7/987

Министерство образования и науки Российской Федерации
Федеральное агентство по образованию
Государственное образовательное учреждение высшего профессионального образования «Кубанский государственный университет»

На правах рукописи

МУСТАФА АРАМ АЛИ

ДВИЖЕНИЕ КУРДСКОГО НАРОДА ЗА НАЦИОНАЛЬНОЕ САМООПРЕДЕЛЕНИЕ В XIX – ПЕРВОЙ ТРЕТИ XX В. И ПОЗИЦИЯ РОССИИ (СССР)

Специа.ьность 07. 00. 03 – Всеобщая история
новая и новейшая история)

Диссертация на соискание ученой степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук,
профессор ВАРТ .ЬЯН Э. Г.

Краснодар, 2007

61:00-23/74-0

1

МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ
имени М.В. ЛОМОНОСОВА
ИНСТИТУТ СТРАН АЗИИ И АФРИКИ

ВЕРТЯЕВ Кирилл Валентинович

КУРДСКИЙ ВОПРОС В ТУРЦИИ В 80 - 90-ые ГОДЫ:
ПОЛИТИЧЕСКИЙ АСПЕКТ

Специальность 23.00.02 - Политические институты и процессы

диссертация
на соискание ученой степени
кандидата политических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук
профессор М.С. Лазарев

Москва, 2000 г.

61:07-7/381

1

Министерство образования и науки Российской Федерации
Федеральное агентство по образованию
Государственное образовательное учреждение высшего профессионального образования «Кубанский государственный университет»

На правах рукописи

АЛИЕВ Барзани Маджит-оглы

ПОЛИТИКА ТУРЕЦКОГО ПРАВИТЕЛЬСТВА В ВОСТОЧНЫХ ВИЛАЙЕТАХ СТРАНЫ И ОСВОБОДИТЕЛЬНАЯ БОРЬБА КУРДСКОГО НАРОДА (1923 г. – НАЧАЛО XXI в.)

Специальность 07. 00. 03 – Всеобщая история
(новая и новейшая история)

Диссертация на соискание ученой степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук,
профессор ВАРТАНЬЯН Э. Г.

Краснодар – 2007

61:04-7/767

РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК
ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ

На правах рукописи

АНВАР АДИЛ

КУРДСКИЙ ВОПРОС В ИРАКЕ (1958-91 гг.)

Специальность 07.00.03 – Всеобщая история
(Новое и новейшее время)

Диссертация на соискание ученой степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук,
профессор Лазарев М.С.

Москва – 2004

61:02-7/101-8

РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК
ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ

На правах рукописи

МОСАКИ Нодар Зейналович

ГЕОПОЛИТИЧЕСКИЙ АСПЕКТ СОВРЕМЕННОГО КУРДСКОГО ВОПРОСА

Специальность - 07.00.15. - История международных отношений и внешней политики

Диссертация
на соискание учёной степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель- доктор
исторических наук, профессор
Лазарев Михаил Семёнович

МОСКВА -2001

61:00-7/218-3

САНКТ-ПЕТЕРБУРГСКИЙ ПЕДАГОГИЧЕСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ
им. А.И. ГЕРЦЕНА

На правах рукописи

ЛАДЖАНИ НИАЗ

ВНЕШНЯЯ ПОЛИТИКА СССР В КУРДИСТАНЕ В ГОДЫ ВТОРОЙ МИРОВОЙ ВОЙНЫ И В ПОСЛЕВОЕННЫЙ ПЕРИОД

Специальность 07.00.02 – Отечественная история

ДИССЕРТАЦИЯ
на соискание ученой степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель
докт. истор. наук, профессор
И.В. Алексеева

Lajani

Санкт-Петербург
1999

Федеральное государственное автономное образовательное учреждение высшего профессионального образования «Южный федеральный университет»
Факультет социологии и политологии
Кафедра конфликтологии

На правах рукописи

04201253894

Маджид Хасиб Махмуд

Курдское национальное самоопределение в политическом процессе Ближнего и Среднего Востока в XXI веке

Специальность: 23.00.02 – политические институты, процессы и технологии
диссертация на соискание ученой степени кандидата политических наук

научный руководитель
Заведующий кафедрой конфликтологии
Д.Ф.Н., Профессор
Коновалов. В.Н

Ростов-на-Дону
2011

САНКТ-ПЕТЕРБУРГСКИЙ ПЕДАГОГИЧЕСКИЙ УНИВЕРСТИТЕТ им. А.И.ГЕРЦЕНА

На правах рукописи

А М И Н Ю С И Ф

СОВЕТСКАЯ РОССИЯ, РЕСПУБЛИКИ ЗАКАВКАЗЬЯ И КУРДСКИЙ ВОПРОС В 20-е годы

Специальность 07. 00. 02 – Отечественная история

ДИССЕРТАЦИЯ

на соискание ученой степени кандидата исторических наук

Научный руководитель:
член корреспондент РАО,
докт. истор. наук, профессор
В.И. Старцев

Санкт-Петербург
1999

Министерство образования и науки РФ
Южный федеральный университет

На правах рукописи

04201006713

Ало Саеед Кхудейда

Советско-иракские отношения и позиции СССР по курдской проблеме в 1958-1991 г.г.

Специальность: 07.00.02 – Отечественная история

Диссертация на соискание ученой степени кандидата исторических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук,
профессор Трут В. П.

Ростов-на-Дону - 2010

АКАДЕМИЯ НАУК СССР
ИНСТИТУТ ЭТНОГРАФИИ ИМЕНИ Н.Н.МИКЛУХО-МАКЛАЯ

01

Меджид Хамид Али Ариф

ЭТНОГРАФИЯ КУРДОВ СУЛЕЙМАНИЙСКОЙ ОБЛАСТИ (ИРАК)

Диссертация на соискание ученой степени кандидата исторических наук

Научные руководители:
д.и.н. Н.Н.Чебоксаров
к.и.н. Т.Ф.Аристова

Москва - 1976

پەراوێز و ژێدەرەکان

1- Иванов Станислав Михайлович. Международный аспект проблемы самоопределения Иракского Курдистана (90-е годы XX в. - начало XXI в.). Канд. дисс. М.: 2008. 189 с

2- Авдои Темур Сартифович.Курдский вопрос в современных международных отношениях. Канд. Дисс. М.: 2009. 159 с

3- Аристова Т. Ф. Курды Ирана : историко-этнографический очерк. Канд. дисс .М.: 1953. 231 с

4- Аристова Татьяна Федоровна. Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры. Докторская диссертация. М.: 1992

5- Аристова Татьяна Федоровна. Курды Закавказья (историко-этнографический очерк). М.، 1966. 209 с

6- Дасни Юрий Романович. Курдский вопрос в региональной и мировой политике. Канд. дисс. М.: 1998. 186 с

7- Дасни Ю.Р. Путешествие из Москвы в Курдистан. М.، 2010. 192 с

8- Сарибекян، Самвел Сергеевич. Курдский вопрос в международных отношениях. Канд. дисс. М.: 2003. 196 с

9- Вертяев، Кирилл Валентинович. Курдский вопрос в Турции в 80-90-е годы: политический аспект. Канд. дисс. М.: 2000. 221 с

10- Мустафа Арам Али. Движение курдского народа за национальное самоопределение в XIX - первой трети XX в. и позиция России (СССР). Канд. дисс.



Краснодар.: 2007. 253с

11- Анвар Адил. Курдский вопрос в Ираке (1958-1991). Канд. дисс. М.: 2004. 187с

12- Алиев، Барзани Маджит - оглы. Политика турецкого правительства в восточных вилайетах страны и освободительная борьба курдского народа: 1923 г. - начало XXI в. Канд. дисс. Краснодар. 2007. 221с

13- Ладжани Ниаз. Внешняя политика СССР в Курдистане в годы Второй мировой войны и в послевоенный период. Канд. дисс. Санкт-Петербург. 1999. 178с

14- Амин Юсиф. Советская Россия، республики Закавказья и курдский вопрос в 20-е годы. Канд. дисс.Санкт-Петербург. 1999. 191с


15- Маджид Хасиб Махмуд. Курдское национальное самоопределение в политическом процессе Ближнего и Среднего Востока в XXI веке. Канд. дисс. Ростов-на-Дону. 2011. 154с

16- Маджид Хамид Али Ариф. Этнография курдов Сулейманийской области: Ирак. Канд. дисс. М.: 1976. 161 с

17- Мосаки. Нодар Зейналович. Геополитический аспект современного курдского вопроса. Канд. дисс. М.: 2001. 205с

18- Ало Саеед Кхудейда. Советско-иракские отношения и позиции СССР по курдской проблеме в 1958-1991 гг. Канд. дисс. Ростов-на-Дону. 2010. 170 с





فەرهەنگەکەی تاهیربەگی جاف (١٨٧٨-١٩١٨)

د. عادل صدیق

خوێندنی تاهیر بەگ:

تاهیر بەگ کوڕی عوسمان پاشای جاف کوڕی محەمەد پاشای جاف کوڕی کەیخەسرەو بەگی جافە، کوڕە گەورەی عادیلەخانم(١٨٥٩-١٩٢٤)ی کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقڕانە، ساڵی ١٨٧٨ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی، بەڵام پێویستییەکانی ئایینی لە حوجرە تەواو نەکردووە، دواتر مامۆستا (میرزا)ی تایبەتی لەماڵەوە بۆ گیراوە، لە ماڵەوە جگە لە خوێندنی فارسی و نووسین و خەت، زانست و زانیارییەکانی ئەو سەردەمە فێرکراوە.

لە پاش ماوەیەك جارێكی دیكە دەستدەكاتەوە بە هاتوچۆكردنی حوجرەی فەقێكانی هەڵەبجە بەمەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی، تاهیر بەگ جگە لە خوێندنی قورئانی پیرۆز، كتێب و شیعری شاعیرانی كورد و فارسی وەك (سەعدی شیرازی، حافز، باباتاهیری عوریان، نالی، شێخ ڕەزا) و شاعیرانی تری خوێندووە. جیا لەوانەش لە سەردەمی لاوێتییەوە خۆی بە فێربوونی زمانی فەڕەنسییەوە خەریك كردووە و شارەزاییشی لەو زمانەدا پەیدا كردووە. لەبەرئەوەی ماڵی باوك و خزم و كەسوكاری دایكی لە شاری سنە بوون،[1] گەلێك جار بەناوی خزمایەتییەوە و بۆ سەردان نەك بۆ خوێندن سەردانی ئەو شارەی كردووە، لەو سەردانانەیدا تێكەڵاویی و هەڵسوكەوتیی لەگەڵ گەورە پیاوان و شاعیر و میرزاكانی ئەو شارەدا كردووە، بێگومان ئەوەش كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر ژیانی تاهیر بەگ و ڕادەی پێگەیشتنی ئەو داناوە، پێدەچێت هەر لەو سەردانانەیدا بۆ شاری سنە چاوی بە موژدەدەرە فەڕەنسییەكان كەوتبێ و لەوێشەوە حەز و ئارەزووی فێربوونی زمانی فەڕەنسی كەوتبێتە مێشكییەوە، دواتریش بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی شارەزایی لەو زمانەدا پەیداكردووە.[2]

تاهیر بەگ و توانای زمانەوانی:

تاهیر بەگ یەكێكە لە شاعیرانی كلاسیك، وەك زۆربەی سەرچاوەكان باسیان كردووە زمانەكانی: كوردی، فارسی، عەرەبی و توركی زانیوە و شیعری پێ گووتوون. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد بەهۆی هاتوچۆی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و تێكەڵاوی لەگەڵ مسیۆنێرە فەرەنسییەكان فێری زمانی فەرەنسیش بووە.[3]

هەر سەبارەت بە زمانە فەرەنسییەكەی تاهیر بەگ، مینۆرسكی كە لە ساڵی ١٩١٤ لەگەڵ تیمێكدا لە هەڵەبجە بووە، باسی ئەوەی كردووە كە چەندین جار عادیلەخانم لە بارەگاكەی خۆیان سەردانی كردوون، ئەو كە خانمی بە خاوەنی هەڵەبجە ناوبردووە ئاماژەشی بەوە كردووە كە خانم بایەخێكی تایبەتی بەو تاكە ئافرەتە ئەورووپییە داوە كە لەگەڵ نێردە زانستییەكەی ئەواندا بووە، لە درێژەدا وتوویەتی: «جارێكیان هات بۆ لامان لە بارەگاكەمان، كۆمەڵێك بووك و خزمەتكاری لەگەڵدا بوو، بەدڵخۆشییەوە ڕازی بوو كە وێنەی بگرین، بە نامەیەكیش كە بە زمانی فەرەنسی نووسرابوو لە وەڵامدا بۆ ئەو دیارییانەی كە پێشكەشی كوڕەكەیم كردبوو، سوپاسی كردبووم. لە دواییدا دەركەوت ئەو نامەیە گەنجێكی كورد نووسیبووی كە لە شاری سنە لەلای

مسیۆنێرە کاسۆلیکەکان فەرەنسی خوێندبوو». ڕاستە مینۆرسکی دەڵێت گەنجێکی کورد نامەکەی نووسیوە و لەبەر هەر هۆیەك بێت ناوی نەهێناوە، بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە تاهیر بەگی کوڕە گەورەی خانم زمانی فەرەنسی زانیوە، هەربۆیە من وای بۆدەچم ئەو گەنجە هەر تاهیر بەگ بووبێت کە ئەو نامە سوپاسگوزارییەی نووسیوە.[٤]

سەرچاوەش هەن باس لە ئینگلیزی دەکەن، بەڵام ئەمەیان کەمتر پشتڕاستکراوەتەوە،[٥] ئەگەر ئەوەش بزانین تاهیر بەگ بەر لە گەیشتنی ئینگلیزەکان بە باشووری کوردستان کۆچی دوایی کردووە (١٩١٨/١٠/٧)،[٦] ئەگەرچی سەرچاوەش هەن باس لەوە دەکەن، کە تاهیر بەگ لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە.[٧] ئێمە ئەوە دەزانین کە نۆئێل و ئەو چەند کەسەی کە لەگەڵیدا بوون و نوێنەرایەتی ئینگلیزەکانیان دەکرد لە ١٩١٨/١١/١٦ لەسەر داوای شێخ مەحمود گەیشتنە شاری سلێمانی. هیچ سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو باسی ئەوەیان نەکردووە کە تاهیر بەگ سەردەمی ئینگلیزی دیبێت، وادیارە تاهیر بەگ بەر لە گەیشتنی ئینگلیزەکان بە باشووری کوردستان، یان وردتر بڵێین شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، بەپێی گێڕانەوەکانی عەلی ئەکبەر خانی سنجابیش کە ماوەیەك بەر لە مەرگی تاهیر بەگ لە هەڵەبجە بووە، تاهیر بەگ حەزی بە شکستی تورکەکان و سەرکەوتنی ئینگلیزەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی نەکردووە، عەلی ئەکبەر خان ئەمەی لە مەحمود پاشای (١٨٤٦-١٩٢١) مامی تاهیر بەگ بیستووە، گلەیی ئەوەی لێکردووە، ئەگەر تاهیر بەگ ڕێگر نەبووایە لە بەردەمیدا دەمێك بوو ئەو تورکەکانی لە ناوچەکە دەرکردبوو.

هەروەك تاهیر بەگ شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) بەباشی زانیوە و شیعریشی پێ وتووە، سێ پارچە شیعری بەو شێوەزارە لێ بەجێماوە،[٨] هۆکاری فێربوونی شێوەزاری گۆرانی(هەورامی) بۆئەوە دەگەڕێتەوە بەگزادەکانی جاف سەرەڕای تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکی هەورامان و بەتایبەتیش بەگزادەکانی هەورامان ژن و ژنخوازیشیان هەبووە، ژنی یەکەمی عوسمان پاشای باوکی(مەنیجەخان/ دایکی مەجید بەگی کوڕە گەورەی) کچی محەمەدعەعید سوڵتان و خوشکی جافرسانی هەورامی بووە. جگە لەوەش هەریەکە لە (مەجید بەگ، حەمەسەعید بەگ، تاهیر بەگی جاف و ئەحمەدموختار جاف) کوڕانی عوسمان پاشای جاف ژنیان لە خەڵکی هەورامان بەتایبەت بەگزادەکانی هەورامان خواستووە، خێزانە هەورامییەکەی تاهیر بەگ

ناوی (شیرین) بووە و خەڵکی تەوێڵە بووە، تاهیر بەگ لەو ژنەی یەك کچی بەناوی (فاتمە) هەبووە.

ئەوەی تائێستا ڕوونە، تاهیر بەگ شیعری بە زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی و شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) هەیە و لێی بەجێماوە، بەڵام سەبارەت بە شیعری عەرەبی تا ئەمڕۆ هیچ نووسەرێك شیعری عەرەبی ئەم شاعیرەی نەدیوە.

ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٣٧وە هەتا ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو چەند جارێك دیوانەکەی تاهیربەگ چاپکراوەتەوە، بەڵام دەوڵەمەندترینیان لەڕووی بەرهەمەکانی شاعیرەوە ئەو چاپەیانە، کە ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن هەریەکە لە بەڕێزان (مامۆستا موحەممەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی، کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین) و جووتیار نەریمان)ەوە بڵاوکرایەوە، هەرخۆشیان ئاماژەیان بەوە کردووە دوای لێکۆڵینەوەیەکی چەند ساڵە بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە شیعر و نووسینەکانی شاعیر زۆر لەوە زیاترن، کە ئەوان دەستیانخستووە و لەچوارچێوەی ئەو کتێبەدا بە چاپیان گەیاندووە.

ئەوەی لەسەرەوە خرایەڕوو، توانای زمانەوانی و باڵادەستی شاعیر بوو بەسەر ئەو زمانانەدا، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەبارەیەوە بدوێین بەرهەمێکی جیاوازتری شاعیرە و هەتا ئێستا ڕووناکی چاپی نەدیوە، ئەوەندە نەبێت ژمارەیەك لە نووسەران ئاماژەیان بۆ کردووە، ئەو بەرهەمەش بریتییە لە فەرهەنگێکی زمانەوانی، فەرهەنگەکە بە هەر چوار زمانی (کوردی، تورکی، عەرەبی و فارسی) نووسراوە و بەرانبەر بە (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێیی باوکی کاك ئەحمەدی شێخ بە شیعر دایناوە. سەبارەت بەم بەرهەمە حەمەبۆر دەڵێت: «چەند دەستنووسێکی تاهیر بەگی جافم لەلای محەمەد حیلمی شێخ حسێن (حیلمی شاعیر ١٩٠٩-١٩٨٥) دیوە، کە بەهۆی تێکەڵاویی و نزیکی زۆری خۆی لەگەڵ بنەماڵەی تاهیر بەگ کەوتبوونە لای ئەو، لەوانە فەرهەنگێکی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی بوو کە وەك (ئەحمەد)ییەکەی شێخ مارفی نوێ وابوو، ئەو فەرهەنگە هەر میسرەعێکی چوار وشە بوو، هەر وشەیەکیان بە زمانێك دانرابوو، کە هەمان مانای هەبوو، هەروەها کەشکۆڵێکی شیعریش بوو، کە شیعری مستەفا بەگی کوردی و زۆر شاعیری کوردی تری تێدابوو، ئەویشی لەلا بوو، کە لە ماڵی تاهیر بەگی جاف وەریگرتبوو، ئەم کەشکۆڵە گرنگەش کەوتبووە لای حیلمی، کە من ئەوەم بە چاوی خۆم لەلای دیوە. ئەوەبوو بۆ ساغکردنەوەی

شیعرەکانی مستەفا بەگ داوام لێکرد بمداتێ، بەڵام ڕێگەی نەدام وێنەی بگرمەوە و سودی لێوەربگرم، هەرچەندە زۆر دۆستیشی بووم و شەوەکەی میوانی ماڵیشی بووم ئینجا نەیدامێ. تەنانەت پێمگووت بمداتێ هەر تەماشایەکی بکەم، پێی وتم تۆ دوو سێ جار بیخوێنیتەوە شیعرەکان لەبەردەکەی، بۆیە ناتدەمێ سەیریان بکەیت».[٩]


هەریەکە لە محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)و حەمید موستەعات ئاماژەیان بەوە کردووە، تاهیربەگ جگەلەوەی بە چوار زمان(کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی) شیعری وتووە، کتێبێکیشی بەم چوار زمانە بەناوی (ئەحمەدی) داناوە.[١٠]

چارەنووسی فەرهەنگەکە:

ئەم فەرهەنگە دواتر کەوتووەتە لای حەمەبۆر، بەڵام نازانرێت چۆن و کەی کەوتووەتە لای ناوبراو. یەکێك لە کوڕانی شێخ لەتیفی دانساز دەڵێت: «ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٩ لە شاری سلێمانی سەردانی حەمەبۆرم کرد، دواتر چوو بۆ بەغدا و ئەو ساڵە نەهاتەوە، کە هاتەوە کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو، فرۆشتی بە هێرۆخان، چەند دەستنووسێکی لەلا بوو، وەکو فەرهەنگی ئەحمەدی و فەرهەنگێکی تاهیربەگی جاف. ناوبراو لەوە زیاتری نەدرکاندووە.[١١]

لێرەدا ڕووندەبێتەوە، کە حەمەبۆر دوای ساڵی ٢٠٠٧ ئەو کتێبخانەی بە هێرۆخانی خێزانی جەلال تاڵەبانی فرۆشتووە و ئەویش پێشکەشی کەناڵی (کوردسات)ی کردووە، دواتر بنکەی ژین داوایان لە هێرۆخان کردووە چاویان بەو کتێبخانە دانسقەیە بکەوێت، بۆئەوەی هەر کتێب، یاخود دەستنووسێك کە مەترسی فەوتانی لەسەرە ئەوان پارێزگاری لێ بکەن، بەوتەی (سدیق ساڵح)، هێرۆخان ڕێگەی ئەوەی داون کتێبخانەکە بەوردی بپشکنن، ئەوانیش بەشێکی زۆر لە دەستنووس و کتێبە دانسقەکانیان بۆ بنکەی ژین گواستووەتەوە، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە دوور و نزیك چاویان بەو فەرهەنگە دەستنووسەی تاهیر بەگ نەکەوتووە، نازانرێت ئەو بەرچاوی نەکەوتووە، یاخود هەر لەنێو کتێبخانەکەدا نەبووە و کەوتووەتە لای کەس، یان شوێنێکی دیکە.[١٢]

بەوهیوایەی لە داهاتوودا ئەم دەستنووسەی شاعیر ڕووناکی چاپ ببینێت و ببێتە ملۆیەکی تر و بخرێتە بۆ سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی، هەروەك ببێ بە کەرەستەیەك خاو بۆ لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب و مێژوو، هەتا لەو ڕێگەیەوە زیاتر ئاگاداری تواناکانی شاعیر ببین.


مرحوم خنتّمکان شاعری بەناوبانگ
طاهر بگ کوری عثمان پاشای جاف
لە تشرینی ثانی ١٩١٨ دا
وفاتی کردوه =

ئەم دەستنووسە لە بەڕێز کاك هۆشمەند حەسەن فەهمی بەگی جافی خوشکەزای تاهیربەگی شاعیر وەرگیراوە.

پەراوێز

١. عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢، ل٤٧٢-٤٧٣ ؛ د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٦٥ ؛ حەسەن گۆران: دیوانی تاهیر بەگی جاف، چ١، چاپخانەی گلبان، سنندج، ١٣٨١شەمسی، ل١٦.

٢. عەلادین سەجادی: س،پ، ل٤٧٣.

٣. نووسەرێکی ئینگلیز لە تاهیربەگی جاف ئەدوێ، وەرگێڕانی عومەر عەبدوڵلا کۆیی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ٦، ئازاری ١٩٨٣، ل٣٤ ؛ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید: تاهیربەگ و هەندێك سەرنج، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە ١٢٠، ١٩٩٨/١/١٤، ل٢٠ ؛ گیو موکریانی: گوڵچنی گیو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٩، ل٣٥٧ ؛ موحەممەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی و کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین) و جووتیار نەریمان: دیوانی تاهیربەگی جاف، چ١، ٢٠٢١، ل٢٩-٣٤.

٤. مینۆرسکی: کورد تێبینی و وردبوونەوە، وەرگێڕانی: حەمەسەعید حەمەکەریم، ١٩٨٤، لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، ل١٦٣-١٦٤.

٥. مەجید نەدیم: تایەر بەگی جاف، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٢٢١)، ١٩٧٤/٦/٧.

٦. د.مارف خەزنەدار: س.پ، ل٥٦٦ ؛ عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: ئەحمەد موختار جاف شاعیر و مرۆڤ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٩١، پ٥.

٧. ئەم دەستنووسە لەلایەن کاك هۆشمەند حەسەن فەهمی بەگی جاف بۆ ئامادەکار نێردراوە.

٨. موحەممەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی و کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین) و جووتیار نەریمان: س.پ، ل٣١.

٩. محەمەد حیلمی شێخ حسەین (حیلمی): شێخ ڕەزا شاعیرێکی بێ هاوتایە .. شیعریش وەك چێشت وایە، هەر شیعرە و ئەربابی خۆی هەیە، هەڤپەییڤین: ئازاد عەبدولواحید، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(١٤٠)، ٢٠٠٩/١/٥، ل٧٨.

١٠. ژیانئاوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامی یان گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، ١٣٦٤شمسی، ل٣٦٦-٣٦٧ ؛ دیوانی تاهیر بەگی جاف، پێداچوونەوەی حەمید موستەعات، چ١، سنە، ١٣٨٠ی هەتاوی، ل٣-٤.

١١. عەبدوڵلا شێخ لەتیف، باباعەلی شێخ لەتیف و سەعید شێخ لەتیف(ئامادەکردن): شێخ لەتیفی دانساز (زانیاری، بیرەوەریی و بەڵگەنامە)، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٧، ل.

١٢. چاوپێکەوتنی ئامادەکار لەگەڵ سدیق ساڵح، بنکەی ژین/ سلێمانی، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٨/١٠.



سەڵاحەددین

لە کارتێکی سوتاوەوە بۆ جۆکەرێکی کوردی
(ڕوانگەیەکی فەلسەفی، زانستی، کرداریی)

د. کامەران محەمەد

لە گەرمەی ئەو قسە و باسە بێشومارەی لەم ڕۆژانەی پێشوودا و بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر سەڵاحەددینی ئەیووبی هاتە ئاراوە، ئەوەم بەرچاو کەوت، کە ئەو بووەتە «کارتێکی سووتاو» و (ئیسلامی سیاسی) و (ناسیۆنالیزمی عەرەبی) لەناو کۆ گەلێکی دوژمنانەی دژ بە کورد و دوور لە پرۆژە نەتەوەییە سەربەخۆکەیان بەکاری دەهێنن. بەڵام خاوەنی ئەو جۆرە تێڕوانینە نازانێت بەم کارەی دەکەوێتە داوی قبوڵکردنی پێناسەکانی ئەوانی دیکەوە بۆ سیمبولەکانی خۆمان! واتە چاوپۆشی لە ئەگەری بەرهەمهێنانەوەی سەڵاحەددین دەکات، بە دیدێکی نوێی کوردییەوە کە خزمەت بە پرۆژەی دەوڵەت و ئاشتی و شوناس بکات.

لێرەدا بەگرنگم زانی وردتر لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی، زانستی و کردارییەوە، هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو تێڕوانینە بکەین، دواتر ئەوە ڕوونبکەینەوە کە چۆن کورد دەتوانێت، سەڵاحەددین بکاتە "کارتی جۆکەر" نەک "سووتاو".

یەکەم: ڕوانگەیەکی فەلسەفی
هەرکەسێک خاوەنی چیرۆکەکە بێت خاوەنی سیمبولەکەیە

لەڕووی فەلسەفییەوە سیمبولەکان بەشێوەیەکی ئامادە بە نەتەوەکان نادرێن، بەڵکو لە ڕێگەی گێڕانەوە "السرد"ەوە دروست دەکرێن؛ ئەوەی کە پۆڵ ڕیکۆر ناوی دەنێت "پێکهاتنی هۆنینەوە"، واتە چۆنێتی ڕێکخستنی زەمەن و کردار لە شێوەی چیرۆکێکدا. کێشەکە لە خودی سەلاحەددیندا نییە، بەڵکو لەو چیرۆکەدایە کە تێیدا دانراوە.

شوناس لە ڕێگەی زمانەوە بونیاد دەنرێت، زمانیش خانەی بوونە، وەک هایدگەر دەڵێت. کەواتە، ئەگەر کورد بیەوێت سەلاحەددین وەربگرێتەوە، ئەوا دەبێت سەرلەنوێ (گێڕانەوە) کەی بگەڕێننەوە، بەڵام نەک لە ڕوانگەی ململانێکانی بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکان یان ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا، بەڵکو لە ڕێگەی ئەزموونی وجودی خۆیەوە: واتە مانەوە، کەرامەت، بەرگریی و فرەیی.

سەلاحەدین وەک دەوڵەتمەدارێک لە ژینگەیەکی ئیسلامیدا ژیا، بەڵام دوژمنایەتی ڕۆژئاوا (وەک مرۆڤ و شوێن)ی نەکرد. بەڵکو عەقڵانییەت و بەزەیی و توانای دانوستانی بەرجەستە دەکرد- ئەوانەش بەهاگەلێکن، زۆر نزیکتر لە ڕەوشتی کوردی ئەمڕۆن، وەک لە بەهاکانی ڕق و کینە و ململانێ و کوشتن کە دواتر خرایە ئەستۆی

هێزی گێڕانەوە (السرد) لە دروستکردنی (شوناسی کۆمەڵ)دا پرسێکی وجودییە. وەک پۆڵ ڕیکۆر ئاماژەی پێکردووە، ناسنامە پرۆژەیەکی تەئولییە- واتە چیرۆکێکە بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە، بۆئەوەی ڕێگەی خۆمان لە بووندا بدۆزینەوە. بۆ کورد، میراتی سەلاحەددین ڕاستییەکی چەسپاو نییە، بەڵکو دەقێکە، شیاوی سەرلەنوێ لێکدانەوەیە. دەتوانن تەواوی ئەو گێڕانەوانە ڕەتبکەنەوە، کە بەسەریاندا سەپێندراوە. دواتر سەرلەنوێ پێناسەی سەلاحەددین وەک هێمای پێکەوەژیانی دیالۆگی بکەنەوە. لێرەدا چەمکی «توانەوەی ئاسۆکان»ی گادامێر جێبەجێ دەکرێت، واتە دەبێت زەمینە مێژووییەکەی سەلاحەددین (بنەچە کوردییەکەی و فرەیی لە سەدەکانی ناوەڕاست)دا لەگەڵ خواستە نوێیەکانی کورد (دەوڵەت، تێکەڵاوبوونی جیهانی) تێکەڵ بکرێت. ئەگەر سەلاحەددین، بۆ هەندێ، «مێژوویەکی یادگاریی» نیچەیی بێت، کە کرابێتە ئەفسانەی دەسەڵاتێکی دیاریکراو، ئەوا دەبێت کورد «مێژوویەکی ڕەخنەگرانە» بونیادبنێت و گومان لە ئەفسانە بۆماوەییەکان بکات و سیمبولەکان لەگەڵ داهاتووی ئاکارییدا هاوتەریب بکات.

دووەم: ڕوانگەیەکی زانستی

مێژوو وەک خۆی، نەک وەک ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان نووسیيانەوە

لەڕووی مێژووییەوە سەلاحەددین، یوسف کوڕی ئەیووبی کوڕی شادییە، واتە کوردێکی ڕەوادییە، ڕەوادیش تیرەیەکە لە هەزبانی. لە تکریت لەدایکبووە و لە موسڵ و دیمەشق گەورە بووە. لە میرنشینی زەنگیدا خزمەتی کردووە و پاشان دەوڵەتی ئەیوبی دامەزراندووە. پڕۆژەکەی ئەو «عەرەبی» یان «ئوممەمی» نەبوو، وەک ئەوەی هەندێ لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان برەوی پێدەدەن، بەڵکو پڕۆژەیەکی سیاسی بوو، بۆ پاراستنی وڵاتی شام لە داگیرکارییەکی دەرەکی (جەنگی خاچییەکان).

ناسریزم و بەعسیزم وەک سیمبولێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی ناساندیان. بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکانیش کردیانە «ئایکۆنی جیهاد دژ بە ڕۆژئاوا»، واتە هەموویان ناسنامە کوردییەکەیان سڕییەوە. لەم بەکارهێنانە سیاسییەدا، نەنگی لە سیمبولەکەدا نییە، بەڵکو لە ئەوانەدایە کە قۆرخی دەکەن.

لە ڕوانگەی زانستە سیاسییەکانەوە، (سەلاحەددین ئەو مێژووە دەنوێنێت، کە شایستەی بەکارهێنانە)، واتە پرسیارەکە ئەوە نییە: کە ئایا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت؟ بەڵکو ئەوەیە کە: کێ بەکاری دەهێنێت و بۆچی؟

سێیەم: ڕوانگەیەکی کرداریی

چۆن سەلاحەددین بکەینە کارتی ”جۆکەر“ی کوردی؟

جۆکەر لە یاریکردنی کارتەکاندا هێمایەکە، دەتوانێت بەهای هەر کارتێکی تر وەربگرێت و هەر پێڕێکی ناتەواو تەواو بکات و دابەزێت، یان بتەقێت و یارییەکە بباتەوە. جا بۆئەوەی سەلاحەددین ببێتە جۆکەری کورد، دەبێت:

لە ڕووی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و مێژووییەوە بیگێڕینەوە، واتە دەبێت ببێتە بابەتی ڕۆمان و دراماکان و فیلم و لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا بخوێنرێت، بەشێوەیەک وەک سەرکردەیەکی کوردی ژیر و کارگێڕ و بلیمەت و هێمای پێکەوەژیان نەک وەک سیمبولێکی بەتەنها جیهادیی پێشکەش بکرێت.

پاکردنەوەی لەو میراتە بەسیاسیی کردنە پەرگیرەی کە ڕۆژانە بووەتە دروشم! سەلاحەددین تیرۆریست نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خاچییەکاندا دانووستانی کرد، مەسیحی

و جولەکەکانی پێکەوە پاراست. ئەمەش لە ڕۆحی کوردەوە نزیکترە وەک لە گوتاری ڕق و کینە.

هاوکات دەتوانین بە پێداویستییە هاوچەرخەکانمانەوە بیبەستینەوە، کورد لە ئەمڕۆدا پێویستی بە دیپلۆماسی، ئامادەیی جیهانی و کرانەوە هەیە، نەک دروشمی "ئومەتی ئیسلامی". واتە دەکرێت سەڵاحەددین پردێک بێت بۆ جیهان نەک دیوارێک

دواتر دەتوانین ڕێزگرتنی جیهان بۆی بچنینەوە، ڕۆژئاوا زیاتر ڕێز لە سەڵاحەددین دەگرێت، لەوەی ڕێز لە سەرکردەیەکی تری عەرەب یان موسڵمان بگرێت. بۆچی ئێمە بۆ دروستکردنی پەیوەندی سیاسی و کەلتووریی، کە خزمەت بە دۆزە ڕەواکەمان بکات، سوود لەم ڕێزگرتنە وەرنەگرین؟

کارتەکە مەسوتێنە، بەکاری بهێنە

خوێندنەوەی مێژوو بریتی نییە لە زنجیرەیەک ململانێ و دوژمنایەتی، بەڵکو چنراوێکە لە شیمانەکان، هەر بەوشێوەیە سەڵاحەددین دەبێتە پردێک لەنێوان (ڕابردوو و داهاتوو) و (خۆرهەڵات و خۆرئاوا) و (خواستەکانی کورد بۆ دەوڵەت) کە لەسەر ئاشتی و پێکەوەژیان دامەزراوە. لە کۆتایدا جۆکەر کارتێکی کاریگەرە کە ئاڵنگاری واتە نەگۆڕەکان دەکات و دەستپێکردنی یارییەکە دەگەڕێنێتەوە.

لەبری ئەوەی کارتەکەی سەڵاحەددین بسوتێنین، پێویستە دووبارە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەینەوە- وەک چۆن نیچە داوای دووبارە هەڵسەنگاندنی بەهاکانی دەکردەوە. سەڵاحەددینی ڕاستەقینە «ئامرازی شەڕ» نەبوو، بەڵکو پیاوی عەقڵ و دەوڵەت و کەلتوور و پێکەوەژیان بوو. دواتر سەڵاحەددین کە ئەمڕۆ بزووتنە جیهادییەکان بەکاری دەهێنن، تەنها دەمامکێکە نەک ڕووخسار. پەردەی دوژمنایەتییە نەک هێمای ئاشتی.

دەشێت سەڵاحەددین نەورۆزەکەی ترمان بێت، سیمبولێکی زیندووە کە نوێ دەبێتەوە و یەکمان دەخات، نەک کۆت و بەندێکی مردوو بێت و بەسەرماندا سەپێنرابێت. پرسیاری ڕاستەقینە ئەوە نییە: «ئایا ئەو کارتێکی سووتاوە؟» بەڵکو پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە: ئایا ئێمە بوێری ئەوەمان هەیە، کە چیرۆکی خۆمان بنووسینەوە؟



قوتابخانە و خوێندنگەکان

گێلمان دەکەن!



بەڕێز عەباس عەلی

ئەو ناونیشانەی سەرەوە لەوانەیە بۆ زۆرێك جێگەی شۆك و پرسیار و سەرسووڕمان بێت، چۆن دەبێت قوتابخانە و خوێندنگەکان لە بری ئەوەی هۆشیارمان بکەنەوە بەپێچەوانەوە گێلمان دەکەن؟! زۆرن ژمارەی ئەو کەسانەی ڕەخنە لە شێوازی پەروەردە و خوێندن دەگرن لە قوتابخانە و خوێندنگەکان لە سەرتاسەری جیهاندا و ڕەخنەکانیش لە ڕوانگە و تیۆری جیاوازەوەن، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەش کەمنین کە بە پێچەوانەی شەپۆلەوە مەلە دەکەن و لە بنەمادا قوتابخانە و خوێندنگەی هاوچەرخ و نوێ سەرلەبەری ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە ئەوەندەی زیانی هەیە نیو هێندە سوود و قازانجی نییە!

یەکێك لەو کەسانە (جۆن تایلەر گاتۆ)یە، گاتۆ مامۆستا و نووسەری ناوداری ئەمریکییە، ساڵی ١٩٣٥ لەدایکبووە و ساڵی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کردووە، سی ساڵ مامۆستا بووە، سێ ساڵی لەسەریەك بە باشترین مامۆستای نیویۆرك دیاریکراوە، ساڵی ١٩٩١یش وەکوو باشترین مامۆستای تەواوی هەرێمی نیویۆرك هەڵبژێردراوە، لە هەمان ساڵدا وتارێکی بەناونیشانی (واز دەهێنم، بیر دەکەمەوە) نووسی و وازی لە مامۆستایەتی هێنا. ئەو ڕەخنەگری خوێندنگەی مۆدێرن و سیستەمی خوێندنی هاوچەرخ بوو، سێ کتێبی لە دژی خوێندنی زۆرەملێ نووسیوە، یەکێك لەو سێ کتێبانە کتێبێکە بەناونیشانی (گێلمان دەکەن «دیوە نەبینراوەکەی خوێندنی هاوچەرخ»)، کتێبەکە ساڵی ٢٠٢٤ لە لایەن (بنار جەبار) کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە و بە قەبارەی ١٥٣ لاپەڕە لەلایەن ڕێکخراوی (ئەستانە)وە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئێمەش بۆ ئەم نووسینە وەرگێڕانە کوردییەکەمان وەکوو سەرچاوە بەکارهێناوە.

زۆر کەس لەگەڵ بۆچوونەکانی گاتۆ هاوڕایە بێ ئەوەی گاتۆش بناسن، بەڵام پێچەوانەی گاتۆ ئەوان وا دەزانن تەنیا دەوڵەتە دواکەوتووەکان و سیستەمەکەیان قوتابخانە و خوێندنگەکانیان بەوشێوەیە و نازانن لە بنەمادا ئەوە خۆی ئامانجی قوتابخانە و خوێندنگەی هاوچەرخە! هەیە دەزانێت وایە، بەڵام بۆئەوەی ڕووبەڕوونەبێتەوە وەکوو گاتۆ نایڵێت و دەیشارێتەوە! دەتوانین بڵێین زۆرجار فێرخوازەکان زیاتر هەست بەوە دەکەن ئەوەی گاتۆ دەیڵێت! ئەنجامەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دونیابینی زۆرێك لەو کەسانەی قۆناغەکانی خوێندنیان تەواوکردووە بۆت دەردەکەوێت گاتۆ چەند پێکاویەتی! گاتۆ باسی خوێندن لە ئەمریکا دەکات، ئەی ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ببینیایە چی دەگووت! کەمنین ژمارەی ئەو دەنگانەی لە کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی پێیانوایە قوتابخانە و خوێندنگەکان لە زۆر ڕووەوە بەهۆی دواکەوتوویيانەوە پەروەردە و فێرت ناکەن، بەڵام گاتۆ باس لە دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی سیستەمی قوتابخانە و خوێندنگەکان ناکات، بەڵکوو ئەو لە بنەمادا قوتابخانە و خوێندنگەی هاوچەرخ ڕەتدەکاتەوە!

گاتۆ پێیوایە خوێندنگەی هاوچەرخ لە بنەمادا بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤەکان دامەزراوە نەك پەروەردە و پێگەیاندنیان! ئەو بۆ ڕیشەی مێژوو دەگەڕێتەوە و باس لەو فەلسەفەیە دەکات کە خوێندنگەی هاوچەرخی هێناوەتە کایەوە و نموونەی



ئەمریکا دێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات خوێندنی ئەمریکی لە دەوڵەتی پرووسیا وەرگیراوە (بە بۆچوونی گاتۆ، هزری پرووسیایی باوەڕی وابوو دەبێت خوێندنی ناوەندی شەش خاڵ بەدی بهێنێت:

١- سەربازی گوێڕایەڵ بۆ سوپا.

٢- کارمەندی گوێڕایەڵ بۆ کۆمپانیا و کێڵگە و کانەکان.

٣-هاوڵاتی خزمەتکاری ملکەچ و ڕاهێنراو لەو کارەی بۆی دانراوە.

٤- فەرمانبەری ملکەچ بۆ پیشەسازی.

٥- هاوڵاتیگەلێك کە لەسەر هەموو بابەتەکان وەکو یەکتر بیر بکەنەوە.

٦- یەکێتی نەتەوەیی لە هزر و قسە و کرداردا.

کەواتە ڕوونە قوتابخانە و خوێندنگەی هاوچەرخ دەیەوێت چ فێرخواز و مرۆڤێکمان بۆ دروستبکات بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت!

ساڵی ١٩٩١ گاتۆ وتارێك پێشکەش دەکات کاتێك وەکوو باشترین مامۆستای نیویۆرك ستەیت هەڵدەبژێردرێت، ئەوەندە بە توندی خوێندنی هاوچەرخ ڕەتدەکاتەوە داوا دەکات بە مامۆستا بانگی نەکەن! چونکە ئەو باوەڕی بەوە نییە فێرخوازەکانی فێری ئینگلیزی کردبێت، بەڵکوو تەنیا فێری ئەوەیانی کردووە بێن بۆ مەکتەب! گاتۆ دەڵێت: (تکایە بە گاتۆ بانگم بکەن. بەر لە سی ساڵ، شتێکی باشترم شك نەدەبرد، هەربۆیە مامۆستایەتیم تاقیکردەوە. ئەو مۆڵەتەی پێمە دەڵێت من مامۆستای زمانی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ئینگلیزیم، بەڵام کاری ڕاستەقینەی من هیچییان نییە. من خوێندکاران فێری ئینگلیزی ناکەم، فێری مەکتەبیان دەکەم، خەڵاتیشی لەسەر وەردەگرم). بۆچوونەکانی گاتۆ گرنگییەکەی لەوەدایە مامۆستایەکی کاریگەر و بە تواناش بووە نەك مامۆستایەکی لاواز تا بە هەوانتە ڕەخنە لە خوێندنی هاوچەرخ بگرێت.

گاتۆ ئەوە ئاشکرا دەکات لە قوتابخانە و خوێندنگەی هاوچەرخ فێرخواز لە چوارچێوە دەدرێت و نابێتە خاوەن بیرکردنەوەی خۆی، هەتا ئەو کاتە بۆی هەیە بۆچوون و ڕەخنەکانی دەرببڕێت کە کەس نەیبیستێت! مامۆستا و خوێندنگەکان فێرخوازێکیان دەوێت وەکوو لای خۆمان دەوترێت «ئاقڵ» بێت! گاتۆ دەڵێت: (زۆرینەی مامۆستایان ناوێرن خوێندکاران فێری ئەو کەرەستانە بکەن کە دەکرێت

ڕەخنەیان لە دۆگمای خوێندنگە یان خودی مامۆستایان پێ بگیرێت، چونکە لە خوێندنگەدا دەبێت هەموو شتێك قەبووڵ بکرێت)، هەروەها دەنووسێت: (من خوێندکارەکان ناچار دەکەم ویستی خۆیان ملکەچی فەرمانە یەك لە دوای یەکەکان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەستێرەیان پێ دەدەم، نمرەیان لێ دەشکێنم، بە ڕوویاندا پێدەکەنم، خۆمیان لێ سوور دەکەمەوە، خەڵاتیان دەکەم، هەروەها ڕسوایان دەکەم، دەکرێت مافەکان بەبێ هیچ هۆیەك بدرێن یان ڕابگیرێن، چونکە لە خوێندنگەدا مافەکان بوونیان نییە- مافی ئازادی ڕادەربڕینیش نییە، وەك دادگای باڵا وتوویەتی- مەگەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی خوێندنگە بڵێن بوونیان هەیە. وەك مامۆستا، من دەست لە زۆرێك لە بڕیارە کەسییەکان وەردەدەم، ئەوانەی بە گونجاویان دەزانم بەڵێ وەردەگرن، ئەوانەیش کە هەڕەشە لە جڵەوی من دەکەن ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. هەستی تاکبوون لە ناخی منداڵان و لاواندا بەهێزە و زووزوو سەردەردێنێت، هەربۆیە دەبێت داوەرییەکانم خێرا و قورس بن. تاکبوون پێچەوانەی بیردۆزی پۆلە، نەفرەتێکە بۆ هەموو سیستەمەکانی پۆلێنکردن.

ئەو لەبری مامۆستاکانی تر نموونەی خۆی دێنێتەوە کە چۆن وەکوو مامۆستایەك فێرخوازەکانی فێری فزووڵی نەکردووە و تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیارکراودا وانەی وتووەتەوە و فێری بیرکردنەوەیانی نەکردووە! لەوبارەیەوە دانیپێدا دەنێت و دەڵێت: (کونجکۆڵی پێگەیەکی گرنگی لە کاری مندا نییە، تەنها شوێنکەوتنم دەوێت). گاتۆ پێیوایە خوێندنگە باری سەرشانی فێرخواز قورس و گران دەکات بێ ئەوەی سوودێکی ئەوتۆی لێ ببینێت بۆ نموونە لە ڕێگەی پێدانی ئەرکی ماڵەوە بە فێرخواز وایلێدێت هیچ کاتێکی بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە نەمێنێتەوە! بۆیە دەنووسێت: (من جۆرێکی درێژکراوەی مەکتەباندن بەناوی «ئەرکی ماڵەوە« بەکاردەهێنم، تاکوو کاریگەری چاودێرییەکە بچێتە ناو ماڵەکانیشەوە، چونکە ئەگەر وا نەکەم بۆی هەیە خوێندکارەکان ئەو کاتە بەتاڵە بۆ فێربوونی شتێك لە دایك و باوکەوە فێر ببن، یان بگرە لە ڕێگەی گەڕانەوە، یانیش لە ڕێگەی هاوڕێیەتیکردن و بەردەستیکردنی کەسێکی دانای گەڕەکەوە فێری هونەرێك ببن. هەر خوێندکارێك دەستی بەتاڵ بوو، بۆی هەیە بێوەفایی بەرانبەر بیرۆکەی مەکتەباندن بکات، هەربۆیە دەبێت بە ئەرکی ماڵەوە دەستی بگیرێت).

گاتۆ ئەزموونی خۆی وەکوو مامۆستایەك کە لە خوێندنگەدا وانەی وتووەتەوە ئاماژە پێ دەکات و دەنووسێت: (لە ماوەی سی ساڵی مامۆستایەتیمدا تێبینیی دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشم کردووە: خوێندنگە و مەکتەباندن هەتا دێت لە بابەت و کارە گرنگەکانی ژیان دووردەکەونەوە. چیتر کەس باوەڕی بەوە نییە زاناکان لە وانەکانی زانستەوە فێر بووبن، سیاسییەکان لە وانەکانی سیاسەت و شاعیرەکانیش لە وانەکانی زمانی ئینگلیزی. ڕاستییەکەی ئەوەیە خوێندنگە فێری هیچت ناکات، گوێڕایەڵیکردن و فەرمان نەبێت. ئەمە مەتەڵێکی گەورەیە بۆ من، چونکە هەزاران کەسی باش و لێهاتوو و بەسۆز لە خوێندنگەکاندا مامۆستا و یاریدەدەر و بەڕێوەبەرن، بەڵام وادیارە لۆجیکی پەتیی دامەزراوەکە بەسەر هەوڵە تاکەکەسییەکانیاندا زاڵ دەبێت. مامۆستاکان گرنگی بە خوێندکاران و فێرکردن دەدەن و خۆشیان زۆر ماندوو دەکەن، بەڵام خودی دامەزراوەکە بێڕەحمە و ویژدانی نییە. زەنگ لێ دەدات و ئەو لاوەی لە ناوەڕاستی نووسینی هۆنراوەیەکدایە، ناچارە پێنووس و تیانووسەکەی کۆبکاتەوە و بچێت بۆ وانەیەکی تر و ئەم قسەیە لەبەر بکات: مرۆڤەکان و مەیموونەکان هاوبەشییان هەیە).

بە دیدی گاتۆ خوێندنی هاوچەرخ مرۆڤێکی ملکەچ بەرهەمدەهێنێت و پێیوایە دژ بە بنەماکانی شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکییە و دەڵێت: (خوێندنگە، وەك ئەوەی بنیاتنراوە، پاڵپشتییەکی سەرەکی مۆدێلێکی ئەندازیارکردنی کۆمەڵایەتییە «ئەندازیاریکردنی کۆمەڵایەتی Social engineering بریتییە لە جڵەوکردنی خەڵك و ئاڕاستەکردنیان بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتار و ئەقڵییەتیان» کە زۆرینەی خەڵك بە بەرد گەلێکی نزم لە خوارەوەی هەڕەمێك دەزانێت؛ لوتکەی هەڕەمەکەش دەسەڵاتە ناوەندییەکەیە. خوێندنگە کەرەستەیەکە بۆ ئەوەی وای پیشانبدات هەر دەبێت هەڕەمێکی کۆمەڵایەتی لەو شێوەیە هەبێت، لەکاتێکدا ئەوە بە تەواوەتی پێچەوانەی ڕۆحییەتی شۆڕشی ئەمریکییە. لە ڕۆژانی ئیستعمارەوە تاوەکوو ماوەی کۆماریش شتێکمان نەبوو بەناوی خوێندنگە- ژیاننامەی خۆنووسی بێنجامین فرانکلین بخوێنەرەوە، تا نموونەی پیاوێك ببینیت کە هیچ کاتێکی نەبووە لە خوێندنگەدا بەفیڕۆی بدات- کەچی پەیمانی دیموکراسیش جێبەجێ دەبوو. ئێمە خەونی فیرعەونی میسری دێرینمان هەڵگرتەوە و پشتمانکردە ئەو پەیمانە؛ ئەو خەونە میسرییەی داوای

ملکەچکردنی تەواوی کۆمەڵگە دەکات)، (ئەوەی لە ئەمریکا یەخەی پەروەردەی گرتووە بیردۆزێکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتییە، کە دەڵێت یەك ڕێگەی ڕاست هەیە بۆ گەورەبوون. ئەوە بیرۆکەیەکی کۆنی میسڕییە و هێماکەی هەڕەمێکە چاوێك لە لوتکەکەیدایە، ئەو هەڕەمەی لە دیوەکەی تری دۆلارەوەیە. هەمووان بەردێکن و جێگەیان لە هەڕەمەکەدا دیاریکراوە. ئەم بیردۆزە بەشێوەی جیاواز پێشکەشکراوە، بەڵام لە بنەوە هاواری جیهانبینی ئەو هزرانە دەکات کە تامەزرۆی جڵەوکردنی ئەوانی ترن، پەرۆشی زاڵبوون و دۆزینەوەی ستراتیژییەکانی هێشتنەوەی زاڵبوونن. گیزەی ئەو کۆمەڵگە هەنگییەی فرانسس بەیکن و هێربەرت جۆرج وێڵز پێشبینییان کردووە لە ئێستادا هاتووەتە دی).

هەروەها پێیوایە چۆن لە سەدەکانی ناوەڕاست کەنیسە مرۆڤەکانی لە بیرکردنەوە دەخست خوێندنگەی هاوچەرخیش بۆ فێرخوازەکان هەمان شت دەکات و دەنووسێت: (لە کۆمەڵگەی سێکۆلاری ئێمەدا، خوێندنگە بووە بە جێگرەوەی کەنیسە، هەروەك کەنیسەش داوا دەکات باوەڕ بە پەیامەکانی بکرێت)، ناوبراو دەگاتە ئەو باوەڕەی خوێندنگە بە زیندان بچوێنێت بەوەی فێرخوازەکان تێیادا بەند دەکرێن نەك ئازاد بن و دەڵێت: (خوێندنگە زیندانێکی دوازدە ساڵییە، تیایدا خووە خراپەکان تاکە بابەتن منداڵ بەتەواوەتی فێریان ببێت. من منداڵەکان دەمەکتەبێنم و خەڵاتی لەسەر دەبەمەوە، بۆیە چاك دەزانم).

ئەو پێی وایە نابێت لەبری پەروەدە و خوێندن پارە وەربگیرێت، چونکە ئەگەر ئەوە کرا کەواتە مەبەستێکی دیکە لە پشت ئەو خوێندنەوەیە، بۆ پاڵپشتی قسەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی یۆنان و نموونەی سوکراتی فەیلەسووف دەهێنێتەوە و دەنووسێت: (هیچ سەرسامییەك لەوەدا هەیە کە سوکرات زۆری پێ ناخۆش بوو کاتێك تۆمەتباریانکرد بەوەی بە پارە وانەی گوتبێتەوە؟ تەنانەت ئەوکاتیش، فەیلەسووفان دەیانزانی بە پیشەییکردنی پرۆسەی فێرکردن ئەرکی سەرەکی فێرکردن لەناو دەبات، کە لە کۆمەڵگەیەکی تەندرووستدا بۆ هەمووان بەردەستە)، (ئەوەی وانەگوتنەوە لە بەرانبەر پارەدا ڕێگە بۆ دامەزراوەیەك خۆش دەکات ئامانجی پاراستنی مامۆستایان بێت نەك خوێندکاران- وای لە سوکرات کرد زۆر بە توندی سەرکۆنەی سۆفستاییەکان بکات)، (خوێندنی بە کۆمەڵ منداڵان وێران دەکات. ئێمە لەوە زیاتر پێویستمان پێی

نییە. هەروەك سوكراتیش پێشبینی كردبوو، بەناوی پەروەردەوە گیرفانمان دەدڕێ. یەكێك لە ڕێگە دڵنیاكانی ناسینەوەی پەروەردەی ڕاستەقینە ئەوەیە زۆری تێناچێت، پشت بە كەرەستەی گران نابەستێت. ئەو ئەزموونانەی پەروەردە دروست دەكەن و ئەو خودهۆشیارییەی هانی دەدات بەخۆڕایین. پارە پەیداكردن بە پەروەردەی ڕاستەقینە گرانە، بەڵام خوێندنگە بازرگانییەكی نایابە و هەتا دێتیش ڕەونەقدارتر دەبێت)، گاتۆ ئەوەی لە خوێندنگەدا دەگوزەرێت ناودەنێت بازرگانی نەك پەوەردە! بۆیە دەڵێت: (ئەو بازرگانییەی ناومان ناوە «پەروەردە»).

گاتۆ لە ٣١ی ١ی ١٩٩٠ وتارێك بەناوی «خوێندنگەی بێڕەحم» بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی مامۆستای ساڵی نیۆرك سیتی پێشكەش دەكات، لە وتارەكەیدا دەڵێت: (بە نوێنەرایەتی هەموو ئەو مامۆستا باشانەی بە درێژایی ئەم ساڵانە ناسیومن و كۆششیان كردووە تاوەكو مامەڵەكانیان لەگەڵ منداڵاندا بەڕێزانە بێت، ئەو ژن و پیاوانەی هەرگیز ملكەچ نەبوون، هەمیشە پرسیاریان كردووە، هەمیشە هەوڵیانداوە لە مانای «پەروەردە« ورد ببنەوە؛ بە نوێنەرایەتی هەموویان ئەم خەڵاتە قەبووڵ دەكەم. ئەو كەسەی وەك مامۆستای ساڵ باشترین مامۆستای ساڵ نییە « باشترین مامۆستاكان زۆر لەوە بێدەنگترن ئاوا بە ئاسانی بدۆزرێنەوە«، بەڵكوو هەڵگری ستانداردێكە، نوێنەری ئەو كەسانەیە بەشێوەیەكی تایبەت ژیانیان دەخەنە خزمەتی منداڵانەوە. ئەمە خەڵاتی ئەوان و منە).

گاتۆ لەگەڵ ئەوە نییە خوێندنگە وڵاتەكەی پێش خستبێت و كێشەكانی كەمكردبێتەوە، ئەو چەند زانیارییەك دەخاتەڕوو كە ئەمریكا گیرۆدەی بووە و دەڵێت: (لە سەردەمی ئێمەدا، قەیرانێكی گەورەی خوێندنگەیی لە قەیرانێكی گەورەتری كۆمەڵایەتییەوە ئاڵاوە. لە ڕیزبەندیی ١٩ وڵاتی پیشەسازیدا، وڵاتەكەی ئێمە لە خوێندنەوە، نووسین، هەروەها حسابدا كۆتاییە. پشتی ئابووری جیهانی ماددەی هۆشبەر بە بەكارهێنانی ئێمە قایمە؛ ئەگەر ئەوەندە دەرمانی هۆشبەرمان نەكڕیایە، بازرگانی ماددەی هۆشبەر دادەڕما- خوێندنگەكانیش بەرهەمهێنەرێكی باشی كڕیارن. ڕێژەی خۆكوشتنی لاوانمان لە هەموو جێیەكی تر بەرزترە، زۆرینەی كاتیش ئەو منداڵانەی خەیاڵی كوشتن دەكەن لە خانەوادە دەوڵەمەندەكانن، نەك هەژارەكان، لە مانهاتن، سەدا ٧٥ی هاوسەرگیرییە نوێیەكان بەجیابوونەوە تەواو دەبن. دەی كەوایە كێشەیەك

هەیە)، (بیر لەو دیاردانە بکەرەوە کە دەستیان لە بینەقاقای نەتەوەکەمان گیر کردووە: ماددەی هۆشبەر، ڕکابەریی بێمێشکانە، سێکس لەبەر چێژ، پۆرنۆگرافیی توندوتیژی، قومار، هەروەها کحول، لە هەمووشی خراپتر، سەرفکردنی ژیان لە کڕینی شتدا، واتە کۆکردنەوەی کاڵا وەك فەلسەفەیەکی ژیان. هەموو ئەمانە ئالوودەبوونەکانی کەسانێکی پشتبەخۆنەبەستووە، شێوازی خوێندنی ئێمەیش ئەمانە بەرهەم دەهێنێت)

لەوانەیە پرسیاری ئەوە درووستببێت جێگرەوەی گاتۆ چییە بۆ پەروەدە و فێربوونی مرۆڤەکان لە ڕاستیدا ئەو «بزاڤی ماڵپەروەردە« بە دروست و گونجاو دەزانێت بۆ پەروەردە و فێربوون و دەڵێت: (بزاڤی ماڵپەروەردە « ماڵپەروەردە یان فێرکردن لە ماڵەوە homeschooling بریتییە لە فێرکرنی منداڵ لە ماڵەوە« گەشەی کردووە و ئێستا « گاتۆ ساڵی ١٩٩٠ ئەمەی نووسیووە« یەك ملیۆن و نیو خوێندکار لە لایەن دایك و باوکیانەوە فێر دەکرێن؛ مانگی ڕابردوو ڕاگەیاندنی پەروەردە ڕایگەیاند ئەو منداڵانەی لە ماڵەوە فێر دەکرێن، بەراورد بەوانەی لە خوێندنی فەرمیدان، لە توانای بیرکردنەوەدا پێنج یاخود تەنانەت دە ساڵ لە پێشەوەن).

گاتۆ پێیوایە قوتابخانە و خوێندنگە مرۆڤەکان پەروەردە و فێرناکات، بەڵکوو فێری «مەکتەباندن»یان دەکات، لە شوێنێکدا دەنووسێت: (زۆرینەی منداڵەکانمان پەروەردە ناکرێن، بەڵام دەمەکتەبێندرێن)، ، واتە هەر فێری ئەوە دەبن بچنە خوێندنگە و هیچیتر! بۆیە دەڵێت: (پێموانییە بەمزووانە لە خوێندنگە ڕزگارمان بێت، لانیکەم لە ماوەی ژیانی مندا ئەوە ڕوونادات، بەڵام ئەگەر بمانەوێت قەیرانی نەزانی چارەسەر بکەین، دەبێت بزانین خوێندنگە لە «مەکتەباندن»دا باشە و لە فێرکردن و پەروەردەدا خراپ؛ ئەوە دیزانینی بنەڕەتی و نەگۆڕی خوێندنگەیە. خەتاکە لە ئەستۆی مامۆستای خراپ، یان پارەی کەمدا نییە. بابەتەکە ئەوەیە فێربوون و پەروەردە لەگەڵ مەکتەباندندا کۆنابنەوە. هۆرەیس مان، بێرنارد سێرز و هارپەری زانکۆی شیکاگۆ، هەروەها سۆرندایکی کۆلێجی مامۆستایانی کۆڵۆمبیا و هەندێك پیاوی تر خوێندنگەیان دروست کرد، بۆئەوەی وەك کەرەستەیەك بۆ بەڕێوەبەردنی زانستی کۆمەڵگە بەکاری بهێنن. لە ڕێگەی کۆمەڵێك هاوکێشەوە، ئامانجی خوێندنگەکان بریتییە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك مرۆڤی ئامادە و لێکچوو کە ڕەفتاریان پێشبینی دەکرێت و جڵەو دەکرێت)، هەروەها پێیوایە خوێندنگە مرۆڤێکی ئامێرییانە

بەرهەمدەهێنێت کە هیچ گۆڕانکارییەك لە دونیابینی و بیرکردنەوەیەدا ڕوونادات، لەوبارەوە دەنووسێت: (دەتوانیت ژیانی خەڵکی بە پەروەردەی ئامێرییانە جڵەو بکەیت، بەڵام ئەوانیش بە چەکی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامت دەدەنەوە: ماددەی هۆشبەر، توندوتیژی، خۆوێرانکردن، گوێپێنەدان).

ئەو بۆ پاڵپشتی قسەکانی بۆچوونی فەیلەسووفی ئینگلیزی (بێرتراند ڕاسل) ی بە نموونە هێناوەتەوە لەسەر خوێندنگەی ئەمریکی و دەڵێت: (بێرتراند ڕاسڵی گەورە بیرکاریزان و فەیلەسووف، کە پەیوەندییەکی نزیکیشی لەگەڵ شای ئینگلتەرادا هەبوو، باوەڕی وابوو خوێندنی «مەکتەباندنی» بە کۆمەڵی ئەمریکا پرۆسەیەکی دژەدیموکراسییە، هەروەها کەرەستەیەکە بۆ درووستکردنی یەکێتییەکی دەستکردی نەتەوەیی لە ڕێگەی لابردنی هەمەجۆریی مرۆیی و لابردنی ئەو یەکەیەی هەمەجۆری درووست دەکات: خانەوادە. بەگوتەی لۆرد ڕاسڵ، خوێندنی بە کۆمەڵ خوێندکارێکی دیاریکراوی ئەمریکی بەرهەم دەهێنا: دژەفکر، خورافی، خاڵی لە متمانەبەخۆبوون، هەروەها خاڵی لەوەی ڕاسڵ پێی دەگوت «ئازادیی دەروونی». ئەو پێیوابوو خوێندکارانی ئەمریکا لەم سیفەتانەدا لە هەموو نەتەوەکانی تر خراپترن. ئەم خوێندکارانە دەبوون بە هاوڵاتی و کەسایەتییەکی ئەوتۆیان نەدەبوو، ڕقیان لە لێهاتوویی و جوانی دەبوویەوە، هەروەها لە قەیرانە کەسییەکانی ژیانیاندا بێدەسەڵات دەمانەوە).

گاتۆ پێیوایە (میتۆدی پەروەردەی ئەمریکی خوێندکاران تێدەگەیەنێت ئەوان ئامێرن. زەنگەکان لێ دەدرێت، پەردەکان دادەدرێنەوە و بەرز دەکرێنەوە، چۆنیەتی کەمکراوەتەوە بۆ چەندییێتی و سیستەمێکی ژمارەیی، هەروەها بەرنامەیەك جێبەجێ دەکرێت تیایدا پارچەکانی ئامێرەکان هیچ نین. ئۆکتاڤیۆ پازی مەکسیکی، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ١٩٩٠ی ئەدەبیات، سەبارەت بە خوێندنگەکانمان دەڵێت: «لە سیستەمی خوێندنی ئەمریکای باکووردا پیاوان و ژنان هەر لە منداڵییەوە دەخرێنە بەردەم پرۆسەیەکی بێڕەحم. ڕاگەیاندنەکان، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، کەنیسە، بەتایبەت خوێندنگەکان بەردەوام هەندێك بنەما لە شێوەی هاوکێشەی کورتدا دووپات دەکەنەوە. ئەو پیاوەی گیرۆدەی ئەم بنەمایانەیە وەك ئەوەیە ڕووەکێك بێت لە ئینجانەیەکی زۆر بچووکدا. ئەو گوڵە ناتوانێت گەشە بکات. ئەم پلانگێڕییە

به سرووشتی خۆی هاندەری یاخیبوونی توندوتیژیی تاکە«. ئێمە ناتوانین گەشە بکەین و پێ بگەین، هەروەك ئەوەی ڕووەکی ناو ئینجانەیەکی زۆر بچووك بین. ئێمە ئالوودەی پشتبەستنین بەوانی تر؛ لە قەیرانی پێگەیشتندا، کە ئێستا یەخەمانی گرتووە، چاوەڕێین مامۆستایان بێن پێمان بڵێن چی بکەین، بەڵام مامۆستا هەرگیز نایەت. پردەکان دەڕمێن، ژنان و پیاوان لەسەر شەقامەکان دەخەون، بانکەوانەکان فێڵ دەکەن، ڕۆژە باشەکان تێدەپەڕن، خانەوادەکان ناپاکی لە یەکتری دەکەن، هەروەها حکومەتەکان درۆیان کردووە بە پیشە- گەندەڵی، شەرمەزاری، نەخۆشی، هەروەها عەوامپەسەندی لە هەموو جێگەیەکن. هیچ خوێندنگەیەك بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرێکی خێرا پێ نییە).

گاتۆ پێش ئەوەی ببێت بە مامۆستا کاری دەکرد و کێشەی پارەی نەبووە، بەڵام ساڵی ١٩٦٤ واز لە کارەکەی دەهێنێت بۆئەوەی ببێتە مامۆستا، کاتێك بە سەرپەرشتیاری کارەکەی ڕادەگەیەنێت کە دەیەوێت واز بهێنێت و ببێتە مامۆستا، سەرپەرشتیارەکەی داوای لێدەکات نەڕوات و هەرچی پێشنیارێکی هەبێت بۆی دابین دەکەن، سەرپەرشتیارەکەی پێی دەڵێت: (لەپێناو کوێدا ئێرە بەجێدەهێڵێت؟) گاتۆش دەڵێت: (دەبم بە مامۆستای ناوەندی)، سەرپەرشتیارەکەش پێی دەڵێت: (ئەمجارەیان دایکتت بینی، پێی بڵێ گەمژەیەکی بەخێوکردووە، ئەی هاوار! پەشیمان دەبیتەوە! لە نیۆرك سیتی خوێندنگەمان نییە؛ بەڵکو زیندانی ڕۆحە ونبووەکانمان هەیە. وانەگوتنەوە فرتوفێڵە، پڕۆژەیەکە بۆ ئەو دۆڕاوانەی ناتوانن هیچی تر ئەنجام بدەن!).

هەرچۆنێك بێت گاتۆ بڕیاری خۆی دەدات و دەبێتە مامۆستای جێگرەوەی قۆناغی ناوەندی و هەر لە سەرەتای مامۆستایەتییەوە نائومێدییەکانی لە خوێندنگەی هاوچەرخدا بۆ ئاشکرا دەبێت و دەڵێت: (پاش سێ مانگ لە وانەوتنەوە لە هەلومەرجی زۆر ناخۆشدا، لە ژوورە ناشرینەکاندا، لەگەڵ کتێبە دڕاوەکاندا، لەگەڵ گلەییە بەردەوامەکانی بەڕێوبەراندا، لەگەڵ زەنگ و خواردنی بێتامی مامۆستایان لە کافتریا، بە جلوبەرگی چرچەوە، لەگەڵ نەبیستنی تاکە گفتوگۆیەکی مامۆستایان لەسەر خوێندکاران «تا ئەمڕۆش، پاش سی ساڵ لە مامۆستایەتی، تاقە جارێك نەمبیست لە ژووری مامۆستایاندا گفتوگۆیەکی درێژ لەسەر منداڵان، یان بیردۆزەکانی فێرکردن

بکرێت» تەواو ماندووبووم و ئامادەبووم واز بهێنم).

بەلای گاتۆوە مرۆڤ بۆئەوەی پەروەردە و فێرببێت پێویستی بە مامۆستای فەرمی خوێندنگە نییە، نەك هەر ئەوە، بەڵکوو مامۆستای فەرمی بە گرفتێکی گەورە دەزانێت! لەوبارەوە دەڵێت: (بۆ ئەو کەسانەتان کە تا ئێستا نەتانبیستووە بۆئەوەی پەروەردە و خوێندنێکی باشتان دەستبکەوێت پێویستتان بە مامۆستای فەرمی ناو خوێندنگەی فەرمی نییە)، (بەلای منی مامۆستاوە خوێندنگەکان ئێستایش هۆکارێکی سەرەکی خانەوادە و کۆمەڵە لاوازەکانن. ئەوان دایکان و باوکان لە منداڵەکان دوور دەخەنەوە و ناهێڵن کونجکۆڵی ڕاستەقینەیان سەبارەت بە ژیانی یەکتر هەبێت. خوێندنگە ڕەسەنایەتی خانەوادە دەخنکێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو کاتە دەدزێت کە بۆ گەشەسەندنی خانەوادە پێویستە. وەك ئەوەیە کەسێکی بەدخوو کۆمەڵێك وێنە لە ناوەندی شۆردنەوەدا دەربهێنێت و دواییش بڵێت وێنەگرەکە بێتوانایە. ماوەیەك لەمەوبەر سیناتۆرێکی ماساچوسێستی گوتی لە ویلایەتەکەی ئەو ڕێژەی خوێندەواریی پێش خوێندنی زۆرەملێ لە هی پاشی بەرزترە. خوێندنگەکان دەمێکە گەیشتوون بە لوتکەی خۆیان، کەوایە خوێندنگەی «زیاتر» شتەکان خراپتر دەکات)، گاتۆ دەڵێت: (بەڵگەی زۆرمان لەبەردەستدایە گەیشتنی کەسێك بە خوێندەواریی و بوون بە مامۆستای خۆی سەد کاتژمێر کەمتری دەوێت. با فێڵە ترسێنەرەکان بایی ئەوە نەتترسێنن منداڵەکەت پێشکەشی شارەزاکان بکەیت)، (بە بۆچوونی من، دەبێت تا زووە وانەگوتنەوە پێویستی بە مۆڵەت نەبێت. ئەوەی کە گوایە بۆ فێرکردن پێویستە کەسانێکی مۆڵەتداری وەك من هەبن فێڵ و دەستبڕینە. سەیری دەوروبەرت بکە: ئەنجامی کۆلێژەکانی مۆڵەتدان بە مامۆستا لە خوێندنگەکاندایە).

(پەروەردە هەرچی بێت، دەبێت بتکات بە مرۆڤێکی تاقانە، نەك لاساییکەرەوەیەك؛ دەبێت ڕۆحیەتێکی ڕەسەنت بداتێ بتوانیت ئاڵنگارییە سەختەکان ببەزێنیت؛ دەبێت بەهاگەلێکت پێ ببەخشێت لە گەشتی ژیانتدا ڕێیان پێ بدۆزیتەوە؛ دەبێت لەڕووی مەعنەوییەوە دەوڵەمەندت بکات، بتکات بە کەسێك حەز بەوە بکەیت کە ئەنجامی دەدەیت، لە هەر کوێ و لەگەڵ هەر کێ بوویت ئاسوودە بیت؛ دەبێت شتە گرنگەکانت فێر بکات: چۆن بژیت و چۆن بمریت)، بەلای گاتۆوە خوێندنگە ئەمانە ناکات، بەڵکوو پێچەوانەکەی دەکات!

گاتۆ لەو باوەڕەدا نییە بەناوی چاکسازی و گۆڕانکارییەوە باری لاری خوێندنگەمان بۆ ڕاستبکرێتەوە، چونکە لە بنەمادا خوێندنگە ئامانجی ئەوە نییە مرۆڤی بیرکەرەوە و ڕۆشنبیرت بۆ پەروەردە بکات! بۆیە دەڵێت: (هیچ چاکسازییەك كارێك ناكات خوێندنگە چاك بێت و كەسی ڕۆشنبیرت بۆ پەروەردە بکات؛ پەروەردە و مەکتەباندن پێکەوە ناگونجێن. لە ساڵی ١٩٣٠، شەست ساڵ لەمەوبەر « مەبەست ساڵی ئەم نووسینەیە کە ساڵی ١٩٩٠ دەکات»، تۆماس بریگز، لە وانەیەكی هارڤارد گوتی: «گەورەترین وەبەرهێنانی نەتەوە لە خوێندنی ناوەندیدا هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبووە«، پاش دوو دەیە، لە ساڵی ١٩٥١، لێكۆڵینەوەیەك لە ٣٠٠٠٠ خوێندكاری لۆس ئەنجلسی دەریخست سەدا ٧٥ی خوێندکارانی پۆلی هەشت ناتوانن لەسەر نەخشە زەریای ئەتڵاتیك بدۆزنەوە، هەروەها زۆرینەیان ناتوانن سەدا پەنجای ٣٦ دەربهێنن. لە ئەزموونی خۆمەوە، لێم ڕوونە دۆخەکە لە ئەمڕۆدا باشتر نییە).

وانەیەکی پەروەردەیی لە چیرۆکی
مامۆستا گاتۆ و مێلاگرۆسی فێرخوازەوە

گاتۆ دەبێتە مامۆستای پۆلێك وەکوو خۆی باسی دەکات هەموو فێرخوازەکانی ئاستیان لاواز و نزم بووە لە خوێندنەوەدا، بە جۆرێك كەسیان نەیانتوانیوە بەبێ وەستان و بە جوانی پێنج وشە بەسەریەکەوە بخوێننەوە، تەنیا کچێکی فێرخواز نەبێت بەناوی «مێلاگرۆس» کە بەبێ هەڵە توانیویەتی بخوێنێتەوە، ئەمەش سەرنجی مامۆستا گاتۆی ڕاکێشاوە و دوای وانەکە بانگی مێلاگرۆس دەکات، بزانێت بۆچی خراوەتە ئەم پۆلی خراپخوێنەرانەوە. مێلاگرۆس پێی دەڵێت بەڕێوبەری قوتابخانە نایەڵێت و بە دایکیان وتووە مێلاگرۆس خوێنەرێکی خراپە! دوای ئەوەی مامۆستا گاتۆ چەند تێکستێکی تر بە مێلاگرۆس دەخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت خوێنەرێکی هەر زۆرباشە! ئیدی لێرەوە مامۆستا گاتۆ دەکەوێتە تێرامان و بەدواداچوون دەبێتە فریادڕەسی مێلاگرۆس و دەچێتە لای خاتوو «هێفەرمان»ی بەڕێوەبەر و چیرۆکەکەی مێلاگرۆسی بۆ دەگێڕێتەوە، بۆئەوەی بیخاتە پۆلێکی تر، بەڵام وەکوو مامۆستا گاتۆ دەیگێڕێتەوە نەیدەزانی «داواکردنی گواستنەوەی مێلاگرۆس بۆ پۆلێکی باشتر پەنجەکردنە بە شانەی هەنگدا». کاتێك مامۆستا گاتۆ دەچێتە لای بەڕێوبەر و باسی مێلاگرۆسی بۆ دەکات بەڕێوبەر بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوە:




(تۆ زۆر خۆت بە شت دەزانیت بەڕێز گاتۆ. هەتا ئێستا بیرم نایەت مامۆستایەکی جێگرەوە پێی گوتبێتم چۆن خوێندنگەکەم بەڕێوە ببەم)، پاش بەردەوامی گفتوگۆی نێوان مامۆستا گاتۆ و بەڕێوبەر کە گاتۆ باس لە توانای خوێندنەوەی مێلاگرۆس دەکات و بەڕێوبەریش هەر گومان دەکات و پێیوا نییە مێلاگرۆس وا بێت، لەوانەیە فێڵ بکات و هەریەك چیرۆکی لەبەر کردووە و دەیخوێنێتەوە! مشتومڕەکە دەگاتە ئەوەی خاتوو «هێفەرمان»ی بەڕێوەبەر بانگی مێلاگرۆسی قوتابی دەکات و چەند چیرۆکێکی پێ دەخوێنێتەوە دوای تاقیکردنەوەکە و بۆ ڕۆژی دوایی پێش کرانەوەی دەرگای خوێندنگە خاتوو «هێفەرمان»ی بەڕێوەبەر مامۆستا گاتۆ دەبینێت و پێی دەڵێت: (وادیارە سەبارەت بە مێلاگرۆس هەڵە بووین. دەخرێتە پۆلێکی تر بەڕێز گاتۆ. دایکی ئاگادارکراوەتەوە).


مامۆستا گاتۆ دەڵێت: (پاش چەند حەفتەیەك، کاتێك وەکوو مامۆستای جێگرەوە لەوێ بووم، مێلاگرۆس هات و گووتی ئێستا لە پۆلی خوێندنەوەی خێرادایە و دۆخیشی زۆرباشە. کارتێکی مۆرکراویشی پێمدا. کاتێك شەو گەڕامەوە ماڵەوە، دەرمهێنا لە گیرفانم و کردمەوە؛ کارتێکی درەوشاوەی ڕۆژی لەدایکبوون بوو، گوڵی شینی لەسەر بوو. کاتێك کارتەکەم کردەوە، لەناویدا نووسرابوو، «دۆزینەوەی مامۆستایەکی وەکوو تۆ ئەستەمە، بە واژووی مێلاگرۆسی خوێندکارت». ئەو ڕستە سادەیە منی کرد بە مامۆستایەك بە درێژایی ژیان. ئەوە یەکەمین ستایشی ڕاستەقینە بوو لە ماوەی کارکردنمدا پێم بەخشرا بێت و مانای هەبووبێت. هەرگیز لەبیرم نەکرد، لەکاتێکدا هەرگیز مێلاگرۆسم نەبینییەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا، پاش ٢٤ ساڵ، هەواڵێکم سەبارەت بەو بیست. ڕۆژێکیان ڕۆژنامەیەکم هەڵگرت و خوێندمەوە:


خەڵاتی پیشەیی مامۆستا


«مێلاگرۆس م. یەکێتی مامۆستایان، بووە بە براوەی خەڵاتی تایبەتی مامۆستای پیشەیی بۆ خوێندنی حکومی بەبۆنەی ئەوەی ئاستێکی بەرزی پێشانداوە و لە پیشەییبووندا نموونەیی بووە. خاتوو مێلاگرۆسی مامۆستای خوێندنە سکرتێرییەکان لە ئامادەیی نۆرمان تۆماسی نیویۆرك سیتی، کە هەر لەوێش دەرچووە، وەکوو باشترین مامۆستای مانهاتن بۆ ساڵی ١٩٨٥ هەڵبژێردراوە و ساڵی دواتریش لە لایەن کونسوڵی نەتەوەیی ژنانەوە بۆ خەڵاتی ژنی بەویژدان پاڵێوراوە«).


پیکلام














کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی د نەجات عەبدوڵا بڵاوکرانەوە

نوێترین چاپکراوەکانی ڕێکخراوی خاڵ

